# گەڕان بە دوای باپیرەمدا

نووسینی: ئارتۆ پائاسیلنتا

ڕۆمان

وەرگێڕ: ئـەمیر قـــازی

سوئید ٢٠١٨

# 1

پاش نیوەڕۆی رۆژ کە لە ناو شار را دەگەڕامەوە، هەر لە پێشخانەی ماڵ را بۆم دەرکەوت کەناخۆشە شتێکی تایبەتی بۆ ئێمە هاتۆتە پێش. نەنکم "لێتیتیا" " وێیسینن" لە متبەخی ماڵێ را نەڕەی دەهات. دایکم "ئۆڕوککی"، بە گریان سوور هەڵگەڕابوو. خوشکەکانم " سێگنە" و رایلی" لە ترسان مات ببوون و گوێیاندابووە گرمەی نەنکم.
هەمووی ئەمانە لەبەر ئەوە بوو کە باپیرم،"ویرنێری وێیسینن" خاوەنی کارگەی چەرم لە ماڵ رایکردبوو.
لە ئەوتۆ کاتیکدا ئەوەی کە بە مێشکم داهات ئەمەبوو کە پێدەز بکەم بۆ دەرەوە وەک باپیرم خۆم ون کەم. لەسەرڕا خەریک بووم بارانیەکەم لەبەر کەمەوە و بە دەروازەدا کە جارێ هەر ئاواڵە بوو بۆی دەرچم کەچی بیندرام و فەرمانی وەرە ژوورەوەم پێدرا.
ـ ئەتۆش خەریکی راکەی؟ نەنکم بە سەریدا نەڕڕاندم، ناچارمام پەیوەست بم بە ژنگەلی متبەخەوە.
نەنکی من لێتیتیا وێیسینن فەرمانرەوای ماڵە و کەسایەتێکی توندوتیژ. لە ساڵەکانی پڕ ئاڵوگۆڕی دەیان ساڵە را نەنکم خۆی کردوە بە سەرپەستی ماڵ بەبێ ئەوەکە پرسوڕای دەگەڵ کەس کردبێ هەروا لەخۆڕا بوە بە بەڕێوەبەری چارەنووسی ئێمە.
نەنکم پڕانی رۆژ لە "رۆبە" رەنگ بزڕکاوە کەی حەمامی خۆیدا لە متبەخێ دادەنیشێ و ئەوێی کردوە بە ناوەندی فەرماندەیی خۆی،

لەوێڕا نەزم و تەرتیب بەڕێوە دەچێ لەوێڕایە داد و هاوار دەگاتە هەموو ژوورەکانی ماڵ لە خوار و لەسەر جاچ هەڕەشە بێ و چ ئەوامیری دیکە. من هەرگیز جەرگ و دڵی ئەوەم نەبوە کە دژایەتێکم لە بەرامبەر زۆرداریی نەنکم نواند بێ، و هیچ کەسێکی دیکەش لە بنەماڵەدا نەبوە کە توانیبێتی نارەزایەتی لە خۆڕا بنوێنی جا با هەشی بوو بێ.

بەم چەشنە ئێستا ئیدی باهۆزی هەوا لە ماڵدا هەڵی کردبوو کە باپیر لە دەست خاتو لێتیتیا راپسکا بوو و لە پێگەی نیزامی ئەم ڕای کرد بوو، هەڵبەت ئەمە یەکە جاریش نەبوو، پێشتر هەر لە دەورانی شەڕی ناوخۆیی ساڵی ١٩١٨دا باپیر کەڵکی لە هەل وەرگرتوە و خۆی لە داوی نەنکم رەها کردووە. وێڕنیری و لێتیتیا لە پێش ئەوەدا کە شەڕەکە دەست پێ بکات بوونەتە دەسگیران. دەگەڵ ئەمەش کە هەر لەو کاتانەوەڕا گراویی جحێڵ و لە خۆڕازی ویستویەتی بڕیاردەر بێ و لە هەوڵی ئەمە دابوە دەسگیرانەکەی لەمەترسی تووشی مەیدانی شەڕ هاتن بپارێزی. پاشتریش هەروەها لە شەڕە خوێناویەکانی " تامرفۆش "یشداکە شکستیان هێنابوو، هەرلەوی وێڕا دەگەڵ گشتە خەڵکێکی دیکە لە سوورەکان رای کردوتە "پێترۆگراد" و لە پاش هاتوچۆیەکی زۆر لەوێڕا گەیشتۆتە دەستە سەربازەکانی "موور مانس" لە دووڕگەی "کۆلا و ئارچانگلێلکس".

بۆیەچەند ساڵێکی خایاندوە تابۆی کراوەلەبەسەرهاتی شەڕی پڕ لە تە نگ وچە لە مە ڕابگەڕێتەوە ماڵ. لە پێشدا بە پاپۆڕ بۆ دووڕگەی " کۆلا" لە" ئیسلاند" و لەوێڕا بۆ ئۆردوگای"رێپاتری رینگ" لە رۆژهەلاتی" ویلینگێ" لە نیزیک " هێلسێنکی ".

کاتێک باپیرم ئینگلیسەکان و ئۆردۆگای دەستەی " مورهانس " جێ دێڵێ و لە ویلینگێ لە ئۆردوگا ئازاد دەکرێ،ئیدی سەربەستانە وەک کەسێکی ئازاد و بەختەوەر بۆی دە کرێ لە مەیدانی " سەنات " دا پیاسەی بکات. بەڵان سەربەستیەکە درێژخایەن نابێ. لە هێلسێنکی دەکەوێتەوە بەرچەنگی لێتیتیای دەسگیرانی و دەگەڵ خۆی رەکێشی دەکا بۆ سەر سەکۆی قوربانی.

لەبەردەوامی دەورانی دوورودرێژی شەڕەکاندا، باپیرە لە پێشدا فێری پێڵاو درون دەبێ و لە پاشان خۆ فێری کاری چەرم دروویی دەکا. بە زوویی کارگەیەک پێکەوە دەنێ و کاری دەیگرێ بەشێوەیەک کە لەمەودادەستپێکی شەڕەکانی ناسراو بە شەڕی" زستانی" باپیرە، پێویست نەبوو بچێتەبەرەی شەڕەکان، هەر لە هێلسێنکی گیرداوەتەوە تا لەوێ پێڵاو وچەکمە بۆسەربازە لەخۆبوردەکان سازبکات تا لە سەرمای بێ رەزای زستان پێوو پڵیان گەرم رابگیرێ و بتوانن بۆ پارێزگاری لە وڵاتە چووکەکەی خۆیان بەرامبەری دوژمن بوەستن. گەلێک لەم سەربازە لەخۆبوردوانە بە چەکمەکانی باپیرمەوە ، وێرنێری وێئسێنن شەهید بوون.

لە ماوەی ساڵەکانی شەڕدا کارگەی باپیرم رەونەقێکی زۆری بەخۆیەوە دیت و بوو بە شەریکەیەکی ناودار کە چەرمی لە هەموو وڵاتانی باکوورەوە بۆ دەهات. ئەم کاتانە بۆگەنی چەرم و دەوادەرمانی دەباغی چەرم ماڵی ئێمەی داگرتبوو.

ساڵی ١٩٤٨ باپیر سەفەرێکی درووردرێژی دەست پێکردکە خۆی بە سەفەری تیجارەتیی ناو دەبرد و نەنکیشم خۆدزینەوەی پیدەگوت و وێش نەدەچوو ناهەقی بێت. هەرچۆن بوو بێ یەک ساڵی رەبەق باپیر

لە ماڵ و کارگەی، خۆی ون کرد. هەر حەوتووی جارێک کارتێکی پۆستی بۆ خێزانی دەنارد کە قەت هیچ ئادرێسێکیشیان پێوە نەبوو و نەشیدەنووسی چ پلان و بەرنامەیەکی بە دەستەوەیە، ئەوەندە نەبێ کە دەیگوت دادوستەد باش بەڕێوە دەچێ.

لێتیتیا هەموو جارێ دەگەڵ گەیشتنی کارتی پۆست، تووڕە دەبوو و لە دین دەردەچوو، وەک خوای شەڕ بێ بە دەنگی بڵیند دەیخوێندەوە و ئێمەی هەموو زەندەق بردوو دەکرد.

لە پێش دەسپێکی "ئۆلومپیاد" ی ساڵی ١٩٥٢ باپیر بۆ جاری سێهەم لە ماڵێ ون بوو، ئەمجاریش هەر یەک ساڵی ئازگاری پێچوو و هەرچی نەنکم هەوڵیدا سەرو سۆراغی بۆ نەکرا.

باپیرە ئەمجارەیان بۆکردنەوەی فیستیواڵی ئۆلومپیاد گەڕاوە. لە بیرمە کە تەلەفۆنی بۆ ماڵ کرد و لە منی داوا کرد بچم بۆ شوێنی فیستواڵ و گوتی بڵیتی داوەتنامەی پێدراوەکە منیش لەوێ لە تەنیشت باپیرە دانیشتم ورێوڕەسمی کرانەوەی فیستواڵەکە چاو لێبکەم. بەڵان دیداری بەشی ئاخری گەمەی ئۆلۆمپیادەکە بە ئاودا چوو، چونکە کە باپیرە هاتەوە ماڵ و تەپوتۆزی سەفەری لە خۆی تەکاند، نەیتوانی دڵی لێتیتیا بێنێتەوەجێ، هەروا گەڕاوە بۆ ستادیومی یارییەکان، بەم شێوەیە ئێمەهەڵاتنی "ئیمیل زاپۆتی" مان هەر لە رادیۆوە گوێ بیسبووین.

ـ تەماشا، کابرا لە ماڵ دەرچوە و خەریکە جارێکی دیکەش خۆ بدزێتەوە، نەنکم لە متبەخێ را مرقاندی. ئاگات لێبێ، پیرە مێرد جارێکی دیکەش خۆ نەدزێتەوە، چاوی تێبڕیم و پێی گوتم. من تێگەیشتم کە نەنکم پلانێکی بۆی هەیە و منیش بەشێک بووم لە

پلانەکە. ترس دایگرتم. من پێمخۆش بوو باپیرە ئەمجارەش رزگاری بێ، هەرچەند ترسی ئەوەم هەبوو کە ئەمجارەیان باپیرە سەرکەوتوو نەبێ، چونکە دەمدیت کە لێتیتیا بڕیاری خۆی دابوو بە هیچ شێوەیەک نەیەڵێ باپیرە دریژخایەن خۆ بدزێتەوە.

لەسەر مێزی جگارەی ژووری میوانخانەی ماڵ، باپیرم لە کوتە کاغەزێکدا نووسراوەیەکی بەجێهێشتبوو و نووسیبووی:

ـ ئەم کاتەت باش لێتیتیای خۆشەویست! ئێستا کاتی ئەوەیە کە من دوای قوڵە سەفەران کەوم. کاتی ئەوە گەیشتووە کە کۆبونەوەی سەبارەت بە کێڵگەی دەڵەک لە "سەرۆ" لە " ئوێستربۆتن" ببەسترێ و پاشانیش دەبێ تا " دانمارک" بچم کە لە دەوروبەری پایزو زستاندا بازاڕی هەڕاجی چەرم دەست پێدەکا. لەوانە سەفەرێکی لای "ئالاسکا" ش لە گۆڕێدا بێ تەنانەت بۆ "سیبریا" ش هەروەها. لە رۆژگاری ئێستادا گیروگرفت لە مەڕ پێستی سروشتی هەیە. وەک دەزانین لە وڵاتی خۆشمان ئێستا ئیدی ورچگەل لە ئاشتەواییدان و بەریان ئاواڵەیە. لە نێو سەفەراندا بە پۆستکارت ئاگامان لێکتر دەبێتەوە. زۆر ئاگاداری ئوروکیککی بە، کچەکان و " ئائەکوستی" ش هەروەها، خۆ ئەگەر " ژولیوس" دیارکەوت لە زمان منەوە زۆر لێی بپرسە. خوات دەگەڵ، بە سپاسەوە وێرنێریی خۆت!

نەنکم دەیخوێندەوە و چاوەکانی بروسکیان لێدەباری. زۆر فەرقی نەبوو دەگەڵ هونەرمەندی ناودار" ئێرۆنن" کەبەدیکلەمە شێعری "ئۆدسمێتاد" دەخوێندەوە.

ئەم ژولیوسەی کە لە نامەی باپیرمدا هاتوە باوکی منە و "ئائەکوستی" ش من خۆمم. بەڵێ، جا ژولیوس تەبعەن دەبێتە کوڕی

لێتیتیا و وێرنێری. من هەرگیز باوکی خۆم نەدیتوە، ئەم بێ سەروشوێن بوە.

# 2

باوکی من ژولیوس وێیسسنن لە زەمانی منداڵی مندا دەچێتە بەرەی شەڕەوە. وانابێ کە زووزوو بێتەوە سەردانی ئوروککی وماڵەوە و سەرئەنجام لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٤٤وە بزر دەبێ. ئەمەش قسەی ئەم کاتانەیە کە یەکێتی سوویەت بە مەبەستی داگیرکردنی "کارلیسکا" دەستی بە هێرش کردوەبۆسەر فینلاند و راست لەو کات دا باوکی من ژولیوس لە " واڵکیاساری" دەبێ کەلەوێ ئەویش وەبەر هێرشی توندوتیژی ئاگری شەڕەکان دێ.

لەبەرهەمی رووداوەکانی ئەم شەڕە لەعنەتیەدا بوو کە باوکم بێ سەروشوێن بوو، خەبەر وادێ کە ئەم وەبەر ئاگری بێ ئەمانی تۆپخانە دەکەوێ بەچەشنێک کە تەنانەت کارتی ناسنامەکەشی نادۆزرێتەوە. هێندێک لایان وابوە باوکم دەبێ بەدیل گیرابێ، ئەمەش پشتراست نەکراوەتەوە. ئەوەی کە دیار و ئاشکرایە دەرجەدار ژولیوس وئیێسنن پاش تەواو بوونی شەڕەکان نەگەڕاوەتەوەو تەنانەت کاتی گەڕانەوەی بەدیل گیراوەکانیش خەبەرێک لەم هەر نەبوو.

تەنیا کەسێکی کە لای وابوو ژولیوس نەمردووە دایکی، لێتیتیا بوو. ئەم سەرسەختانە لەو باوەڕەدا بوو کە کوڕەکەی دێتەوە، تەنانەت سەرەڕای بە مردوو ناساندنی لە دەزگاکانی حکومەتیش ڕا، دایکی قبووڵی هەر نە کرد، نامەی بە مردوو ناساندنەکەی دڕبەدڕ کرد.

بەم چەشنە بەگوێرەی باوەڕی سەپاو لە نێو بنەماڵەی وئیێسنن ژولیوس بەڕواڵەت جارێ هەر لە ژیاندایە، ئەوەندەیە لە پاش شەڕەکەش جارێ نەگەڕاوەتەوە ماڵ.
ئێمە وەک زیندووی ناو دەبەین وەک ئەوەی کە لە راستیدا زیندووە بەڵان بە هێندێک هۆوە جارێ لە ناوچەیەکی دیکەیە.
نەنکم لێتیتیا لە پاش بزربوونی باوکم تووشی ئاڵوگۆڕێکی زیاترهاتبو و هەر بە تەواوی ببوو بە کەسێکی مەترسیدار چونکە لە پێشتریشدا کەهەر ژنێکی خۆ پەسند بوە، ئێستا ئیدی لە سیمی ئاخری دابوو و پاش بزربوونی باوکم لە شەڕەکەدا توندوتیژیی بە تەواوی لە سەر زڵ ببوو.
هەلومەرجی ژیان لە ماڵی ئێمەدا تەواونیەولەسەرەوەی هەموان بارودۆخی دەرونی نەنکمە کە لە دۆخێکی خراپدایە. ئێمە زۆر بە کەمی ماڵمان خاوێن دەکەینەوە. ماڵی ئێمە لە خانووبەرەیەکی گەورەی چەند مەرتەبەدایە کە لە کارگەی باپیرە زۆر دوور نیە و ئاپارتمانێکە جێدار و پڕ ژوور کە هەموویان هەر لە چەشنی دڵ و دەرونی نەنکم قەبز و شپڕێون. دەرودیوار بە تابلۆی کۆن و بێ ناو نیشان و رەنگ بزرکاو پڕ لە دەرزو قەڵشت داپۆشراون، خۆ ئەگەر ئەم چوار چێوە نارێک و نالەبارانەش نەبان دەرودیوای رەنگ و روو نەماوی کاغەزدیواری ژوورەکان زۆر زیاتر لەڵە چاویاندەدا.
من پێمخۆشە زۆرتر هەر لە ژووری باپیرمدا بم. چونکە مۆبڵمانەکەی رەختەن و دیواریشی لە جیاتی تابلۆ، کەوڵی حەیواناتی پێوە هەڵاوەسراوە. لە ژوور کتێبخانەکەوە چەکمە و مۆدێلی چەکمە داندراون. باپیرم جارجار تۆزوخۆڵی ژوورەکەی خۆی خاوێن دەکاتەوە

ئەگەرچی ئەمیش هەرلە سەربازەکانی پێگەی نیزامی پڕ لە تۆزوخۆڵی ژێر فەرماندەیی لێتیتیا دایە.

باپیرم کەوڵە بچکە ورچێکی ئاخندراوی بۆ لەسەر کورسیە دارینەکەم داکوتاوم تا بە پێچەوانەی کورسیە دارینە منداڵانی دیکە، کورسیە دارینەی من سروشتیتر بێتە بەرچاو وپێیگوتم:

ـ رۆڵەی ژۆلیوس دەبێ ئامرازی کایەی بەراستی هەبێ  کە گەمەی پێ بکا.

لەبیرمە کە بە چ زەوق و شۆقێکەوە دەستم بە گوێچکە خڕەکانی ورچەدارینەکەم دەگرت و دەمهێنا و دەمبرد. هەموو منداڵەکانی دیکە بەخیلیان بە ورچەدارینەی من دەهات. ئەمە لەوسەروبەندەدا بوو کە باپیرم بناغەی سمێڵە پڕپشت و بابڕەکەی خۆی دادەنا.

لێتیتیا ویرنێڕی قەت کێشەی نەبوو لانی کەم من نەمبیستبوو. باپیرە هەمیشە هەر تەسلیم بوو. پێموایە نەیدەوێرا یان نەیدەویست بەرهەڵستی بداتەوە، یان لەبەر ئەمە بوو بێ کە دەیزانی بەهەرحاڵ هەر دەدۆڕێ. هەرچەند جارجار چیرۆکی جوابەجەنگی خۆی دەگەڵ لێتیتیا باس دەکرد.

جارێکیان کە بۆی گێڕامەوەکە دمبەدمە چیە و دەبێ چۆن بێ، وەها بە گەرمی و بە توندی نەڕاندی کە لێتیتیا لێمان وەژورکەوت. باپیرم دەیگوت کەوڵەکۆن، کەوڵی تەنک وگنجگنج بەتایبەتی ئەگەر کەوڵە ئاژەڵی لە بنەماڵەی مێینەش بن، کەوڵیان بەزەحمەت قالب دەگرێ. پیاو دەبێ لە خووسیان بنێ، بیانکرێنێ و لە مەنگەنەیان بدا کەچی جوانیش هەرنابن. ئەم چەشنە کەوڵانە زۆر بەکەڵک نابن. لەماوەی ئەم قسانەدا باپیرە جارجار چاوێکیشی لە هاوسەرەکەی دەکرد کە

ناقایل هەر لە "رۆب" ی بەیانەی خۆیدا لە سەر مۆبلێکی لە چەرم دانیشتبوو ونەسرەوتوو، دەست و لاقی دەبزاوتن.
ـ پێستێکی ئەوتۆ لەلای پشترا بە زەحمەت هەموار دەکرێ. پێستی بەرزگیش زەحمەتی خۆی هەیەو گنج هەر دەبێ کێشیشی نایە، پێستی پێوقول بە تایبەت لایەنی دەست، زوو بۆگەنیو دەبێ.
لەماوەی ئەم قسانەدانەنکم هەرخەریک بووپشتی خۆی دەخوراند سەر ئەنجام بە بنهەنگڵ خوراندن ژوورەکەی بەجێهێشت. باپیرم بزەیەکی هاتێ و دەستی کرد بەباسی ساز کردنی چەکمە.
من باپیرمم خۆشدەوێ. ئەم جێگەی باوکیشی بۆ گرتبوومەوە، بە ڕاست جێگەی دایکیشم هەروا. دەگەڵ ئەوەش کە تەمەنم لە سی ساڵ تێپەڕیوە جارێ بۆم نەکراوە لە ماڵ بگوێزمەوە. چونکە ژیان دەگەڵ باپیرم زۆر خۆشە، هەرچەند نەنکم هەرگیز نایەڵێ بگوێزمەوە.
ـ تۆ نابێ تاباکت نەگەڕاوەتەوەلەم ماڵەبڕۆی،لاچووبی پێتوایە چمان پێدەڵێ؟
لێتیتیا هەموو جارێ ئەمەی بەگوێ دادەدام. ژیانی تا ئەمڕۆکە ئاوا چۆتە سەر.
من هەرگیز باوکی خۆم ژولیۆسم نەدیوە، هەر وەها خوشکەکانیشم نەیاندیتوە، بۆ ئەوان قەیدی نیە، ئەوان فەرقی پێناکەن.
زیگنەی خوشکم تەمەنی ٢٠ساڵە و رەیلی ١٨ساڵ. ئەگە پیاو قبوڵی بێ کە باوکیان لە ساڵی ١٩٤٤ بێ سەروشوێن چووە، چۆن دەکرێ ئەمیان چاو پێکەوتبێ؟ ئەوان گەلێک ساڵ لە دوای ونبوونی لە دایک بوون.

دایکیشم ئوروککی هێندەی توانیبێتی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ژولیوسی خۆی کردووە، بەڵان پاش ئەوە کە هیچ بەڵگە و دیاردەیەک بۆ گەڕانەوەی بەدی نەکردووەئیدی هێدی هێدی بە ناوی ئەم، مندالی بۆپیدابوون هەر چەندهیچ پەیوەستەگێک لە تۆرەمەی ئێمەی وێئەیسنین ناکرێ بەم زڕخوشکانەمەوە بلکی، راستییەک کە نەنکم حازر نیە قبولی بکا، کە ئەم کچانە مندالی ژولیوس نین. لە دەوروبەر جارجار باسێک لەم شک و گومانانە دەکرێ. بەڵان نەنکم لەم بوارەدا لۆکەی لە گوێی خۆی ئاخنیوە.

کچەکان بە پاشناولە تۆرە مەی ویئەیسنین و وێنەی ژولیوسیان لە ژوورەکەی خۆیان هەڵاوەسیوە، وەک وێنەی باوکی خۆیان چاوی لێدەکەن جا با هیچ شتێکی پێکەوەشیان لە بەیندا نەبێ.

باپیرم خەرج و موخاریجی کچەکان دەکێشا و هەرگیزیش باسی لە ئەسڵ و نەسبی ئەوان نەدەکرد و لای وابوو کارگەی کەوڵ و پێستەکە، کە ژیانی بنەماڵەکەی دابین دەکا گرینگترە لەوە کە بەم قسانە شیرازەی بنەماڵەکەی لەبەریەک بترازێ.

ئێستا ئیدی من لەسەر مێزی متبەخی داندراوم. نەنکم نامەی خوداحافیزی باپیرمی گرتۆتە دەست و وەها بە قەڵسی رایدەتلەکێنێ کە کرێژی سەرەکەم پشتەکەی، دەکەوێتە سەر مێزی متبەخی.

ـ بەم شێوە هەموو جارێ بۆ ئەملاو ئەولا خۆ دەدزێتەوە، نەنکم فیشقاندی، ئەمجارەیان وای ناخوا. ئێستا ئیدی ئەرکی تۆیە ئاگوست تا وەدووی کەوی، بیگریەوە و بیهێنەوە ماڵ.

ـ بۆچی راست هەر من، بە ترسەوە پرسیم.

ترس لەوە کە لەم دونیا پان و بەرینەدا سەرگەردان بم دایگرتم. باشتر نیە زیگنە، رەیلی یان دایکم ئوروککی بە دوادا بنێرێ؟
ـ تۆ بۆ کارێکی ئەوتۆ گونجاوتری قسەی پێناوێ.
پێشنیارم کرد با ڕاپۆرتی بزربوونی باپیرم بدەین بە پۆلیس، ئەوان بەدوایدا بگەڕێن وبیگێڕنەوە ماڵ، بەڵان نەنکم لەو پێشنیارە تووڕە بوو.
ـ راپۆرت بدەینە پۆلیس و بڵێین باپیرت ون بووە تا هێندێکی لێبگەڕێن، دواتر بیکەن بە مردوو و ئەمیش هەر بە مردوو بنووسنەوە، ئەوەت دەوێ بۆ باپیریشت؟ ئەگەر ئەمرۆ تا سبەی سەروسوراغی پەیدا نەبێ تۆ دەبێ دوای بکەوی. من دەستە چەکە پارەیەکت دەدەمێ، تۆ لە پێشدا دەچیە "ئۆستربۆتن" و لە دەوروبەر دەپرسی. لەبیرت بێ هەرکە شتێکت لێدەست کەوت فەوری بۆم بنووسی و خەبەرم بدەیەوە. و پارەکانیش ئاقڵانە خەرج بکەێ. ئێستا ئیدی بڕۆ بنوو تا بە تەواوی تێرخەو بووبی بۆ ئەوە کە سبەی زوو، وەڕێکەوی. زیگنە و رایلی ئێوە جانتای سەفەری ئاگوست تەرتیب دەکەن، ئۆروککی ش جلکەکانی ئوتو دەکات.
بە دڵبرینداری جلکەکانی سەفەرم دانان. زیگنە و رایلی جلکەکانیان جۆی کردنەوە تا دایکم ئوتویان لێ بداو ئامادەیان بکا. ویدەچوو ئەم سەفەرە ناخۆش و بە ئەرکە بۆمن بە گران تەواوببێ.
من تا رادەیەکی زۆر لە مەر سەفەرەکانی باپیرم شتم بیستبووم و دەمزانی چبەسەرهاتێکم لە پێشە.
تێگەیشتبووم کە بەبێ دیتنەوە و گەڕانەوەی وی بۆ ماڵ، رێگای ماڵێم پێنادرێ جاباسەفەرەکەم ئۆستربۆتن، دانمارک، ئالاسکا و تەنانەت

سیبریاشی گرتبایەوە. من مەحکووم بووم بە دوای باپیرێکدا بگەرێم لە کێو و شاخ جەنگەڵاندا هەرچەند لە وانە بوو هەر نەشی بینمەوە.
نەنکم هات ویزیت کارتێکی باپیرمی دامێ. وێنەکە وێنەیەکی بە سمێڵ و کڵاوێکیشی بە سەرەوە بوو بە کراسی سپی و پاپیۆنێکی رەنگ سوورەوە. وێنەکە لە دەورانی شەڕی ناودار بە شەڕی ناوەند و لە پێش کارگەکەی خۆی لە " مکالد" هەڵگیراوە. لە وێنەکەدا باپیرم بزەی لەسەر لێوان و لەبەر دەرگای کارگەکەی راوەستاوە و جەلە کەوڵێکیشی بە دەستەوەیە.
ـ ئەمە دەگەڵ خۆت ببە کوڕی خۆم، نەنکم ئارام پیی گوتم.
ـ خۆمن باپیرم دەناسمەوە وێنەیەم بۆ چیە، ناڕازی گوتم.
ـ بێ مێشک خۆ مەعلوومە تۆ باپیرت دەناسییەوە، بەڵان خەڵکی دیکە نا، تۆ دەبێ وێنەکەیان پێبنوێنی و لێیان بپرسی کە کەسێکی لەو چەشنەیان دیتووە یاننا و چی لێدەزانن.
ئێمە پێکەوە وێنەکەمان گرتە بەرچاو. دیتم دیاردەی دەموچاوی نەنکم گۆڕانێکی کەمی بە سەر داهات پاشان بێدەنگ فرمێسکەکانی هاتنە خوار.
ـ ئۆی ئۆی، وێرنێری فەقیری من. دەبێ ئێستا چەند دوور و لە کوێ کەوتبیتەوە!

# 3

بەیانەکەی نەنکم سەری خۆی شۆرد و دەگەڵم هات بۆ وێستگەی قەتار. نەنکم فەرمانی دا تا دایکم ئوروککی و خوشکەکانیشم زیگنە و رایلی دەگەڵ بن.

رۆژ، رۆژێکی بە تەمومژی مانگی هەشتەمی ساڵ و ساعات ٧ ی بەیانی بوو کە ئێمە لە وێستگەی قەتار چاوەڕوان راوەستا بووین. زۆر پێنەچوو کە قەتار لە نێو تەمومژدا وەدەرکەوت. سەفەرچیانی بەیانی، لە قەتار وەدەرکەوتن و بێدەنگ روویانکردە ناو بینای قەتارەوە لەوێڕا بەرەو شوێنی کارەکانیان دەرچوون.

دایکم لە ئاخر چرکەکانی سەعاتدا رێزە ئامۆژگارێکی دەسپێکرد و تێی گەیاندم کە ئەگەر باپیرەم دۆزیەوە دەبێ لە پێشدا هەوڵبدەم و رازی بکەم تاکوو دەگەڵم بێتەوە ماڵ، بەڵان ئەگەر دووعا و قسەی چاکوپیر فایدەی نەدا، دەبێ زۆرم بەکار بێنم و ئەرکەکەم بە ئەنجام بگەیەنم. نەنکم تییگە یاندم کە بەبێ باپیرم منیش رێی گەڕانەوەی ماڵێم نابێ و دە بێ چاوی خۆم خورت کە مە وەو ئەمە بە تەواوی لە گوێ بگرم، کە چێ من باقەم بڵاو و بیرم لە شوێنی دیکە بوو. فکرم لەوەدەکردەوەکەئەم جێهانە چلۆن سازبوەولەم سەفەرەمداچ چەشنە خەڵکانیم دێنە پێش؟ بڵێی تووشی کەسانی پیاوخراپ و تاوانبار نە یە م؟ دەگەڵ کچان چۆن؟ ئەگەر وا هاتەپێش، چۆنیان هەڵسوکەوت دەگەڵ بکەم؟ ئەوانیش دەگەڵ من چۆن؟ تۆ بڵێی پێویست بێ کەسانێکیش ببینم کە مەشروبخۆرن؟ بڵێی تووشی خەڵکانێکی شێت و

ماخولیاش بێم کە فیکری سەیروسەمرەیان هەیە؟ و ئەگەر کەسێک لەم ڕێگایانەدا تفێکی لە من کرد، تەکلیفی من چ بێ ، تفێکی لێبکەمەوە یانا؟

ـ لێرە رامەوەستە و خەونان ببینی کوڕە! نەنکم تێمڕاخوڕی. ئاگات لە رەفتاری خۆت بێ و هەموو هەفتەیەک نامە بنێرەوە، ئیدی نەڕۆی بۆخۆت خەریکی خولانەوە بی، ئەگەر بزانم وایە و لە ماوەیەکی گونجاودا باپیرت نەهێنیەوە چەکی پارەت لێ دەبڕم.

ـ بەڵێ نەنکی خۆشەویست، گوتم.

ماشێنێکی سەرگیراوی بێ پەنجەرەی پۆلیس هاتە سەرسەکۆی قەتار و دواتر ماشێنێکی دیکەش هەر ئی پۆلیس گەیشتە جێ. چەند نیگابانێکی لێدەرپەرینەدەر و رەگەڵ پۆلیسەکان کەوتن. پێنج کەسی زیندانی لە سەیارەکە هێنرانەخوار و بە سەرە راوەستان. نیگابانەکان وەپێش خۆیاندان بۆ ئاخر واگۆنی قەتار، کەواگۆنێکی سەربەستەو بێ پەنجەرە بوو. من بە دیتنی ئەم بەرجەوەندە میزاجم تێکچوو، پۆلیس ونیگابانەکان وەک ئاژەڵیانپێبێ رەفتاریان دەگەڵ دەکردن.

ـ ئەمە بەرهەمی قانوون شکێنیە، نەنکم گوتی. لە رۆژگاری ئێستادا پیاو دەبێ چاووگۆێی کراوە بێ تا نەکەوێتە بەرچنگی ئەمانەوە.

نەنکم دە باوەشی گرتم. بۆنێکی سەیری ناخۆشی لێوەهات. بۆنی ئۆدۆکلۆنێک، لەوانەی کە لە زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا باو بوون. دوو دەنکەئاوی فرمێسک لە چاوەکانیداقەتیس مابوون. من خۆشم کوڵی گریانم لە ئەوکێدا بوو، ئەویش هەر لەبەر زیندانیەکان.

تەنانەت دایکە ئوروککی ش دەباوەشی گرتم و هێندێکیشم بۆ گریا، پاشان نۆبەی زیگنە و رایلی هات. ئەوانیش بڕە لوشمەلوشمێکیان گرتەوە کەچی هەر بەراست بۆفێڵبازییان بوو، دەناڵە بەر ئەمە کە من دەچوومە سەفەرو ئەم سەفەرەش بۆ ئەمان بە قازانج تەواودەبوو چونکە لەم ماوە سەفەرەی مندا، ژوورەکەم دەبوو بە ژووری خەوی ئەوان.

من لە واگۆنی قەتار چوومە ژوور. نەنکم جانتاکەمی بۆ وەسەرخستم و دوایی چۆە خوارەوە بۆ سەر ئیسکلێ قەتار، لە پەنجەرەرا ژنەکانم دەدیت کە لەوێ راوەستا بوون لێویان دەبزوت بەڵان دەنگیان نەدەگەیشتە من هەر بە سەرو دەست تەکاندان خواحافیزیم لێکردن. قەتار بەرەو جیهان بزوت و وەڕیکەوت، ژنەکان هەروەها راوەستابوون بە تەکانی دەست بەخێر چوونیان پێدەگوتم.

لە کیفەکەمدا بڵیتێکی دەرەجە یەکی قەتارم هەبوو بۆ "سێنیاوکی" لە گیرفانمدا دەستەچەکەدراوێکی بیست پەرەیم پێبوو کە دەمزانی پارەیەکی تەواویان تێدایە. هەروەها جیاواز لە وان بەستەیەکیشم پارەی نەغد درابوویە. لەم گیرفانەمدا کە وێنەیەکی باپیرەی تێدا بوو، وێنەکەم دەرهێنا زۆر بە سرنجەوە دەستمکرد بە موتاڵا کردنی وێنەکە. دموچاوی پڕ لە خەندەی وێنەکە، ورەی دەدامێ و ئەو ئاواتەی لە دڵدا زیندووده کردمەوە کە جارێکی دیکەش لەم جیهانە پانوبەرینەدا چاوم بەخاوەنەکەی بکەوێتەوە.

# 4

له پاش " تیمرفورش" ژوورەکە هەر بۆخۆم بەجێما. واگۆنێکی کۆنی قەدیمی، کورسیەکان بە چەشنە مەخمەرێکی سەوزی جوان و راحەت بەرگ کرابوون. لە واگۆنەکانی دەرەجە[٢] بە پێچەوانە، کورسیەکان ناحەز دەهاتنە بەرچاو. بێگومان خەڵکەکە خواخوایان بوو زووتر لەوێیان نەجات بێ. سەفەر لە قەتاری دەرەجە[١] دا حاڵوهەوایەکی دیکەی هەبووو ئیمتیازێک کە ناکرێ لەبیر بکرێ. من بە تەماشای دارستانی دەوروبەرەوە کە نێونێوە پارچە شیناوەدێکی رێکوپێک و پڕ ئاژەڵ کە خەریکی لەوەڕبوون، سەرقاڵ بووم.

هەتاو بە ئاسمانەوە بوو و لە پەنجەرەوە لە ژوورێیدەدا و خەوی هێنابوە چاوانمەوە. بڕیارم دا چاوێک گەرم کەم. قەتار بەڕێوە بوو و رێگای دەبڕی، بەڵان پێیێ دەچووتا بگاتە "سێناژۆکی" پاشان لەوێڕا قەتار بەبێ من دەچوو بۆ "واسا"، بەڵان زیندانیەکان بۆ کوێ دەچوون و بۆ کام جێگایان دەبردن لێمروون نەبوو، ڕەنگ بوو بیانبەن بۆ بەندیخانەی ناوەندی لە پارێزگای واسا.

من بە گرمەیەکی بەقەوەت لە خەو راپەڕیم. واگۆنەکە لە خەت دەرچوو بووو وردە شوشە وڵاتی داگرتبوو. دەرگاو پەنجەرە هەموو کرابوونەوە و منیش فرێدرابوومە ئاخری واگونەوەوکەوتبومە ژێر کورسی و قەنەفانەوە. قەتار راوەستا بوو، بە زەحمەت خۆم لە پڕشوبڵاویەکانی ناو واگۆنەکە دەرباز کرد. زور ترسابووم. قەتارەکە

دەگەڵ تانکێرێکی گەورەپێکیان دادابوو. یەکەین فکری لەم کاتە بۆم هات ئەمە بوو
تۆبلێی دونیای پانوپۆڕشتی واشی تێدا هە بێ ؟
من بە ئارامی هەستامە سەر پێ. تەماشیایە کی خۆم کرد، هەر گوێم دەزرینگایەوە دەنا چیدیکەم بەسەر نەهاتبوو. لە دەرەوەڕا دەنگی هاتو هاوار دەهات. بە سەر وردە شوشە و کورسی و تەختەداردا بەرەو دەرگا ڕۆیشتم. لە بەشەکانی دەرەجە[٢] دا خەڵکەکە لەرێگای دەرگاوپەنجەرەکانرا یەکتریان یاریدە دەدا بۆدەرکەوتن و هەمووهەر پەشۆکا بوون. منیش هەر لە ڕێگای پەنجەرە شکاوێکەوە خوشیمە دەرەوە، ئەوکاتە بوو تێگەیشتم چ روویداوە.
قەتارەکە دەگەڵ لۆرێکی گەورەی تانکێر پێکیاندادا بوو. کابینی تانکێرەکە دەگەڵ لێدانی قەتار، لەبەرێک بڵاو ببوو و مژێکی سپی رەنگ دەوروبەری داگرتبوو. دوواگۆن لە قەتارەکە لەبەریەک چووبوون و چەند دانەیەکیش ساغ و لەسەر خەتە مابوونەوە. یەکێک لەوان ئەم واگونە بوو کە زیندانییەکانی تێدا بوون.
خەڵکێکی زۆر بە دەوروبەری قەتارەکەوە بوون. وێنەدەچوو کە کەسانێکی زۆر بریندار بووبن دەگەڵ ئەوەش کە پێکدادانەکەزۆر بە تەوژم بو. تێکەڵ پێکەڵی زۆروەبەر چاو دە هات و کەس نەیدەزانی دەبێ چ بکا.
لە ناکاو هاوارێک لەلای تانکێرەوە هات:
ـ ئاگادار بن لە گاز! لە گاز ئاگادار بن!
خەڵکە روویانکردە ناو دارستان و بە شێوەیەکی چاوەروان نەکراو چوار دەوری قەتار و بینای قەتاریان چۆل کرد. منیش هەڵاتم بە دوای

جەماعەتی راکردواندا، بەڵان کە بە تەنیشت واگۆنی زیندانییەکانەوە تێدەپەڕیم گوێم لە هاواری گیراوەکان بوو کەلەواگۆنی بە ندیخانەڕا داوای کۆمەگیان دەکرد. پێی راکردنم لەبەز چوو و هەوڵمدا خۆیان بگەیەنمێ. نیگابانەکان هەموویان لاقی دیکەشیان بۆ هەڵاتن قەرز کرد بوو، هێند بە پەلە رایان کردبوو کە لەبیریان چوو بوو قفڵی دەرگایان بۆ بکەنەوە. بەندیی دەرگا لەسەر داخراو دەیان قیژاند و فریادرەسیان دەویست.

ـ هاوار مەکەن بێدەنگ بن! من خەریکم دەرگایەکە بکەمەوە تائێوە بتوانن دەرکەون.

گیراوەکان ئارام بوونەوە. دەرکەوت کە یەکێک لەوان سەدەمەی دیوە ئێشێکی زۆر کەوتۆتە پێیەکییەوە. من بڕیاری خۆمدا کە هەوڵ بدەم بیانهێنمەدەرێ. من لە کلیلەکان گەڕام، نەمدۆزینەوە، لەوانە بوو نیگابانەکان دەگەڵ خۆ بردبێتیانن، تەنیا ئەوەندە دەماوە کە دەرگاکەی بشکێنم. من بەپەلە گەڕامەوە بۆ واگۆنە دەرەجەیەکە وەرگەڕاوەکەی خۆم. لەوێ لە شوێنی ئامرازی پێویستە، قوڵە بیورێک و مشارێکی تێدا بوو. دەستمدا بیورەکە و بەپەلە گەڕامەوە سەرکاری بەندکراوەکان و دەستم کرد بە شکاندنی دەرگایەکەی. لە پێش دەرگاکەوە کابرای سەدەمە دیتوو کەوتبوو، پێیەکی شکابوو. کابرام راکێشادەر بۆ نێو رێڕەوی قەتارەکە و پێیەکەیم راست کردەوە. دەرگایەکی دیکەی تەنیشت دەرگای لاق شکاوەکەشم هەر شکاند، ئەوی یەکێکی دیکەی زەلامەی چاو مۆنی تێدا بوو کە دەگەڵ کرانەوەی دەرگا خۆی هاویشتە رێڕەوە و لەوێڕا ون بوو بە بێ هیچ سپاس و تەشەکورێک، من تووڕە بووم و بانگم لێکرد:

ـ شەرم لە خۆت بکە! بگەڕێوە با ئەم بریندارە بگەیەنینە دەرەوە! بگەڕێوە بەپەلە! کابرا نەیبیست و گوێی نەدامێ، بەهەڵاتن خۆی هاویشتە دارستانەوە.

من وەها شەرم دایگرتم کە بە بیورەوە بە هەرچی توانایەکی هەمبوو بەشوێنی دیاری ئەودا وەدوای کەوتم، زۆر پێنەچوو بوو گرتمەوە.

بەندی دەستی دا لکەدارێک بە نییەتی شەڕ و بەرگری لە خۆی، بەڵان کە چاوی بە بیوری ناو دەستی من کەوت کە لەبەر تیشکی هەتاو شەوقی دەداوە، داینواند و خۆی رادەست کرد.

لە ژێر فەرمانی بیوردا کابرام گێڕاوە بۆلای قەتارە و پێم گوت ئەگەر چ جارێ دیکە هەوڵی راکردن بدا بە بیوری دەستم سەری لە بەدەن جوێ دەکەمەوە، هەڕەشەکەم گرتی و تەمای هەڵاتنێکی دیکەی وەلانا.

من فەرمانم پێدا کە یاریدەی سەرەتایی بداتە ئاواڵە سەدەمە وێکەوتوەکەی، کە کابراخەریکی ئەنجامدانی ئەرکی پێسپێراو بوو، منیش چوومە سەروسۆراغی بەندیەکانی دیکە و ئازادم کردن هیچکام لە وان لە بیروڕای هەڵاتندا نەبوون. بە یارمەتی بەندیەکان "بڕاندکار" ێکمان ساز کرد تا بەندی سەدەمە دیتوی پێڕاگوێزین. نەخۆشمان لەسەر دانا، بەندی هەڵیانگرت ومنیش بە بیورەوە وا بە دوایاندا.

رێگامان باریکە رێیەکی پێچاوپێچ بوو و دەگەڵ ئەوەش کە چاوم بە گازی لە هەودا ماوی تانکێرە شکاوەکە دەزوورانەوە، جوانی دەوروبەری ئەم باریکە رێیەی پێیدا دەچووین کە بە گوڵی رەنگاورەنگ و لکوپۆپی توولەداری مانگی هەشتەمی ساڵ رازابووە شەکەتی و ئازاری لێدەسرایەوە.

ڕێگاکەمان بە تەواوی چۆلوهۆل بوو کەسی لێ دەرنەدەکەوت، من لام وابوو لەوانەیە ڕێگای گەیشتنە شار و نەخۆشخانەکەم هەڵە بێ کە لەناکاو مانگایەکمان چاو پێکەوت. ئەمە دیاردەی خەبەرێکی خۆش بوو.

ئەمە بەم مانایە بوو کە ئێمە لە ماڵی ساحێب مانگا دوور نین. مانگای گۆرین کە دەستەی ئێمەی دیت، بەرەو ئێمە هات، ئێمەش لەسەری ڕاوەستاین تا گەیشتە ئێمە، هاتە سەرو بەندی بریندار، بۆنێکی بە لاقۆلە تەری خوێناوی کابراوە کرد کەچی سڵەمییەوە و لێمان دوور کەوتەوە. ئێمە لەسەر ڕۆیشتنی خۆمان چووین و لە پێچێکی دیکەی ڕێگاکەماندا حەوش و حەساری ساحێب مانگامان لێدەرکەوت و لێی چووینە ژوور. لە سەر مێزی مدبەقێ چاومان بە کابرای ساحێب ماڵ کەوت کە دانیشتبوو و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و کەیبانووی ماڵ لەسەر گازی مدبەقێ خەریکی کار بوو. بە کابرایانم کوت کە بڕانگاردەکەی دانێنە زەوی. کابرای جوتیار هەموو گیان گوێ، گوێی لەوە گرتبوو بۆیم باس دەکرد:

ـ ئاها، کابرا گوتی. من گوێم لە گرمەیەکی زۆر بە هێز بوو، کەوابێ ئەو گرمەیە گرمەی قەتارەکەی ئێوە بوە کە لە خەت دەرچووە.

لەم وەختەدا تەلەفونی ماڵ زەنگی لێدا. ئەمە پۆلیس بوو تەلەفونیان دەکرد. دیار بوو کە ڕاپۆرتی کارەساتی قەتار و تانکێری گازیان پێگەیشتبوو، قەولیان دا ئامبۆلاسێک بۆ ئێمە بنێرن.

ـ ئێوە لە کوێرا دێن؟ کابرای جوتیار لێی پرسین. بەندیەکان وڵامیان داوە: ئێمە لە سکاتان وەرگیراوین... بەندیخانەی ناوەندیی "سکات

ئودن" لە هێلسینکییەوە دەیانبردین بۆ بەندیخانەی پارێزگای واسا، ئەمەیان، ئەو کەسەی بیورەکەی پێیە لە ئێمە نیە.

من گێڕامەوە کە من بەدوای باپیرم دا دەگەرێم کە ناوی وێرنێری وێئەیسنینە، خاوەنی ئەم وێنەیە. جوتیار گوێی لەم باسە نەگرت. دەویست زیاتر لە سەربەندکراوەکان بزانێ. لێی پرسین لەسەر چی گیراون و حوکمەکانتان قورسە یانا؟

ـ هەریەک لە ئێمە پیاومان کوشتوە... و ئەمەی کە لەسەر ئەم براندکاردەیە دوو کەسی کوشتووە.

ـ دادەی، ئەی باوکەگیان وەرە بزانە ئەوانە پیاوکوژن و ئەمەی لەسەر ئەم براندکاردەیە دوو کەسی لە ژیان کردووە، کابرا بانگی لە هاوسەرەکەی کرد و پێی ناساندن.

من بە بیورەوە کە لە پێش خۆمم دانابوو، لەسەر مێزی مدبەقێ دانیشتبووم. کابرا یانی بەندی لە قولینچکی چاوەوە تەماشای ئێمەیان دەکرد، گوێیان لە قسەکانی ئێمە گرتبوو. پاش قەدەرێک ئامبۆلانس گەیشتە جێ و بە دوای ئەویشەوە ترومبێلێکی پۆلیس. پۆلیسگەل شالاویان هێناو بەندییەکانیان گرتن. ئامبۆلانس کابرای لاق شکاوی بە ساحێب کرد.

لە حەوشی ماڵی جوتیاردا هەروا خەریکی قسەو باسی خۆیان بوون کە گیراوەکان چلۆن بگەیەننە جێ، من و ساحێب ماڵیش لەسەر پلیکانی ماڵ راوەستا بووین و گوێمان لێڕاگرتبوون. لەم بەینەدا لە ناکاو گیراوەکان بەرەو دارستان لە خۆ نووسان، پۆلیس چەند تەقەیەکیان کرد و دوایی بە دوایاندا بەرەو دارستانی وە دوایان کەوتن. دەنگە دەنگی ناو دارستانەکە دەگەیشتە ئێمەش، بەڵان هەر

دەهاتوو کزتر دەبوو. ئامبۆلانس نەخۆشی خۆی سوار کرد، کابرای جوتیار چۆوە ژووری مدبەقەکەی و بە بیوری گۆرینەوە هاتەوە دەر و کوتی:

ـ قوربان بیورەکەت لەبیر نەچێ.

من دەستم دا بیورە و تکام لێکرد کە تاکسێکم بۆ بانگ بکات. کاتێ تاکسی گەیشتی یەکڕاست گەڕامەوە بۆ شوێنی ڕووداوەکەەتا شتومەکەکانی خۆم بەساحێب کەمەوە. کاری پاکردنەوەی دەوروبەر دەستی پێکرد بوو. تانکێری ناوبراو سەرلەبەر کەفی سپی تیی هالآبوو هەر بە حاڵ دیاری دەدا چاوم بە چەند چاوەدێرێکی بەندیەکان کەوت کە لە دەوروبەر دەهاتن و دەچوون وەک ئەمە کە لە شتێک بگەرێن.

رۆژنامەوانێک گەیشت بوو و لەوێ بوو. خەریک بوو وێنەی هەڵدەگرت و دەگەڵ خەڵک دەدوا، دەگەڵ منیش هەروەها. من بەشە قسەی خۆم بە تەواوی بە چۆن و چەندەوە دەگەڵ کرد. کابرا وێنەیەکی لە منیش هەڵگرت، هەرچەند پێشم گوت من هیچ رۆڵێکم لەم بەسەرهاتەدا نەبووە.

بەسەرهاتەکە لە "یالاسەیروی" قەومابوو و من بڕیارم دا هەر بە تاکسی بچم بۆ شوێنی مەقسەدم کە پێدەکوترێ "سیەئینیوکی".

لەوێ چوومە هۆتێل، دموچاوی خۆم شورد و یەکسەر خۆم دەنێو تەختی نووستن راکرد. وەختایەک رۆژی پاش وەخەبەر هاتم تەماشام کرد بیوری ناودار وا لەسەر مێزی ژوور داندراوە و دەگەڵمە.

بڕیارم دا هەر لە جێ بیبەم و ڕادەستی خاوەنی ئەسڵی خۆی بکەمەوە کە دەبێتە ریگای ئاسنی دەوڵەت.

# 5

پاش نانوچای بەیانی، چاکەت و پانتۆڵم دەبەرکرد. کراواتم لێدا، پاشان بیوری رێئاسنی دەوڵتم لەساکی دەستم هاویشت. دەوێدا بە تەواوی جێی نەدەبۆوە، رەنگە نیو گەزێک لەدەسکەکەی دیار و دەکەوتە دەرەوە.

من لە ئاوێنەدا موتالآیەکی بیچمی خۆمم کرد، لەسەریەک خراپ نەبوو ئەم دەسکە بیورە نەبا کە لە ساکەکەمدا دیاروبەرچاو بوو. بەم وەزعە نەدەکرا بچمە دەرەوە. دەبوو فکرێکی دیکە بۆ گواستنەوەی بیور بکەمەوە.

لە خزمەتی سەربازیدا فێریان کردبووین سەرباز دەبێ چۆن پێمەڕەی دەستی دەگەڵ خۆی جێ بکاتەوە. جێگا لە قایشی پێشتدا دیاری دەکرا.

لە دەرکێ درا، شاگرد هۆتێل بوو بۆ ئیستکان و پیاڵەکان هاتبوو بیانباتەوە، چاوی بە بیورەکە کەوت لە قایشی پشتی مندا، راچڵەکی و هەڵوێستەیەکی کرد بەڵان کە چاوی بە رێکوپێکی من کەوت غیرەتی هاتێ و هاتە ژوورەوە بەڵان بە بە پەلەپەل قاپ و کوچکی کۆ کردنەوە و لە ژوورەکە دەرچوو کەپێموابوو بەسڵامەتی نایانگەیەنێتە جێ.

کاتی بیورم لە قایشی پشتدا جێکردەوە، چاکەتەکەم دەبەر کردەوە، بەڵان کە دەمویست پێ هەڵێنمەوە بیور تیغەرەی پشتی دەگرتم،

ڕۆیشتنم نەدەکرا، لەویش خراتر ئەمە بوو کە دەسکەکە لە پاشڕا چاکەتەکەی هەڵدەدامەوە. چوومە بەر ئاوێنە و لە رووی ئاوینەکەوە دەسک و دمە بیورم بەرەو سەر لە بن چاکەتەکەم جێ کردەوە کەچی دەسک گیر نەدەبوو و دادەخزاخوار، بەم شێوەیەش هەر نەدەکرا بیورە، بگەینمەوە جێ.

فکرێکم بۆ هات با لە پەنجەرەوە فڕێیدەمەدەر و خۆی لێ رزگار کەم، لەویش هەر زوو پەژیوان بوومەوە چونکە بیور ماڵی دەوڵەت بوو و دەبوو هەر بە خۆی دەوڵەتیش بگاتەوە، بەهێند نەگرتنی دارایی دەوڵەت نەدەکرا. نەمدەزانی قانوون لەم بارەوە دەڵێ چی!

جارێکی دیکە بیورم لە پێش خۆم داناوە و تەماشایەکی دیکەشم لێکرد، خۆم تووشی سەرەگێژەیەکی ناخۆش کرد بوو.

سەرئەنجام گەیشتمە رێچارەیەک کە تارادەیەک ئاقڵانە دەهاتە بەرچاو، ئەمیش ئەوەبوو کە لە فۆرمی ئەو کاتەم بێمەدەر. لە جیاتیان قوڵە بارانیە فشوفۆڵەکەم دەگەڵ کراسێکی خەتخەت بکەمە بەر دەگەڵ جووتە پێڵاوێکی بێ پاژنە، ئاوا زیاتر لەخەڵکی ریازی و وەرزشکار دەچووم ئیدی، دەسکە بیور هێندە بەرچاو نەدەبوو. دمە بیورم کاغەز تێوەرهێنا و دەستم دا بیور وابێ کە هەر دەسکەکەی بێ ئەمیش زۆر دیار نەبێ جاپاش ئەم گشتە تەگبیروڕایە لە ژووری هۆتێل دەرچووم تا بیوری دەوڵەت بدەمەوە بە ئیدارەی ڕێئاسنی گشتی وڵات. لەسەر رێگای چوونەدەر بامداوە بۆ سەر مێزی ئیدارەی هۆتێل تا کلیلی ژوورەکەم دابنێمەوە کە بیورم لە سەر مێز دانا تا لە گیرفانم کلیل دەرهێنم کابرای پشت مێز بە سەیرەوە تەماشایەکی

لێکردم و رۆبۆە کلیلەکە وەک دەستی بۆ ئاگر برد بێ و پاشەوپاش لە مێزەکە دوور کەوتەوە. بۆ ئەوە کە ئارامی بکەمەوە گوتم:

ـ ئەمە بیورێکی ئاساییە و دەمەوێ بیبەمەوە و بیدەمەوە بە ئیدارەی قەتار. ئیدارەی قەتار کەوتۆتە کام لایەوە؟ ترسی کابرا لە بیور نەڕەوێییەوە بەدەست ئاماژەی ڕێگای کرد بەبێ ئەوە کە لە مێزەکەی نیزیک ببێتەوە.

من بیورم لەسەر شان داناوە و دەرچوومە دەر بۆ سەر جادە. خەڵکی سەر جادەکەش هەرکە بیوریان رەچاوە دەکرد، یەکڕاست بە ترس و لەرزەوە دەیانڕوانیە من. من حاڵی بووم، بۆیە بیورم لەسەر شان هێناخوار و بە دەستمەوە گرت، بەم هیوایە بووم کە ئاوا کەمتر سرنجڕاکێش بم. بەڵان وا دەرنەچوو، دۆخەکە نەگۆڕا، لە هەموو شەقامەکاندا وەزعەکە وەک یەک بوو. لام وا بوو خەڵکەکە منیان پێ شێت بێ یان یان بە کابرایەکی نەحاواوەم حیساب دەکەن. شەرم دایگرتبووم هەرچی دەیدیتم لێم دوور دەکەوتەوە، لە شەرمان دەموچاوم سوور هەڵگەرابوو. ستاسیونی قەتاری سێسنیائۆکی جیگایەکی پڕ هاتوچۆ و پڕ موشتەریە. لەوێش من هەر بەدەردی جادە و شەقامەکان چووم. بە سەیروسەمەرە تەماشا دەکرام. لە هەوڵدا بووم بەپەلە شوێنی بەرپرس لەم چەشنە خزمەتگوزاریانەی نێو ستاسیونکە بدۆزمەوە تا بیوررەیان پێ بدەمەوە. خۆم بە خۆم کوت باشتر نیە بچی رادەستی بەشی سەرپەرستی ستاسێونکەی بکەی؟

کەچی فکرم گۆڕانی بەسەرداهات لام وابوو پیاو نابێ ئامرازی بە قیمەتی لە چەشنی بیور، رادەستی بەشی سەرپەرستی بکات،

بەتایبەتی لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە هەر دوینێ بەسەرهاتێکی ئەوتۆی قەتار روویداوە.
ئاخرێکە بڕیارم دا کە هەر لە یەکەم هەنگاودا کە تووشی هەر کارگێرێکی پایە نزمی ستاسیونەکە هاتم بیورەکەی تەسلیم بکەم.
واهەڵکەوتبوو کە من بە تەواوی لە نیزیک پەنجەرەی بلێت فرۆشی راوەستا بووم و کە دەمویست لە پەرنجەرچووکی ئەوێڕا بیورەکە دابنێمەوە لە ناکاو پەنجەرەکە کێشرا و داخرا. ئەوەم کە دیت تازە تێگەیشتم کە ئەم کارەی من هەر لە مرۆی گەمژە و بێ فکر دەوەشێتەوە، دەنا چۆن دەکرێ ژنەی بلێت فرۆش لە پەنجەرەیەکی بچووکی بەردەمییەوە بتوانێ بیور لە من وەر بگرێ! ئیدی بەپەلە لەوێ دوور کەوتمەوە. گوێچکەم دەزرینگایەوە، گێژوحۆل لە شوێنێکی ساڵۆنی ستاسیونەوە دەچوومودەهاتمەوە. نەمدەزانی دەرکەوم یان نا وهەر لەوێ بم. لە ناکاو کەوتمە بەر دەرگای بەشی عەمباری ستاسیونەکە، لەوێ وەستامەوە، خۆم بە تەواوی حازر کرد کە ئەرکەکە باوێمە ئەستۆی کابرای پشت مێزی عەمبارەوە کە پێرە مێردێکی ویشکوبرینگ دەهاتە بەرچاو،بەڵان هەرلێینیزیک بوومەوە:
ـ عەرزت بکەم کارەکەم ئاوایە کە ، لە بەرهەمی هەرزەکارێەک ئەم بیورە کە مالی قەتاری گشتی وڵاتە بە نەزانکاریەک لە" یالاشەرووی" کەوتۆتە دەست من. من دەگەڵ ئەو قەتارە بووم کە تووشی کارەسات هات و ئێستاش حەزدەکەم بیورەکە رادەستی دەوڵەت بکەمەوە. من پێموا بوو دەکرێ لێرە بیدەمەوە بە بەرێزت و دوو کەلیمەم پێ بدەی کە بیور گەیشتۆتەوە جێی خۆی.

من دەسكی بیورم زۆر بە حورمەت بۆلا راداشت، كابرا وەری نەگرت و بە پەلەپەل كوتی:

ـ راوەستە، كەمێك چاوەڕوانبە، من دەبێ دەگەڵ ئەمەی سەرو قسە بكەم.

كابرا چۆە ژوورێكی چوكی پەنا مێزەكەیەوە و ژمارە تەلەفونێكی گرت. من چەند وشەیەكم لە قسەكانی گوێ لێبوو و بۆخۆم وامدانا كە ئەمە جیی خۆیەتی و ئێرە لە كێشەی بیورم رزگار دەكا. كاتێ بە تەواوی گوێم لە قسەكانی گرت كە نەشمدەزانی دەگەڵ پۆلیس دەدوێ یان ناوكەسێكی دیكەیەقسەی دەگەڵ دەكاوخەریك بوو پێی دەكوت، كابرایەكی شێت بە بیورێكەوە لەبەر دەرگای عەمبار راوەستاوەو. ئەوەم كەبیست وام بەباش زانی بە ئارامیا و هێدی خۆبدزمەوەبۆ دەرەوە بەبێ ئەمە كە سرنجی راكێش بكەم.

من خۆم بە ئابرۆچوو دەهاتە بەرچاو زۆر تووڕە ببووم كە لە وێش خەڵكم لێ دەپرینگانەوە، لە قولینچكێكی پاركێك سندوقێكی كاغەز فرێدانم هاتەبەر، بڕیارمدا بیورەكە لەوێ باوێم. راست لەم كاتەدا كە بیورم هاویشتە ناوسندوقی گۆرین، پیرە پیاوێكم لەبەردەم شین بۆوە، كە منی ئاوا دیت لەوێ راوەستاوم دەستی كرد بەتێڕامانم.

من هێندە تووڕە ببووم كە بیورەكەم لە پێش چاوی كابرا لە سندوق هێناوەدەر و دەستم كرد بە پاككردنەوەی دمە بیورەكە وگۆتم:

ـ پێم بڵێ بزانم نیزیكترین شوێنی شتوومەكی دەستی[٢] لە كوییە! دەنا بەم بیورە سەرت لە بەدەن جوێ دەكەمەوە، پێمكوتم.

كابرا لە ترسان زراوی چوو، بەپەلەپەل ئادرێسێكی كوت و بەدەستیش ئاماژەی بە شوێنێك كرد.

لە دووکانی ئامرازی دەستی[٢] هیچ سەرسام نەمان لەوە کە من بە بیورەوە لێیان وەژوورکەوتم و بیورەکەم لەسەر مێز دانا، خاوەن دوکان کاغەزی دەوروبەری دم بیوری لابرد، دەستێکی بە دمە بیور داهێنا و چاوی بە مۆری خەتی ئاسنی دەوڵەت کەوت لەسەر دەسکە بیور و گوتی:

ـ ئەم مۆرە دەبێ بیکرێنین و لای بەرین، ئەگەر راستت دەوێ نەدەبوو هەر وەریشی بگرین... بەڵان دەکرێ بڵێین چوار مارک؟ ئەمە دمەکەشی کول بووە، بەڵان دەی.

بیور بە ئاسانی کەوتە سندوقی ئاسنەواڵە وەو منیش سووک و هاسان لە دووکان دەرکەوتم و چوار مارکیشم دەست کەوتبوو.

راگەیاندنی هۆتێل ئارام ببۆوە و کوتی جەنابت لە هێلسینگی را تەلەیفونت هەبوو.

ـ کێ بوو منی دە ویست؟

ـ خانمێک بە نێوی لێتیتیا وێئسنین.

من بەرەو ژوورەکەم رۆیشتم. شتوومەکەکانی خۆم هەڵگرت، بڕیارمدا بە تاکسی بڕوم بۆ واسا.

ـ ئەگەر ئەم خانمە تەلەیفونی کردەوە بی زەحمەت پێی بڵێ من سەفەرم کردووە و سبەی خۆم تەلەیفونی بۆ دەکەمەوە، بەراگەیاندنی هۆتێلم کوت.

سەفەری بە تاکسی لە سینیوکی را گران تەواو بوو، بەڵان منی لە کێشەی قەتار نەجات دابوو. من بڕیام دا بوو هیچ جارێکی دیکە لە ستاسیونی قەتاری سینیوکی را لاق ناوێمە نێو قەتار بە بیورەوە یان بەبێ بیور.

# 6

لە واسا  چوومە هۆتێل و لەوێرا تەلەیفونم کرد بۆ لێتیتیا. لە من تورە بوو لەسەر ئەوە کە لە سینیبوکی شەوێ مابوومەوە و جاری دەستم نەکردبوو بەگەڕان بە دوای باپیرمدا.

ـ لە رۆژنامە سەرلەبەیانی ئەمرۆدا هاتبوو کە خۆت تێکەڵاوی رووداوی قەتار کردووە، پێیگۆتم

ـ بەڵێ، بەڵان رێگای دیکە نەبوو، قەتارەکەمان دەگەڵ تانکێڕێک پێکیان دادا.

ـ وادیارە تۆ لەم بارەوەزیادە رۆیت کردووە، تۆ رۆژنامەکان ناخوێنییەوە؟ ئازاد کردنی زیندانی لە واگۆنی قەتار و راوەستان لە سەر پلاتفۆرمی قەتار ... ئێمە ئەمانەمان دیتون.

ـ بەڵێ بە تەواویوایە، گوتم.

ـ تێناگەی بێ مێشک، کە پیاو بۆی نیە زیندانی ئازاد بکا؟ وێنەیەکی گەورەی تۆ لەم بارەیەوە بڵاو بۆتەوە. پیاو دەبێ شەرم دایبگرێ کە دەبینێ ئەمە یەکەم کاری تۆیە. نەنکم ماوەیەکی تەواو سەرکۆنەی کردم و پێمداهات، بەڵان لە ناکاو بڕییەوە، پێموایە تێگەیشت زۆری لەسەر رۆیشتتووە و تەلیفۆن، گرانی لەلەسەر تەواو دەبێ.

ـ ئێستا ئیدی دەست پێبکە بەدوای وێرنێری دا بگەڕێ، نەک بەدوای کاری شێتانەدا

ـ بەڵێ نەنکی خۆشەویستم، ناش بۆ کاری بێکەڵک.

گوێ بە فەرمان دەستم کرد بەگەڕان بە دوای باپیرمدا. وێنەی گۆڕین بە دەستەوە بەگومانێکی زۆر کزەوە کە باپیرە لە ئۆستربۆتن بێ، ملم لە سووڕانەوەنا بە کێلگەبانکبانکەکانی واسادا لە هەرێمی ئۆستربۆتن. لە شاریشدا چەند ڕۆژێک کەلێن و قوژبنم کردن، چوومە بەنزینخانان، بیرەخانان، شەریکەت و فابریکی جیاواز جیاواز. وێنەی باپیرم بە شاروەندانی واسا نیشاندە دا، بەڵان هەمووجارێ هەر نام وەردەگرتەوە.

بەدوا گەرانەکە چ فایدەیەکی نەبوو. ئەمەش کە نەنکم هەر ڕۆژە نا ڕۆژێک تەلەفونی دەکرد و هانی دەدام چ ئالوگۆڕێکی لێ نەکەوتەوە. نەنکم لە هێلسینگیەوە خۆی بە بەلاش تورە دەکرد و لای وابوو کە من کارەکەم بە هێند نەگرتووە.

سەرئەنجام کە دیتم بێرو بەوێداچوون کەڵکی نەداوە، بڕیارم دا ئەگەر لە ڕێگای تەلەیفونەوە کارەکە ببەمە پێش، واتە دانیشمە سەر تەلەیفون کردن بۆ کێڵگە بانکبانکەکان و شەریکەی دانەوێڵەکان وهەرواشم کردوبەچەشنێکی سیستەماتیک، لێم دەپرسین ئایا خەبەرێکی تازەیان لە وێرنێری وئێسنینی خاوەن فابریکی کەوڵ و پێیست لەدەستدا هەیە یان نا.

لە ژووری هۆتێلەکەم نەخشەیەکی هەرێمی ئۆستربۆتنم پان کردەوە و کاتالۆگ یان دەفتەر تەلەفۆنانم کردەوە و هەرچی لە شەریکە و خاوەن فابریکێکی هاتە بەرچاوم ، وەبەر پرسیارم دان کە هەمووش هەر بێ فایدە دەرچوون. ئەمجارەیان دەستم کرد بە تەلەیفونان بۆ "کاویولاکس"، پاشان چەند ژمارەتەلێفۆنێکم لە "ئۆراوایس" و بیپوش"

هەر گرت. من تەلەیفونم بۆ "کاویوکی"، "کۆلبی" و "کرون" ش هەر کرد.
هیچکام لەم شوێنانە باپیرمیان نەدیبوو، هێندێک لە وان هەر نێوشیان نەبیستبوو، تەنانەت لە "کاملا کارلەیی" ش هیچ و وڵامێکم دەست نەکەوتەوە، بەڵان لەسەر لایەنی خۆم رۆیشتم، دەیان تەلەیفونی ئێروئەوێم بەبێ بەرهەم لێدا.
ئاخرجار چوومە سەرتەلەیفون بۆ " کێلویئو" و "هیمناکا"،لەوێ سوراغیم دەست کەوت. خاوەن شەریکەتی کەوڵی دەڵەک بەنێوی "هیماننی تائاویتسانەن" باپیرمی دەناسی و زۆریشی لەسەر باپیرم و سەفەرەکانی دەزانی.
ـ ئاوها، وێرنێری. بەڵێ، ئەم لێرە بوو، چەند رۆژێک لێرە ماوە و پێکەوە بووین هەتا خواحەزیش بکات مەشروبمان خواردەوە. دوینێ بەیانی لێرە رۆیی.
ـ بۆ کوێ چوو؟
ـ بەڵێ، ئەگەر درۆ نەبێ باسی چەند جێیەکی کرد کە دەبوو بچێ لەوانە رەنگە بەرەو باکوور و دواترناوی هێندە شوێنێکی دیکەشی هەر هێنا سەر زمان وەک بلێی ئالاسکا و ئینگلیسیش هەروا.
بێ چاوەروانی بەرەو 'هیمانکا وەرێکەوتم تا چاوم بە هیرماننی تائاویتسیانن خاوەن فابریکی کەوڵە دەڵەک بکەوێ.

# 7

کاتێ گەیشتمە هیمانکا لە ڕێگا وشوێنی شەریکەتی هیرماننی تائاویتسیانینم پرسیار کرد. سەیر کەن! ئەم کابرایە دەیەوێ بچێتە لای هێرماننی! دەیانکوت، هەرچۆنێک بوو ڕێگام دوزییەوە.
هێرماننی، پیروبێوەمێرد بووو بەتەنێ دەژیا. ئەگەر منداڵیشی هەبوو بێ ئێستا ئیدی دەبێ گەورە و پەرەوازە بوو بن.
کەچووم دیتم هێرماننی لەسەر پلیکانەکانی ماڵ دانیشتبوو و ودکای دەخواردەوە. پیرەپیاوێکی فەرتووت بە ژیانێکی ساکارەوە بەلاَن تا بتەوێ خۆش راوێژ. هەرلەسەرەتاو دەسپێکەوە خۆشم ویست.
من ئەرکەکەی خۆمم بۆ باس کرد و وێنەکەشم هەر بۆ نواند.
هێرماننی تائاویتسیانین زۆر بە سرنجەوە دەیراونیمێ، من نەوەی وێرنێری بووم. ئێمە چووینە ژوورەوە، ئاوری قاوەی هەڵکرد. شوشە ودکاکەی وەلانا. دەرکەوت ئەم و باپیرم بەیەکەوە لە دەستە سەربازی مورمانسدا پێکەوەخزمەتی سەربازییان کردووە.
ـ برادەرایەتیمان پێکەوە زۆر خۆش بوو، لەم سەرسەروە ساردوسڕەدا، کاری سەیر و سەمەرەمان بەیەکەوە زۆروزەوەندە. هێرماننی لەزیادەرۆیی خۆێ لە مشروب خواردنەوەدابەداخ بوو.
ـ ئەوکاتانە وێرنێری لێرە بوو، منیش وەک ئەم کەوتمە خەتی خواردنەوە. ئێمە چەند رۆژێک لەسەریەک هەر دەمانخواردەوەو کاتی وەخۆهاتمە بینیم... من بووم بە ئاڵکۆلیست. تۆش پێکێکت دەوێ؟
هێرماننی بەرەو سندوقێک چوو بە شوشە ویسکەیەکی گەورەوە

گەڕایەوە. باپیرم بە دیاری بۆی برد بوو تا ئەم سەعاتەش نەکرابۆوە. هیرماننی سەری بوتڵی کردەوە تازە ئیدی منیش بۆم نەدەکرا دەستی ڕەتکەمەوە.

لەسەر ویسکی خواردنەوەکە هێرماننی لەمەر کێڵگەکەی هەروەها لەسەر ژیانی خۆشی بۆم دوا. هێرماننی مەزرایەکی چووکی هەبوو کە دەوێدا چەند دەڵەکێک و بڕە ئاژەڵێکی دیکەی تێدا بەخێو دەکرد. لەگەرمای مانگی هەشتەمی ساڵدا بۆگەن دەوروبەری قەفەسەکانیانی دادەگرت کەدەوێداراوڕاوێنیاندەکردوباوبژیانبلاودەکردەوە. هێرماننی قسەی دەگەڵ دەکردن وێدەچوو وەک زۆربەی چەشنی دیکەی ئاژەڵان کە لە خاوەنیان تێدەگەن، ئەوانیش لە هێرماننی تێبگەن. ئەم بنانگۆیی دەخوراندن بەڵان کە من لێیان نزیک دەبوومەوە خۆیان قرژ دەکردەوە. تەنیا شتێکی لە ژیان بۆم ماوەتەوە دەڵەکن... و بۆمن هۆی سەرگەرمیشن. بۆ تۆ کە نەوەی وێرنێریی، هەمووشتەکانمت نیشان دەدەم.

لەو شوێنی کە مەزراکەی دەبڕاوە، عەمبارێکی زۆر گەورەی لێبوو و منیشی دەگەڵ خۆی بردە وێ تا بیبینم. چوار دەورەی عەمبارەکە بە تەلدڕوو ولە هێندێک شوێن بە سیمی کارەبایش پارێزرابوو. ئێمە لە دەرگادەروازەیەکی قورسەوەکە بەدووقفڵی گەورەگەڵادرابوو چووینە ژووروکەوتینە ناو عەمبارە گەورەی هێرماننی یەوە.

ـ لێرەدا ئەوەم هەیە. رازی گەورەی ژیانی من، گوتی.

وێدەچوو سەرخۆشیەکەی پێنەمابێ. ویسکێکەی لەبیر چوو بۆوە و بە رەوانی دەدوا.

هەمووی خەڵکی هیمانکا پێیان وایە کە ئەم دەور دراوەی من سەوزیخانەیە، بەڵان خراپ حاڵی بوون، من چوار چێوەم بۆچیە، خۆ من چ سەوزیخانەم نیە.

من قومێکم لە پیکە ویسکیەکەم هەڵدا و زۆر بەپەلە بووم بزانم چی لەم عمبارەدا شاردۆتەوە.

ـ بەر لەوەکە بە دوای وێرنیری دا ئێرەبەجێبێڵی دەزانی کە من ماوەی دەساڵە لێرەدا چم حەشارداوە.

دەگەڵ چوونەناو عەمبارەوە، هێرمانی بەپەلە دەرگاکەی پێوەداوە و دایخستەوە، ژوورەکە تاریک داهات، چاوچاوی نەدەدیت. بە سرتەش قسەی دەکرد.

ـ تۆ نابێ دەگەڵ هیچ کەسێک باس بکەی لەسەر ئەوەی ئێستا دەیبینی!

گڵۆپەکانی کە هەڵکردن. لە پێشدا چاوم ڕەشکەو پێشکەیەکی کرد و دوایی چاوم بە نهێنیەکەی هێرماننی تائاویستیانن کەوت. ئەم نهێنیە بریتی بوو لە فرۆکەیەک. فرۆکەیەکی سپیلکەی پێکەوەنراو.

هێرماننی بۆی باسکردم و کوتی لە فکرم دا بوو هەمووی هەر بۆخۆم سازی بکەم و مۆتۆڕی دووچەریەکم وێخست بەڵان هەڵنەستا نەفڕی. مەجبورمام فکرەکە بگۆڕم. ئێستا ئیدی فرۆکەکە باڵەکانی لە بۆکس مۆتۆڕێکی هەوا ساردکەرەوە راهاتوە. بەدەنەی لە لوولە سازکرابوو، بە پارچەش داپۆشرا بوو. لە پێشەوەشدا جێگای دوو کەس داندرا بوو. سەری ئاواڵە و زۆربەی دوگمەگەلی کاری فرۆکەکە لە دەرەوەوەی فرۆکە قایم کرابوون.

ـ ئاوا جێی پێ زیاتر دەبوو، گوتی.

عەمبارەکە لە ناوەوە زیاتر وە کەشتێکی زەمانی شەڕێ دەچوو تا عەمباری دەغڵودان. لە پشت فرۆکەکەوە لە قولنچکێک ئەمرازی کاری لەحیم داندرا بوو دەگەڵ سندوقی پێچ و مۆرە و شرۆشلات، لەلایەکی دیکەی عەمبارەکە دا چەند دەبەیەکی رۆن و بێنزین ریزکرابوون. پەڕۆ کۆن، گریس، نایلۆن، پێچ و مۆرە لە هەرلاوە پرش و بڵاو بوو.

جیاواز لەمانەش عەمباری گۆرین پڕ بوو لە چۆلەکە و باڵندەی هەمە چەشنە کە بە کون و کەژێری میچی عەمباردا هاتووچۆیان دەکرد. زۆربەش هەر لەوێدا هێلانەیان هەبوو و جوجکەیان هەڵێنا بوو.

چەنددڵۆپە ئاوێک نیشتبۆە سەرباڵی فڕۆکەکە، هێرماننی بە پەرۆیەک لای دان و پاشان دەستی خۆی سڕیەوە و ئامادەی کاریی فڕینی بۆکرد.

نێوی فڕۆکەکە لە تەنیشتەکانیدا نووسرابوونەوە و بە شەوڕەو ناوگوزاری کرابوو. هێرماننی دەیکوت ناوێرێ بە رۆژ فرۆکەکەی وەهەوا خا، تەنیا شەوانە دەفڕێ.

ـ تۆ نازانی چ چەشنە خەڵکێکی بەغیل لەم شارەی هیمانکادا دەژین. ئەگەر بزانن من فڕۆکەیەکم هەیە، پێیان وا دەبێ من شێت بووم و دەچن بەحکومەت دەڵێن تا بێن فرۆکەکەم لێ زەوت کەن. لەبەر ئەمانەیەکە هەر بەشەو دەفڕم، دیارە کێشەی هەیە، بەڵان چ دەکرێ!

من پرسیم ئایا دەنگی مۆتۆڕەکەی خەڵکەکە وەخەبەر ناهێنێ و ئاشکرا نابێ کە چ خەبەرە؟

ـ ئەم خەڵکە لە هیچ تێناگەن و منیش لەسەر شارەکە نافڕم. من بەرەو دەریا دەست پێدەکەم و هەموو دەمیش لە نیشتنەوەدا مۆتۆڕەکەیدەکوژێنمەوە.جارێکیان لە "شیرکبی" گوتم من تەیارەیەکم

هەیە... بەرهەمی بوو بەمە کە خەڵکەکە قاقا پێم پێکەنین، جاری واهەیە کە دێتە فکرم گۆنیە بەردی دەگەڵ خۆ هەڵبگرم و بانی ماڵەکانیان بەردباران بکەم. هێرماننی هێندێک مات بوو.

ـ بڕە ورکە بەردێک کە وە تەنەکەی سەربانی ماڵەکانیان بکەوێ لەترسان روحیان دەچێ و پەنا بۆ ژێرزەمینەکانیان دەبەن.

ئێمە لە عەمبارەکە دەرکەوتین. هێرماننی دەرگایەکەی بەتایبەتی داخست. کەچووینەوەماڵ پێشنیاری کردکەچەندرۆژێک لەلای بمێنمەوە. ئێمە شەوانە دەفڕین و بە رۆژیش دەخۆینەوە بە سڵامەتی هەوای مەرحەمەتیی مانگی هەشتەمی ساڵێ.

ـ وێرنێری خۆی بزرناکا، رەنگەدەگەڵ ناسیاوەکەی خۆی کە ناوی "پێررا" یە،چوو بێتە لاپلاند بۆ ماسی گرتن ولەوێ مەحتەل دەبێ.

من لە خۆشی فڕین دەگەڵ هێرماننی گەشکە بووم. بڕیارم دا ئەگەر هەر بۆ ماوەی شەوێکیش بێ بمێنمەوە، وابێ بتوانم دەگەڵ ئەم فرۆکە دەستکردە، وە هەوا کەوم. لە راستیدا کەمە شک و دوودڵێکیش لە مێشکمدا دەهات و دەچوو. دەرودیواری فڕۆکەی من دیتم لە کەوتن نیزیکتر بوو تا لە فڕین ئەویش دەگەڵ فرۆکەوانێکی سەرخۆش. بەڵان هێرماننی قووەتی قەلبی دەدامێ.

ـ من دەچم یەک دوو سەعاتێک دەنووم، من عادەتم وایە هەموو دەمێ بەر لە فڕین، کەمێک دەنووم و دروست لە پێش وەهەواکەوتندا، پیکێک هەڵدەدەم، بەری چاوم روونتر دەبێ. من فێرم لە تاریکی دا باش دەبینم.

من جارێ هەر لە ئەگەری چوون و نەچون دا بووم هێرماننی کوتی:

ـ من سێ دانە قتوی پڕلە قیل لە سەر ڕێگای نیشتنەوە دادەگیرسێنم کە یاریدەم دەدا شناسایم باشتر بێ بۆ نیشتنەوە. تا ئێستا نەبوە هیچ خواریەک لە نیشتنەوەم دا هەبوو بێ.

و هەر بەڕاست هێرماننی بەرەو نووستن ڕۆیی و لێی نووست. من لە مەزراکەدامامەوەو دەکۆشام ئەگەرومەگەری دڵ و دەروونی خۆم ئارام کەمەوەو وەک یاریدەدەرێک بڕێکم ویسکی هەڵدا، زوو زووش تەماشای کاژێرم دەکرد کەخەریک بووتاریک دادەهات وکاتی سواربوون و فڕینی ئێمەش خەریک بوونیزیک دەبۆوە.

# 8

کاتێ هێرماننی تائاویتسینین وەخەبەرهات یەکراست بەرەو عەمبارە بزوتین. هێرماننی کە دەیەویست لە پێشدا برە ئاگادارێکم بداتێ، کوتی بەداخەوە زەحمەتە ئامرازی شیاو بۆ فرۆکە بدۆزرێتەوە هەروەهاشە کە پیاو دەستوراتی شێوەی دروست کردنی فرۆکەشی دەست ناکەوێ.

هێرماننی هەرچیکی لەسەر فرۆکە دەستی کەوتبێ خویندویەتەوە و دەڵێ بەداخەوە نووسراوە لەسەر دروست کردنی فرۆکە بە زمانی فینلاندی وەگیر ناکەوێ و ئەمیش چ زمانی دیکە نازانێ بێجگە برە وشەیەکی ئینگلیزی سەربازی کە ئەمیش لە دەورانی سەربازیی خۆی لە "ئارچنگلسک" فێر بوە.

ـ سەرەرای ئەمەش کەپیاو گیای بە کێوەوە نەخواردوە کە هیچ لە فرۆکە نەزانێ، وەستا و موهەندیسی دروستکردنی فرۆکەی شەوفرِ، ئامازەی بە پێچکی نیشتنەوەی شەوفرِ کرد و گوتی:

ـ پێچکی تایەی پێنیشتنەوەم لە لولە و خۆی تایەکەش تایەی واگۆن یان عارەبەیە کە بە پێچومۆرە لێیم قایم کردوە و زۆریش رەختە و بەکارە هەرچەند رێی نیشتنەوەش بەگژوگیاوگۆڵە. دیارە هەمووجارێ لە نیشتنەوەداوادەرناچێ کەپیاودەیەوێ جاری واهەڵکەوتووەکە لە نیشتنەوەدا تایەیم لێپەنچەر بووبێ و ترساوم کە مەبادا تایەکە بتەقێ، هەر یەک لە م تایانە بایی١٤٠مارکن، بەڵان دەرکەوتۆە هەر"وێنتیل"ی هەوای تایەکەدەرچۆە کە ئەمیش گۆرِینی هاسانە.

ئێمە بڕێکمان قیل دە سێ دانە قتوولکە کردن، بڕێکمان بێنزین بە پەرۆیەک داکرد و لەسەر قتوولکەکانمان دانان و بردمانن لەسەر ڕێگای نیشتنەوە جێگامان بۆ قوڵکردن و دامانانان. لە هێرمانیم پرسی بۆچی لە ناو ئەم قوڵکانەمان داناون؟ پێی گوتم:

ـ وەختی دەقوڵکەدا دایسێن خەڵکی هێمانکا رووناکاییان نابینن، بەڵان من لە سەرەوەڕا دەیانبینم... و جیاوازیشی هەیە دەگەڵ رووناکایی دیکە، ئەمانە گڕیان بڵیندونەوی دەبێ.

هێرمانی هێندی وردە حاجەتی دیکە،

لە وانە چرا لامپایەکی دەستی هەروەها عەینەکێکی مۆتۆرسکلێت دەگەڵ بوتڵە ویسکییەکەی دانا ناو شەوفڕەوە، پاشان دەرگای گەوەری عەمبارمان خستە سەرپشت و فڕۆکەمان پالدا بۆ دەرەوەو چرای عەمباریشمان کوژاندەوە، من چووم قتوولکەقیلەکان ئاگر تێبەردەم و هێرمانیش خەریکبوو چەکمەکانی لەپێ بکات.

ـ دە بێ وابکەین باری لێقورس نەبێ.

هێرمانی پێخواس دانیشتە سەرفەرمان و منیش لە تەنیشتی جیمگرت، هێرمانی بە پەنجەکانی و هەروا بە تاریکی دەگەڵ دوگمەکانی شەوفڕ خەریک بوو و رەنگە پیکە ویسکێکیشی دابێ بە مۆتۆڕەکە. من لەسەرڕا چوومە خوار، داوە بەنێکم لە شوێنی وەکار خستنی مۆتۆڕەکە کرد و لەیەکەم باداندا مۆتۆڕ وەکار کەوت و فڕۆکە دەستی کرد بە بزوتن من خۆم بە باڵیەوە هەڵاوەسی و توند خۆم فڕێداناوەوسەرجێگاکەم کاتێ لە قەراغ قتوولە قیلە داگیرساوەکانەوە تێدەپەرین هاوکات بۆنی نەفەسی بە ویسکی ئێمە لە ناوەوەی

شەوفرِدا مرۆی ئازار دەدا، بەلان زۆر پێنەچوو هەوای سافی بەرزایی دەمووچاوی لاواندینەوە و لە ناکاو شەوفرِ هەستاو بڵیند بوو.
هێرماننی لە پەنا گوێم هاواری کرد و کوتی:
ـ بڵیندقسە مەکە، گوێمان لێکتر دەبێ مەگەر ئەوکاتە کە دەگەینە سەر بەحرێ لەوێ دەبێ بە قەوەت دەگەڵ یەک بدوێین!
لە وەهەوا کەوتندا، لەپێشدا چرای کلیسای شار و دواتر دەریای پانوبەرین خۆی لەپێش ئێمەدا پان راکردبوو. بای سورعەت لە پەنا گوێ ویزەویزی دەهات، چاوم ئاویان تێوەستابوو. هێرماننی بە عەینەکەوە لە پشت فەرمان چاوی پارێزراو هەروا بە پێش هەر خەریکی راگرتنی بالانسی فرِۆکە و راگرتنی پێدالی بێنزین بوو. فرۆکەکەمان لەپێشدا هەڵبەز دابەزی زیادتر بوو، بەلان کە گەیشتینە بەرزایەکی زیاتر، فرِینەکەمان ئارام و بێ گرێ و گۆڵتردەچوەپێس. چرامان لە پاشرا لێ ونبوون. ئێمە بڵیند و مەودایەکی تەواومان برِیبووکە گەیشتبینە دەوروبەری کەنداوی "بۆتنی" ئیدی ناچار دەبوو بە هاوار دەگەڵ یەک بدوێن.
ـ قومێکم پێ بدە هێرماننی هاواری کرد و هەرکەسە و فرِی خۆمان لە ویسکی دا. شەوی مانگی هەشتەمی ساڵ، لەم بڵیندایەی ئێمەداهە وا سارد بوو، فرە ویسکیەکە یارمەتی دەربوو، بای سارد وەک قامچی لە دموچاوی دەدا. من لە خوارەوەم روانی بەلان هیچ شتێکم بەدی نەکرد، فرِوکەوان تێگەیشت من خەریکە ترس دەورم دەدا. دەستی دا چرا دەستییەکە رووی کردە خوارەوە، تیریژی لامپا رووپەری ئاوی دەریای ئاشکرا کرد وەک بڵێی خەریک بێ بوکڵێ، هەروا بڵقی دەدا.

ـ بە مەزەندە من پێموایە ٧٠٠پێ لە رووپەری دەریا دوورین کە دەبێتە ٣٥٠ میتر..مۆتۆڕهەروا گرمەی دەهات، ئێمەش هەر بۆ سەر دەچووین. فڕۆکەوان رادەی بەرزی فڕۆکەی راگەیاند ٥٠٠ میتر، ٧٠٠ میتر... کیلۆمیترێک،هاواریکرد.

ئەوکاتە کە لامپاکە نایسێ، رووی ئاوی دەریا دوورتر دەنوێنێ، فڕۆکەوان راگەیاند.

ـ من پێموایە ئێمە زیاتر لە ١٢٠٠ مێتر لە ئاو دوورین.

وا وێدەچوو گەیشتبینە بڵێندایی‌یەکی ئەندازە، چونکە هەم دەوری مۆتۆڕەکە لە کەمییدەدا وهەم ئێمەش بەبێدەنگهەڵبرین لەقسەی یەکترحاڵی دەبووین

لە رووی دەریادا ئێمە دوو دانە دوورگەمان بەدی کردن. یەکێک "مائاکالا" و ئەمەکەی دیکەش "ئولکوکالا". من ترسم لێنیشت مەبادا رێگامان لی ون بێ، بەڵان کاپیتان گوتی خۆی شارەزای دەریاکەیە و جێی نیگەرانی نیە، کەیفی خۆت بکە، کوتی.

لەو دەمەدا بیرم لەم ژیانەی خۆم دەکردەوە کە تا ئەوکاتە دەگەڵ نەنکم لێتیتیا بردبوومە سەر، ژیانێک کە ئەم بڕیاردەری بوو و من تا ئەوکاتە چ ئاگادارێکی ئەوتۆم لەسەر ژیان نەبوو، سپاس بۆهێرماننی تائاویتسینین!

ـ رات چییە لەمەر سەقامگیری؟ ئایا سرنج راکێش نیە؟

ـ ئەمە ماشێنێکی عالیە! و تۆش پیاوێکی زۆر باشی ئاغای هێرماننی!

ـ لە من گەڕێ، پەسندی فڕۆکەکە بدە لەجیاتیان.

ئێمە چەند دەورێک بێروبەوێدا خولاینەوە. لە یەکێک لەم دەورانەدا فرۆکەمان نەوی و بەرز بۆوە، بەڵان هێرماننی لەسەررا میزانی فڕینی تەیارەکەی تەنزیم و میزان کردەوە.
ـ لە راستیدا کەم کەس باوەڕ دەکا کە کابرایەکی خانەنشین بتوانێ شەوانە بەم چەشنە لە هەوادا بسووڕێتەوە!
هێرماننی قومە ویسکێکی دیکەی هەڵدا و فڕۆکەی بەرەو سەرتر برد و کوتی:
ـ پارەی خانەنشینی و برە زیادیەک کە هەر لە هەمان رێگاوە پێم دەگات ئەم فڕۆکەیەی پێ سازکراوە. پارەی کە لە مامەڵەی کەوڵ وەگیرم دەکەوێ هەر فریای ژیانی رۆژانە و مەشروبەکەم دەکەوێ. ئەگەر باوەڕیشم پێ بکەی، هیچکام لە دەڵەکەکانی من چ جاران رایان نەکردوە.
ـ بەڵی بەڕاست باوەڕ دەکەم وایە.
ـ چونکە دڵەکەکان منیان خۆش دەوێ، نایانەوێ فریوم بدەن... و منیش دڵم نایە هەموان هەر بکەم بە کەوڵ، لەم بابەتەوە هەر ئەوەندەیە کە بە وێرنێڕیی یان دەفرۆشم. ئەم کەوڵی حەیوانی پیری پێ باشترەچونکە زوو قرچ نابن.
ئێمە باماندوە بۆگەڕانەوە تا بنیشتنەوە. هێرماننی خۆی باش ئامادە کرد. هێرماننی بە دەستی چەپی فەرمانی فرۆکەی توند ڕاگرتبوو، کاتێ بە چرادەستیەکەتەماشای دمووچاویم کردتێگەیشتم سەرمایەتی چونکە لەبەر ئەمە کە سەقامگیری فرۆکە کە بەباشی رابگرێ ناچاردەماجارجاردەستەکانی بە نۆبەبباتەدەرەوە وبەرامبەربە هاتووچۆی هەوای ساردی دەرەوە، را یان بگرێ.

من لێم پرسی قومە ویسکێکی دیکەی دەویٚ یاننا!کوتی، نا.

ـ واباشە جێگۆڕکێیەک بکەین، دەستم لە سەرمان تەزیوە، چونکە میزان راگرتنی گازەکە لە دەرەوەیە.

ئێمە وامان کرد جێمان گۆڕی، من خۆم نووشتاندەوە بەرەوخوار بۆ بەر پیٚ، هێرماننی بەسەر مندا خوی هاویشتە سەر جێگاکەی من. دواتر لە بن فەرمانەکەڕا دەستم درێژ کرد و شوێنی میزانکردن و رێکلاژی گازەکەم بە دەستەوە گرت. فەرمانی رێوەبەری فرۆکە هەر لە دەست کاپیتان دابوو. ئەو دەستەی کە لە پێشدا رێکلاژی گازەکەی پیٚ گرتبوو بە تەواوی سڕ ببوو.

پاش ماوەیەکی کورت هێرماننی دەستەکانی خۆی وەکار خستنەوە و جارێکی دیکە جێمان گۆڕیوە. ئێمە بەرەو مائاکالاٚ هاتین، شوێنی ئایسانی قتووە قیلەکانمان رەچاو کردن، کە گەیێشتێنەدەوروبەریان رووناکایمان لیٚ بەدی کردن. هەرسیٚ دانە قتوولکەی بە پڵیتەی قیل هەروا دایسان و باندی نیشتنەوەیان پێدەکوتین.

هێدی هیرماننی فرۆکەکەی هێنایە خوار بەرەو باندی نیشتنەوە. فرۆکە نیشتەوە بەبیٚ هیچ کێشەیەک وبە تەواویش لە بەردەرگای عەمبارەکە. هێرماننی مۆتۆڕەکەی کوژاندەوە، ئێمە کە پێیەکانیشمان رەق ببوون لە فرۆکە هاتینە خوار. فرۆکەمان بە پاڵ لە عەمبار هاویشتەوە. هێرماننیی پێخواس، چەکمەکانی خۆی هەڵگرتەوە تا لەسەر پلیکانەکانی ماڵ پێوپلی خاوێن بکاتەوە و دەپێیان بکاتەوە. ئێمە چووینە ژووری ماڵەوە. چرامان هەڵکردن. ویسکییەکە قرتی لێبڕابوو.

ـ من هەرگیز لە پاش فڕین ناخۆمەوە. باستۆ ـ حەمامی بەهەڵمی ماڵێمانهەڵکردوبوی نوستین تاکاتی وەخەبەر هاتن بیچپینێ. تۆ سەفەری دوورودرێژت لەبەرە ئاگۆستی دەبێ بێیەوە سەرخۆ، هێرماننی ئەم ئامۆژگاریانەی لەپێش چوونی بەرەوخەودا پێدام وکوتی:

ـ من لام وایە کە وێرنێری لەو سەروانەیە لە باسکەی "لاپسکا" لە "شیلپیسیاروی". خۆدەزانی پییڕراش هەر لەوێیە.

# 9

من نەمدەتوانی زیاتر لەوێ لەلای هێرماننی تائاویتسیینن گیر بم و دەگەڵی بچمە شەوفرینی شەوفڕ، چونکە دەبوو وەدوای پێوشوێنی باپیرم کەوتبام. من پەیامێکم نارد بۆ لێتیتیا لە هێلسێنکی و تێمگەیاند کە شوێنی باپیرم هەڵگرتووە و بەرێوەم بەرەو لاپلاند دەڕۆم. لە هیمانکا را بۆ شیلیسێروی رێگای سەفەرنا خۆش نەبوو هەرچەند مرۆشی ماندوو دەکرد. پێدەشتی ئۆستربۆتن بە کێو و شاخی بڵیندبڵیند تەواو دەبوو. من کە تەماشام دەکرد سەرم سووڕدەما کە فینلاندە چەند وڵاتێکی بەرفرەوانە. تەنیا هەر سەفەری مابەین "رۆوانێمی" تا شیلیسێروی بە ئوتوبووس هەشت کەتەکازێری تێچوو.

من زۆر شل و شەوێق ببووم، کە گەیشتمە توریست هۆتێل لە شیلیسێروی هێندێک بە خۆراگەیشتم، لەپێشدا دووشیکم گرت دوایە دەرکەوتم بە دوای سەروسۆراغی باپیرم دا.

لەراگەیاندنی هۆتێل کچێکی جوان دانیشتبوو، من وێنەی وێنێری وێئ نیشان دا. پرسیم ئایالەلیستی میوانانی هۆتێلی ئێوەدا خاوەنی ئەم وێنەیەبە ناوی ویرنێری وێئەسنینی خاوەن فابریکی چەرم و پێست، هەیە یانا؟

ـ وێرنێری و پیررا لە دەسپێکی هەفتەدا بەرەو چیا رۆیشتین.

ـ دەکرێ بڵێی کام چیا؟ چونکەناوبراوباپیرمە و من لە باپیرم دەگەڕێم و ئەم ئێوارەیەش برە کاتێکم هەیە تا بەدوایدابڕۆم.

ـ نەخێر من نازانم ئەوان روویان لە کام کێو کردوە. ئامرازی راوەماسیان پێ هەبوو.

لێم روون بوو بەرەو چیا رۆیشنی بەم مانایەیە کە دەچنە چیایەکی دیاریکراولەم بەرزایانەی باسکەی لایسکاکە ناوچەیەکی بەربڵاویشە و هاسان نیە پیاو بەتەواوی بزانێ کام جێگا لەوێ.

بەیانەی رۆژی پاش جلک و پیداویستی پیادەڕەویم بە کرێ گرت بە نەخشە و بەقیبلەنماوە وەرێکەوتم. من روم دەلای بەرزاییەکانی "ساننا" کرد، شکم بۆ وێ دەچوو کە باپیرە و پیرە پیاوی لاپلاندی پیرارا، لەوێ لە دەوروبەری ئاوەکانی "سائانایاروی" بەڵان وادەرنەچوو دەوروبەری گۆلەکە بە تەواوی چۆلوهۆل و کەسی لێنەبوو.

من لە کۆخێکی سەررێی چۆلەوانان، قاوەیەکم بۆخۆم لێنا. ئاوەکەی سائانایاروی سارد، زۆر روون و وەک زێوی قاڵ وابوو. بۆوە کە فکرم بێتەوەسەر خۆ، خۆم تێهاویشت و مەلەیەکم تێداکرد، هاوکات سپاسگوزار بووم کە من باپیرێکی ئەوتۆ ئاقڵم هەیە کە ئەگەر لە چنگ خێزانیشی هەڵاتبێ رووی کردۆتە ناوچەیەکی خۆش و جوانی وەک ئێرە، ئیدی لە چەشنی ئەم باپیرانە نیە کە بەرەو "مالۆرکا" تێیدە قوچێنن.

رەنگی جوانی دارو دەونی رەنگاورەنگی سەرەتای پایز، کەژو بەر پاڵەکانی سوور هەڵگێڕابوو. ئاسمانی ساماڵ و شین و بەرزکە لە ناو ئاوی روون و وەک تەرزەی گۆلەکەدا شکابووە، دیمەنێکی خەیاڵیی لێسازببوو. من تێگەیشتم کە باپیرە لەبەر کەوڵی دەڵەک نیە کە رووی کردۆتە ئەم ناوانەوە، بەڵکە لەبەرخاتری ئەم سروشتە

جوانەیە لێرەیەوبۆ ئێرەیە کە باپیرەهەمووجارێ خۆی لەم پێستە ورچە دەزیتەوە کە لێتیتیا تیوە دورواوە.
پاش نیوەڕۆکەی هەمان رۆژ بەرەو بەرزاییەکانی "شاهکایاروی" وەڕێکەوتم تا دەگاتە "ئایلاککوائارا". لەوێڕا بەردەوام بووم بۆ "هائاسیلوائارا"بەڵان باپیرە و پیررا تووش نەهاتم. من وێنەکەم پێشانی چۆلەوانێکی دیکەش دا بەڵان سەرێکی لێبادام، وێرنێری نەدیبوو.
لەلایەکی دیکەی مائاسیلوائارا، تووشی ژنە بەخۆوەیەکی رەشتاڵە هاتم کە کۆڵە بارێکی قورسی بەپشتەوە بوو. ژنە دەگەڵ ئەوەش کە لە ژێر باری گرانیدا کۆم ببووە، وێدەچوو لاقانی قوە و توانای پێویستیان تێداهەبێ. من سلاوێکم لێکرد،
ژنە راوەستا، کۆڵەباری قورسی لە پشت هێنایەخوار. دوو چاوی رەش و گەورەی تروسکەیان دەدا وەک بلێی باسی کارایی و توانایەکی تایبەتی خاوەنیت بۆ بگێڕێتەوە. بەبێ پرسوڕا، زیپی پانتۆڵی لە پێی ترازاند و پانتۆڵی لە پێ کرد. پاشان شۆرتەکەشی بە هەمان مەرەد بردو ران و ناوڕانی خۆی هاویشتەبەر نمایش. واقوڕماو چاوم تێبڕی بوو. لەلایەک ترس دایگرتبووم لە پێشنیاری بێدەنگی ژنە، لەلای دیکەوە ئیشتیا زۆری بۆ هێنابووم. من لام وابوو تووشم بە تووشی ژنەشتێکەوە بۆە.
ـ خانمەکە پیاوی چاکبە، بەڕاست پێویست ناکا...
ئەم بە زمانی ئاڵمانی دەدواومێش یەک وشەم لێ نەدەزانی.
ئایا ئیشتیای هەستا بوو؟ یان خێر و ئارەزووی گەڕانەوەی ماڵ لەم ناوچەسەر بەرزە دوورکەوتووەی ئوروپا، لە شاخی "ئارکتیسک" قوتپی

باکوور ـ  زۆری بۆ هێنابوو؟ دەکرێ پیادەڕۆیی وماندوویی زۆرویەنیایی وای لێکردبێ کە تووشبوونی خۆی بەیەکەم پیاوی گونجاوی نەناسراو بە نێعمەتی خوداداد لە قەڵەم بدا.
کاتێ دیتی من هەروا بێ دەسەڵات بەبێ ئەوەهیچ هەنگاوێک بنێم حەپەساوراوەستاوم، ژنە لەسەر خۆ رووتکردنەوەکەی چوو هەتا هەموو تەنپۆشەکانی لە کۆڵ خۆی کردنەوە، رووت و قووت لەم کەژە پڕدارو بەردەدا، دەستی کرد بە هەڵبەزنێکی شێتانە بە دەوروبەری خۆیدا. شانوپیلی رێک، تەغەرە پشتی قووڵ تا خوار، لەرەی سمتی کەروێشکی و نەرمەڕانی شلک و تەرزی خۆی، دەنواند.
ژنە لە هەڵبەز دابەزیدا جارجار چاوێکیشی لە من دەکرد. منی خستبۆەناوبازنەی دانسەکەیەوەوەک بڵێی دەیەویست بمخاتە ناوچوراچێوەی هیپنۆتیزم و چاوەدێریەوە.
ئەم رۆژە رۆژێکی بە تەزوو هەوا ساف و بڕێک بە نەرمە با بوو، وام هاتە فکرەوە کە ژنە ئەگەر بە زوویی دەستبەرداری هەڵبەدابەزی بە رووتوقووتی خۆی نەبێ، لەوانەیە لەم کەژە بە تەزوەدابەنەخۆشی سەتلۆجەم گرفتاربێت، ئەدی چارە!
ئێستا دەبێ من چبکەم؟
من هەوڵمدا ئارامی بکەمەوە. جلکەکانیم وەکۆکردن و دەمەویست بیگێرمەوە نێو جلکەکانی بۆیە شڕەوبڕەکانیم یەک یەک بۆ دەنواند، لەبەر پەلەپەلیان بەسەر زمانم داهات کیس_کیس_کیس...
ژنە هیچ وێنەدەچوو بیەوێ وازبێنێ و هەروا لەسەر هەڵبەز هەڵبەزەکەی بەردەوام بوو. لام وابوو تەواوی ناکا و رەنگە بتوانی سەعاتها بەم چەشنە لەسەری بڕوا، بۆیە وبۆ ئەوەکە

کێشەکەبەرلەهەرڕووداوێکی دیکە ببڕمەوە، گشت تواناودوورلە گوناحەکانی خۆم کۆکردنەوەسەریەک و بڕیارمدائەم کارەی بکەم کە لام وابوویاریدەی ژنەی دەدا.

من چەکمەکانم لە پێ دەرکرد، پانتۆڵی بەرم داکەند، بەدوای ژنەدا دەستم پێکرد وەک وی. لەپێشدا خانمە ئاڵمانی زیاتر لە خۆی نووسا بەڵان کاتێ دیتی کە من خەریکم لە مەبەستی دەگەم، خێراییەکەی شل کردەوە تا بیگەمێ. ئەگەرچی جارێ بەتەواوی وازی لە جەزم بوونەکەی نەهێنابووکە من کاری عیلاجیم بەرێوە برد.

بەر لە کارەکە، فکرو زکرم ئەمە بوو کە ئەگەر ئەوەش کە من هەموو هێزو توانای خۆمی تێدا بە کار دێنم هەر فایدەی نەداو و لە جەزمە نەکەوت و روحی نائارامی دا نەسەکنا چ کەردەن؟

واچووکە وابوو، کارەکە لە رۆژێکی بە کزەبادا و لەسەر بەرزاییەکانی کەژی مائاسێلوائارا بە ئەنجام گەیشت و کاتێ تەواو بوو لێم مەعلووم بووکەبەرهەمی باشی لێکەوتۆتەوە.

ـ ژنە کە بە بەئارەزوی خۆی گەیشتبوو، هەروابزەی دەهاتێ. چاوەکانی شەڕاڕەتییێشوویان تێدانەمابوو.

من ژنەم گێڕاوە سەر جلکەکانی و زۆر بە ئارامی دەستمدا شۆرتەکەی و بۆ یم ڕاداشت پاش بڕە خۆ گەنخاندنێک وردەوردە جلکەکانی دەبەر کردنەوە و منیش هەروەهاودوایی یاریدەمدا تاکۆڵەپشتەکەی هەڵگرێتەوە وەک ئەمەی کە جوانومایینێکی بەتاقەتم زینکردبێ.

ژنە کۆڵەباری لە شانە بە هێزەکانی قایم کرد، تەماشایەکی منی کردبۆخاترخوازی، ئیدی بەمەستی کێوپەیمایی، روولەبەرزاییەکانی کەژی سائانن بەرەو خوار شۆڕ بۆوە.

# 10

من لەوێ بەجێمام ولەقەد پاڵی بە دارودەونی رەنگ سوور، زەردوبژوێن، دانیشتم و لە فکری بێ تاوانی خۆمدا رووداوەکەم دێناودەبرد. ئەمە بۆ منی لەمبارانەوە بێ ئەزموون، زیادەرۆییکی بیر لێ نەکراو و کەم وێنە بووکە لە رابردووی منداڵیم نەهاتبۆپێش. من لێرە لەم نوختە قوتبیە دەگەڵ ژنە ئاڵمانێکی چۆلەوان دەستم تێکەڵ کردبوو بەبێ هیچ بەرنامە و زەحمەتێکی لە پێشدا داندراو. لە ناوخۆمدا دەبرژامەوە و خۆم وەک ئەحمەقێکی تەواوکارە دەهاتە بەرچاو.

ئەدی ئەگەر هاتوو ژنە رەشتاڵەی ئاڵمانی زگی پڕ بووچیوچۆن؟ بە رێگادا سەناریۆکەم لە مێشکدا دێناودەبرد. ساڵی دیکە لە هاوینێدا منداڵێک، دوور لە من لە شوێنێکی نەناسراوی ئاڵمان،رەنگە لە قەراغ چۆمی "راین" یان بەڵکە لە ناوچەیەکی سەنعەتی و پیشەسازی... بەڵێ لەوێ، لە خوێن و لە گۆشتی من منداڵێک بێ سەرپەرست، بێ ئاگا لە ئایەیندەی خۆی لە ماڵی ژنێکی شێتۆکەدا دەزریکێنێ، کە وەختێک لە وەختان لە ناوچەیەکی شاخاوی وڵاتێکی دوورەدەست لە بەرهەمی گەرم داهاتنی دایکێکی بێ ئیمان کە لەم ئاندا وەحشی وئەقڵی لەدەست دابوو، دێتەژیانەوە.

بەڵان ئەم هەستە کە من وەک پیاوێکی تەواوعەیار، ئەرکی لەو چەشنم لە دەست هاتووە، دەڵی خۆم دەدامەوە وبەخۆمم دەگوت کە ژنە پاش کارەکەی، هاتبۆوەسەرریوشوێن... وەختێک کە خەریک بوو

ورده ورده لە کێشەی دەروون رەهادەبووم، رێگای خۆم داگرت بەرەو ئەولایەنەی ژنەی لێوە هاتبوو. لە ڕێگادا تووشی دوو پیاوی کامڵ هاتم کەبەکۆڵەباریقورسەوەلۆژەلۆژ بەرەومن پێهەڵدەگەڕان. لەپشت ئەوانەوە کابرایەکی لاپلاندی بە نەڕمەغار و لە دوای ئەمیشەوەچەند کەسێک، بێجگە لە باپیری من وێرنێری وێئەیسینن وەدەرکەوتن. کابرای لاپلاندی کە گەیشتە من بە تەواوی ماندوویی لێ دیار و هەر هانکە هانکی بوو.

ـ رۆژباش کوتی و پرسی ئایالەرێدا ژنە رەشتاڵەیەکی بەخۆوەی ئاڵمانی تووش نەهاتووم؟

من گوێم نەدا کابرا لە جیاتیان بەرەو باپیرم رامکرد و باوەشم تێ وەرهێنا. ئەمیش هەر ماندوو ببوو و قسەی بۆ نەدەهات. کە بڕێک حەساوە و پشوویەکی دا کوتی:

ـ جندەیە لە دەست ئێمەی راکرد، ئێمە پێمان وایە بەم دەورو بەرانەدا هاتووە، تۆ دیتووتە؟

گلەمەند کوتم:

ـ پیرە پیاوی وەک ئێوە ناکرێ بگەنە بەرزایی ئەم ناوانە و بەدوای ژنانەوە بگەڕێن... و تۆ باپیرە دەبێ پێکەوە بچینەوە ماڵ لێتیتیا وای بڕیارداوە. ئێستاتێی هەڵدە لە کێشەی لێتیتیا، کوڕە!

من بۆ ئەم پیاوە پشووسورانەم گێڕاوەکە من جەندەکەی ئەوانم دیوە، بەڵان لە باسەکەی دیکە خۆم پاراست.

ـ هەموو جلکەکانی خۆی بۆ فڕیدای؟ کابرای لاپلاندی کە پێموابوو دەبێ پیررا بوو بێ لێی پرسیم.

ـ بەڵێ وای کرد، جوابم داوە.

ـ ئەدی تۆ چت کرد؟ باپیرە پرسی.

ـ هیچ شتێکی تایبەتی ... خۆی لە خۆیدا.

پیرەمیردەکان نەفەسێکیان هێناوەبەرخۆ و هەریەکەی جگارەی خۆیان داگیرساند. ژنە تازە دوور کەوتۆتەوەکوتم و لەم چیاو چۆلە نایگەینێ و ئیدی بە قازانج نیەخۆی پێوە ماندوو کەن. ئەوجار دەستیان کرد بە قسەولێدوان ، بە قەولی خۆیان، لەمەر جندەکە.

پیررا قسەی وەرگرت و گوتی:

ـ ژنە هاوینان دێتە ئێرە، هەمووجارێش، جار لە جار، خوێن گەرمترە.

باپیرە کوتی:

ـ ئەم رۆژانەم لەم دەوروبەرانەدا دەگەڵ ئێمەش هەربۆە، بەلاْن ئەم بەیانیە نەهاتە سەر وەعدو قەراری داندراو. بێ بەڵێنی کرد، چونکە تا من و پیررا چوین سەرێکی تۆڕی ماسیەکان بدەین، ئەم بۆی دەرچوە وتەنیا کوتە نامەیەکی بەجێهێشتبوو بە ئاڵمانی و نووسیبوی بە دوعا پیرە پیاوان.

پیررا لە درێژەدا کوتی:

ـ هەرکە زانیمان دەرباز بوە، ئێمەش دەستماندا کۆڵە پشتیەکانمان ویاڵڵابەدوایداوئەگەربڵێم هەموورۆژەکەهەربەهەلاْتن لەپەی بووین دروم نەکردووە.

ـ حەیف لە دەستمان دەرچوو، کەچی باپیرم هیچ باسێکی لێتیتیای نەهێنا زمان وەکە هەر نەشبووبێ.

ناچارمام خۆم دەست پێبکەم و ئەرکی خۆم بەجێ بگەیەنم بۆیە بە باپیرمم کوت کێشەی جندە خانم وێڵکە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ هێلسینگی.

ـ ئەم قسە بێتامە چیە دەیکەی کوڕە؟ من بۆ هیچ جێیەک ناچم تا کاروبارم تەواو نەکەم. ئەمە لە کوێت زانی من لەم ناوانەم و چۆن گەیشتویەتە ئێرە؟ کوتی.

ـ تائاویتسینن لە هیمانکا پێی گوتم و لە هۆتێلیش هەر دەیانزانی، کوتم

ـ بەڵێ، بەڵێ، بەڵان ئێستا بگەڕێوە ماڵ و بە لێتیتیا بڵێ هەرکە کارم بە ئەنجام گەیشت دێمەوە. بەڵان لەپێشدا دەبێ بچمە سەروتر بۆ نۆروێژ. پێشی بڵێ بە

لێتیتیا هیچ جاری دیکە بە دوای مندا نەنێرێ. ئەمەم پێخۆش نیە.

ـ نابێ، تۆ دەبێ دەگەڵ من بییەوە چ بەزۆر چ بەخواهیش، راکێشت دەکەم بۆ ماڵەوە، نەنکم وای پێکوتووم.

باپیرم تووڕە بوو. هەستا سەر پێ و جگارەکەی بە پانێەی پێڵاوەکەی کوژاندەوەو راشکاوانە گوتی:

ـ وێرنێری وێئەیسینن بەبێ ویستی خۆی راکێش ناکرێ. ئەو کەسەی دەیەوێ وێرنێری راکێش بکات جارێ لە دایکی خۆی نەبووە! نەخوازە بە ئەمری ئافرەتێک، تێدەگەی کوڕە؟ ئێستا دەرۆم تۆش لە هەوڵدا مەبە پێشم پێ بگری،با تووره نەبم.

جووتەی پیرەمێردان بەپەلە بەرەولای سائاننا ملیان پێوەنا، هەوڵمدا منیش دەگەڵ بم، بەڵان دەگەڵیان دەرنەچووم ، لە دوامدا. بەدوایاندا هەڵاتم بەڵان لە پێچ پێچی کەژوکێو و دارودەوەن، لێم ون بوون. من خەریک بوو دەبوورامەوە بەڵان وازم هەر نەهێنا. لەلای دیکەی سائاننا را گەیشتمە رێگای گشتی و لەوێڕا وەک سێبەرو نیسێ بن

دیتمن کە بەرەو هۆتێل دەچوون. من دەخۆم نووسام تا بە هەر جورێک بێ بیانگەمێ.

من زۆرم نەمابوو تا ئەوان، بەڵان تاکسێکیان گەیشتێ، باپیرە سوار بوو. دیم باپیرەکە لە پشتەوە دانیشتبوولە دووراودوور دەستێکی بۆ هەڵتەکاندم. تاکسیەکە بایداوە و رووی کردە لای نۆروێژو گازیدایە.

پێیررا لە دەرەوە لەسەر پلیکانەکانی هۆتێل دانیشتبوو. پیپە کوژاوەکەی خۆی بدەمەوەبوو، وێدەچوو لە فکر رۆچووبێ. کاتێ منی دیت گەشاوە، هەستا سەرپێ و سەرکەوتوانە گوتی:

ـ بەڵێ، ئێمەدوودانەپیرەمیرد لە دەست گەنجێکی وەرزشکار کە دەیەویست بمانگرێ هەڵاتین.

ـ من وەرزشکاکار نیم، کوتم. باپیر بۆ کوێ چوو؟ لێیم پرسی.

ـ خۆت دیتت خۆ. ئەم چوو بۆ نۆروێژ یان شوێنێکی لەو دەوروبەر.

کوتم من بەدوایدا دەچم وئەگەر پێویست بکا بەزۆریش دەیبەمەوە، پێررا باوەڕی بەمە نەبوو.

ـ وێرنێریت بۆ نابیندرێتەوە فەقیر. وێرنێری زۆر گورج و وشیارە.

# 11

من پارەی هۆتێلم دا بۆ مانەوەم و داوام کرد تاکسێکم بۆ بگرنەوە بۆ بەیانی بەڵان نەکرا...

چوونکە لە شێلییلیەرووی تەنیا یەک تاکسی هەبوو ئەویش ئەمە بوو کە باپیرە لە پێش چاوی من لێی سوار بوو و پێی هەڵات بۆ نۆروێژ.

من نەمدەزانی دەبێ چ بکەم، بەتەواوی بێ چارە ببووم. باپیرە لە دەستم دەرچوو، ئێستا چ جوابێک بە لێتیتیا بدەمەوە؟ پێررا بەزەیی پێمدا دەهاتەوە.

ـ بە جەهەننەم کوتی، ئەم دەڵێ چی و ناڵێ چی، هەر تەلەیفون دەکەم بۆ دەروازەی سنووری نۆروێژ و داوایان لێدەکەم پێشی پێبگرن. ئەوان دەتوانن کەسانی وەک وێرنێریش بۆ ماوەیەک رابگرن.

پێررا تەلەیفونی لە پۆلیسی گومرگی سنووری نۆروێژێ کرد و بۆیانی باسکرد بە شێوەی تایبەتی خۆیان کە کیشە چیە.

ـ تاکسیەکە بەمزوانە دەگاتە لاتان، میلی سەر رێگا راکێشکەن وابێ تاکسیە نەتوانی دەرباز بێ خۆ ئەگەر هەر نەیویست راوەستی، لێیدەن تایەکەی لێ پەنچەرکەن.

ماوەیەک بێدەنگی حاکم بوو، پێررا گوێی لە نوختەکۆنترۆڵی گومرگ راگیریان کردبوو، کە چی لەسەررالەسەررا بەردەوام بۆە بەڵان بگاتەجێ، لەزمان منەوەپێیدەڵێن باوێرنێری تەلێفۆنێک بکات بۆ من لە هۆتێل.

من بۆ پێیررام رووماڵ کرد که لێتیتیا چلۆن ژنێکه. پێیررا بۆی سەلماندم که به زۆر بێ یان بەخواهیش دەبێ بیبەمەوە.
ـ ئارام بەو بەس. ئێمه به وێرنێری دەڵێین بگەڕێتەوە ئێره. لێره چەند وێنەیەکی لێ هەڵدەگرین و بۆ خانمەکەی دەنێرین تا بزانی که تۆ له ئەرکەتدا شکستت نەخواردوه به دوای کارەکەتەوە هەرهەی. وێرنێری ئەگەر رازی بەگەڕانەوەش نەبێ، وێنەکان کاریگەری خۆیان دەبێ. ئێستا ئیدی با چاوەڕوان بین، مسۆگەر که گەیشته ئیدارەی گومرگەکه لەوێڕا تەلەیفون دەکا.
تەلەیفونەکه هات لەپێشدا کەسێکی گومرگ چەند وشەیەکی کوت دواتر باپیرم زۆر تووڕەو تۆسن هاته سەرخەت.
ـ ئەمه چ فەزاحەتێکه! پیاو بۆی نیه هەر بۆ خاتری چەند خزم و دۆستێک له وڵاتەکه دەرکەوێ! من هاوارم کردوگوتم خۆ هەرنەبێ باپیره  دەبێ رەزایەت بدا بێتەوە هۆتێل و چەند وێنەیەکمان دەگەڵ بکرێ.
ـ باپیره گیان! من دەبێ بەشێوەیەک له شێوان به نەنکم بسەلمێنم که به راست تۆم دیتۆتەوە، کوتم... دەنا نەنکم هیچ پارەیەکم بۆ نانێری... خۆت دەزانی ئێرەش زۆر گرانه. باپیره بەنابەدڵی ملی بۆ زەروورەت راکێشا و گەڕاوه بۆ هۆتێلەکه. پێیررا کامێرایەکی به ئەمانەت له تووریستێک وەرگرت، فیلمێکی کڕی، ئەوجار من و باپیرەی لەسەر پلیکانەکانی هۆتێل راگرت و چەند وێنەیەکی دەگەڵ یەک و له باوەشی یەکتردا لێکێشاین.
کاتێ وێنەگرتنەکه تەواو بوو لەسەرڕا باپیره چوو دەتاکسیەکەوە. من هەوڵمدا بزانم له نۆروێژ لەکام شوێن و جێگا دەبێ، بەڵان نەیەویست

بیدرکێنیٚ. ویستم منیش دەگەڵی بچم بەڵان قبوڵی نەکرد. من راوەستا بووم و چاوم لێبوو تاکسی رووی کردەوە سەر رێی گشتی بەرەو نۆروێژ. باپیرە بە روویەکی خۆشەوە لە پشتەوەی تاکسی را دەستێکی بە مانای خاترخوازی بۆ هەڵێنام.

زۆر پێنەچوو بوو ئیدارەی گومرگی نۆروێژ بۆ جارێکی دیکە تەلەیفونیان کردەوە:

ـ کابرا گەڕاوەتەوە ئێرە، بۆی هەیە تێپەڕیٚ یان نا ئەمجارەیان؟

ـ بەڵیٚ ئێستا لەلایەن ئێمەوە بۆی هەیە.

شەویٚ لە ژووری هۆتێل، فیلمی گۆرینم دەگەڵ نامەیەک پێچاوە ناردم بۆ نەنکم. لە نامەکەمدا بۆم نووسیبوو:

ـ نەنکی خۆشەویستم! من باپیرەم لێرە لە بەرزایەکانی باسکی لایسکا دیتۆتەوە.باپیرە سڵامەتیی لە جێیە و سڵاوی بۆت هەیە. وا فیلمێکم بۆ ناردی تا خۆت بەچاوی خۆت باپیرەت چاو پیٚ بکەویٚ، بەڵان جاریٚ بۆم نەکراوە راکێشی هێلسینکی بکەمەوە. ئەم بۆی کرا خۆی بدزێتەوە و بەرەو نۆروێژبڕوا. پارەم بۆ بنێرە بۆ هۆتێل "نۆررائێسهاو" لە " ترۆمسویٚ" چونکە دەچمە وێندەریٚ ولەوێوە لێی دەگەڕێم. لێرە هەوا زۆر خۆشە و بە تایبەتی رەنگە پاییزیەکان یەکجار جوانن. بە رێزو حورمەتەوە، نەوەی خۆت ئاوگۆست. من فیلم و نامەکەم بە پۆستی بەپەلەدا نارد بۆ هێلسێنکی. نەموێرا تەلەیفونی بۆ بکەم.

# 12

من دەگەڵ ئوتووبووسی خەتی پۆستی نۆروێژ چوومە ترۆمسوێ. سەفەرێکی مەترسیدار بوو. جادەیەکی باریکی مارپێچ، لە بەرزایی را کە تەماشای خوارەوەم دەکرد سەرم دەگێژەوە دەهات. لەوانەبوو بڕشێمەوە.

لەوێ من چوومە هۆتێلی نوررائیسهاو.هاوکات دەگەڵ گەیشتنی من بۆهۆتێل، نامەی نەنکم وپارەی نێردراویشی گەیشتنە جێ. دەبێ ئالْقەی فیلمەکە بە نەنکم گەیشتبێ و ئەمیش زۆر بەپەلە وێنەکانی بۆ ئامادە کرابێ، چونکە نووسیبووی:

ـ وێنەکان باش بوون. ئایائەمە پلیکانی هۆتێلەکە بوو کە ئێوە وێنەکانتان لە پێش گرتبوون؟ پێویستی هەبوو کە هەموو فیلمەکەشی پێ تەواوکەن؟ باشتر نەدەبوو بەجێی هۆتێل بچنە میوانخانەیەک؟ پێویست نەبوو هەموو فیلمەکەش هەر بگرن خۆ ئەگەر وێنە کەمتریش بان من وێرنێریم هەردەناسییەوە. تۆ دەبێ وشیار بی و دەست بەخەرجەوەش بگری!

نەنکم هەروەها نووسیبووشی زۆرباش بۆە کە باپیرەم دۆزیوەتەوە. بەلاَن لەمە ناڕازی بوو کە توانیوێتی خۆی بدزێتەوە.

ـ سەت جارم پێ نەگوتوی ئاگۆست کە تۆ نابێ چاو لەسەر وێرنێڕی هەلْگری؟ مەبەستی من ئەمە بوو بە زۆر یان بەخواهیش ئەم کابرا بزۆزە بێنیەوە ماڵ تۆ هەرخەریکی وێلخەرجی دەکەی و لەم رێیەوە گیرفانی خەلْکی دیکە پڕ دەکەی.

لە ئاخردا بڕەئامۆژگارێکی بۆ بەرەو پێشچوونی ئەرکەکە پەنجە لەسەر دانابوون ونووسیبووی:

_من ماوەیەکی تەواوهەر بەتەماشای نەخشەی نۆڕویژەوە سەرقاڵ بووم، دەمدیت نۆرویژولاتێکی درێژوباریکەڵەیە،بۆیەوێدەچێ کێشە یەکی بەزەحمەت نەبێ تا ئەم کەسەی لێی دەگەرێی بیدۆزیەوە. جەنگەڵ و دارستانیشی زۆر نیە وەک فینلاند. بۆیە بە دڵنیایی لەوێ هاسانتر دەدۆزرێتەوە تا فینلاند. زوو خەبەرم بدەیە ئەگەر ئەم کابرا وێڵە چەرمەت دیتەوە، ڕێگای مەدە جارێکی دیکە لە دەستت رابکا. نەنکت لێتیتیا

من رێگایەی باکووری نۆرویژم گرتەبەر. من دەچوومە شارە چووکەکان و دێهاتەکانەوە و وێنەی باپیرەم پێشان خەڵکەکان دەدان.

بیچمێکی سرنجڕاکێشە، بەڵان ئێمە نەماندیتوە، دەیانکوت.

باکووری نۆرویژم زۆر پێخۆش بوو. من شوناسیم بۆ پێکهاتبوو، هەم دەگەڵ سروشتی وهەمیش دەگەڵ خەڵکەکەی. ئازادانە دەهاتم و دەچووم و لێکۆڵینەوەم دەکرد، بەڵان هیچ نەتیجە و بەرهەمێکم دەست نەدەکەوت.

لە نێوان گەڕانەکانمدا لە رێگای ناردنی کارت پۆستی جوان جوانەوە گەشبینیی خۆم بە نەنکم لە هێلسێنکی رادەگەیاند تا ناهومید نەبێ و پارەکانم لێ نەبڕێ.

دوو هەفتە بەسەر چووبوو، هێدی هێدی من خووم بەگەرانەکەمەوە گرتبوو، بیری گەڕانەوەم بۆ ماڵ بە تەواوی لەکەمیەیدابوو. چەند شانسێکی خوا پێداو کە باپیرم خۆی بزر کرد بوو! وردەوردە

گەیشتبوومە ئەم هیوایە کە هەر نەیدۆزمەوە و وابێ بۆخۆشم ئیدی پێویست نەبێ بگەڕێمەوە.

بەڵان لێتیتیا لە کۆڵم نەدەبۆوە. کاتی پێمان نا ناو مانگی نۆهەمی ساڵەوە ناچار مام دەست بکەمەوە بەگەڕانە راستەکیەکەی خۆم بەدوای باپیرمدا.

من تەلەیفونم بۆ هۆتێل و نەخۆشخانەکان دەکرد لە هەموو باکووری نۆرویژبە بێ هیچ بەرهەمێک، چووکترین سەرەبەنم لێی وەچنگ نەدەهات. سەرئەنجام بە فکرمداهات کە تەلەیفون بکەم بۆشۆفێری تاکسیەکەی شیلشیسرۆی. ئەم دەبێ بزانێ ئەسپی مراد، باپیرەی لە کوێ بەعەرزیدا داوە.

بەڵان کابرای شۆفیر نەیدەویست پێم بڵێ شوێنی وێرنێری لە کوییە.

_ ناکری هیچ بڵێم مەنعی کردوم، کوتی.

ـ بەڵان من خزمیم ، دەکرێ بە منی بڵێی.

ـ من پێوەستەگیم بە پارێزگاری لە نهێنی موشتەریەکانمەوە هەیە ناکرێ بیدرکێنم، وەک ئی دوکتورەکان وایە. کاتێ ئێمە لە رونربی لێک جوێ بووینەوە وێرنێری سوێندی دام کە بە کەس نەڵێم بۆ کوێم بردووە.

ـ رونڕبی؟ ئاوها چۆتە وێندەرێ! رونڕبی شوێنە راوە ماسێکی ئاسایی بوو، من ئەوێ نەچوو بووم، لام وانەبوو جێگای چوونی باپیرەیە. ئێستا ئیدی یەکراست رووم دەوێ کرد. دێیەکە تا رادەیەک کەوتۆتە باشووری ترومسوێ، لە ناوەندی دۆڵێکی جوان کە گشتە چیایەکی بەرز دەوریانداوە.

ڕۆنڕبی بەگشتی بۆنی ماسی لێدەهات، ماسیگرەبە هەواوە هەر زیقەیان بوو، پروشە بەفرێک بەرێوە بوو کاتێ من گەیشتمە تەنیا میوانخانەی ئەوێ.

ئێستا ئیدی بەرنامەی بە دوای باپیرەوەم لەسەرڕا زیندوو کرد بۆوە.

# 13

هاتەزانیاریمەوەکە باپیرە ماوەی چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا لەرونڕبی بووە و لە ماڵی دۆستێکی خۆی بە ناوی "سوێن هاڵورسێن" میوان بوە.

من پێمگوترا کە هاڵورسێن و وێرنێری لە قەدیمەوە دۆستی یەکترن. من تکام لە خەڵکەکە دەکرد کە بە باپیرەم نەڵێن من لەو ناوەم. تەواو لەم کاتدا واهاتبووە پێش کە باپیرە، حاڵی حازر لەوێ نەبێ. ئەمەی من زانیمەوە باپیرە دەگەڵ سوێن هاڵورسێن چووبوو بۆ شۆنێک کە پێیدەگوترا "ناروِیک" تا لەوێ ئەمرازی ماسیگرتن بکڕن. ئەوان خەریک بوون کە دەگەڵ چەند کەسێکی دیکە سەفەرێکی ماسیگری بکەن لە دەریای "گرۆنلاند" دا. سەفەرێکی لانی کەم یەک مانگی.

خەبەری ئەم سەفەرەی باپیرە و سوێن هاڵورسێن ڕێگایەکی نوێی وەبەرەمن نابوو. بەم مانایە کە ئەگەر ئەم سەفەرە یەک مانگییە سەریگرتبا، بۆ منیش پێک دەهات کە تا گەڕانەوەی کەشتیلەنچی ئەوان لەماسیگریڕابۆرونربی، منیش لەو دەوروبەران بمێنمەوە و ڕۆژی گەڕانەوەی لەنچەکەیان بۆبەندەرگە، لەوێ چاوەروانیان بم. لێتیتیا تەبعەن عاجز دەبوو، بەڵان دیتوانی چ بکا؟ من ڕاستگۆیانە دەمتوانی بۆی ڕووماڵ کەم کە باپیرەدەگەڵ چەندکەسێکی دیکە، بۆ ماسیگرتن ڕووی لەبەحران کردووە و مانگێکیشیان تاگەڕانەوە، پێدەچێ

وابووکەخۆم بە خۆم فەرماندا کە ڕێگابدەم باپیرەبڕواوکاتی گەڕانەوەشی لە کڕینی ئامرازی ماسیگریڕا بۆناورونربی، خۆم ئاشکرا نەکەم و لەژووری میوانخانەکەم دەرنەچەمەدەر، لەوێوە هەر لە پەنجەرەی نهۆمی سەرووڕا کۆنترۆڵی دێیەکە وەبەرچاو بگرم.
جا، چونکەماڵەکەی سوێن هاڵورسێن خانووبەرەیەکی یەک نهۆمی عەرزەکی و کەوتبووە بەرامبەر میوانخانەکەی من، بۆم هاسان بوو هەر لە میوانخانەکە ڕا ئاگاداری هاتووچۆی باپیرە بم و بشزانم کەنگێ و چ کاتێ بەرەو سەهۆڵاوی دەریای گرۆنلاند وەڕێدەکەوێ.
پاپیرە و هاڵورسێن زۆر لەسەر پێ بوون. پاش گەڕانەوە لە نارویک را بە نێو دێیەکەدا دەهاتن و دەچوون و خەڵکەکەیان ئاگاداریدەدا بۆ سەفەری ماسیگریی کە بڕیار بوو بیکەن. پیاو گەل خەریکی خواردنەوە و گۆرانی کوتن بوون بە کوچە و کۆڵانی دێیەکەدا. قسەو باسی لەسەر باپیرە بە دەنگیبەرزدەگەیشتە منیش لە میوانخانەکە.
ـ کابرای فینلاندی خاوەن فابریکی کەوڵ و پێست پیاوێکی زۆر کەیف خۆش و خۆش مەشرەبە. مسۆگەر ناوو ناوبانگی لە وڵاتی فینلانددازۆرە. کابرا دەوڵەمەندە و لەوێ هەیمەنەی هەیە!
وردە حاجەت و پێداویستی ژیان، دەبرا بۆ ناو کەشتیلەنچی هاڵورسێن. بەستەی ئەستووری گەورەگەورەی کەندر، جەعبە میوە و ئامرازی ماسی گرتن هەموو هەموو بەڕێوە بوون بەرەو بارهاوێژی بەندەرگە. مۆتۆرخانەی لەنچەکە ئەزموون دەکرا و دەوروبەری ناولەنچە دەماڵدرایەوە و دەرەوەی ڕۆنکاری دەکرا.
شەوەکەی لە ماڵە هاڵورسێن تا شەو درەنگان هەر بەزم و ڕەزم بەرپا بوو. دەنگی گۆرانی و قاقای پێکەنینی ژنووژاڵ بەردەوام دەهات.

باپیره  گۆرانی فینلاندی بۆ خەڵکەکە دەکوتەوە. جارجار قەرەواشێک لە ماڵ دەردەچوو بەرەو میوانخانەکە دەهات تا مۆم، سەهۆڵ یان شیرینی بباتەوە بۆ ناو فێستەکەیان لە ماڵی هاڵورسێن. لە بەرەبەیانیدا سەبرەسەبرە ولات ئارام دەگەڕا، چرای ماڵە هاڵورسێن کووژانەوە بۆ چەند ساتەوەختێک، چوونکە دێی ماسیەوانان دا سەکنا و بێدەنگی بەسەر داکشا و منیش خەوم لێکەوت.

کاتێ وەخەبەر هاتم لەنیوەڕۆ نزیک ببووە کڵۆ بەفری گەورەگەورە لە ئاسمانەوە دەهاتنەخوار. من لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەم را تەماشای دەوروبەرم دەکرد. خەڵکی دێیەکە سەرخۆشیی شەوێیان پێنەمابوو و بەرەبەرە وە جوولە جووڵ کەوتبوون.

باپیرە و هاڵورسێن دەرکەوتنە دەرو لەسەر پلیکانی ماڵ راوەستان، وێنەدەچوو شەکەتیی شەویان لە لەش دەرچوو بێ. دەنگ کەوتو لەسەر پلیکان سەرئاڵۆز خەریکی خۆ هەڵکڕاندن بوون. دواتر هاتنەخواروبەجووت روویانکردەبەندەرگەی ماسیان

 لەوێ مۆتۆڕەکانیا  هەڵکردن تا ژوورەکان گەرم دابێن.

ئاخرینی شتی کە دەبوو بار بکرێ هێندرایە ناو لەنچەکەوە و کارگێران لە قەراغ بار ئەندازەکەوە بەریز راوەستان.

سەعاتی ١٢ خەڵکی دێیەکە لەبەندەرگەکەدا کۆبوونەوە. منیش هەر چوومە وێ، بەلان لە کەنار راوەستا بووم تا باپیرە نەمبینێ، کە دیتبای لەوانە بوو لە ئاخر چرکەدا لەسە فەرەکەی پەژیوان بێتەوە.

بەر لەبزوتن ئاوی خواردنەوە و سندوقە و ویسکیەک برانە نێو لەنچەکەوە، ئاوی خواردنەوە لە تانکێررا بە پۆمپ کرایە ناوتانکاوی کەشتیەلەنچەوە. خانمی هاڵورسێن سەلەیەکی نانی تازە کە بە

پارچە چیتێکی جوان دایپۆشیبووهێنایە بەندەرگەکە بەسەلەوە حەواڵەی ناومۆتۆڕلەنچ کرا. بۆنی نانی تازە تێکەڵاو دەگەڵ بۆنی ماسی بڵاو ببۆوە بە چەشنێک کەتەبای وژیانی هاوبەشی خەڵکەکەی پێکەوەلێدەباری. سەر ئەنجام کەسانی سەفەرچی ریزیان بەستووخە ڵکانی ماندگاریەک لەدوایک چوونەخاترخوازیان، یەکتریان لە ئامێز گرت وبە قاقای پێکەنین لێک جیابوونەوە. چەند سەگێکی دێیەکە لە ناولاق و لەتەری خەڵکەکەدا دەهاتن و دەچوون، پۆل پۆلی ماسیگرانی لەسەر ئاوی دەریای پانڕاکشاوی بێ سەرو بن، بەزریکە زریک لە گەڕاندا بوون. هاوسەری هاڵورسێن وەک کوترا، سەلە نان و بڕە گۆشتێکی برژاوی بۆ هاڵورسێن بردە ناو لەنچەوە. ژنێک خۆی بەمل باپیرمەوە هەڵاوەسیبوو باپیرەش بە ئاسپایی دەستێکی گەیاندە سمتی بەرینی ژنە و ختیلکەی ختە لەشیەوە.

کارگێڕان روویان کردە ناومۆتۆڕ لەنچەوە. کچە جحێڵەیەکی جوانکیلە دەستی خستبوە ملی کوڕە گەنجی گڕاویی خۆیەوە و بۆی دەگریا و دەگەڵ بزوتنی لەنچەکەش بۆی زەحمەت بوو دەست لە ملی کوڕە بێنێتەخواروتا گەمیەکەنەبزوت وازیلێنەدەهێنا.

ئێستا ئیدی بۆ من هەل بوو لەگەمیەلەنچەکە نزیک ببمەوە و خۆ ئاشکرا بکەم. باپیرە لە ئاخر نوختەی لەنچەکە لەسەر پێ راوەستا بوو کە من دەستم بەمەبەستی خاترخوازی بۆ هەڵێنا. لەنچەکە دوور کەوتبووە، نازانم ناسیمیەوە یان نا. دەستییێکی کەمتاکورت هەڵبڕی و جوابێکی دامەوە. لەم کاتەدالەنچکەشتی دەورێکی داوەوبە پۆلی ماسیگران لەسەر سەرەوە، رووی لە قولایی بەحرێ نا و بە زوویی لە نێو بەرزە شاخەکانی بەفرو سەهۆڵدا لەبەرچاو ون بوو، تەنیا هەر

تەپە تەپی مۆتۆڕەکەی دەهات کەلە کێوو شاخی بەرزەوە بەرەو بەندەرگە دەنگیدەداو.

خەڵکە هێدی هێدی بەرەو ماڵان بوونەوە، تەنیا کچە جحێڵەکە لەوێ بەجێمابووو

چاوێ دەبارینی بەفر بڕیبوو، من زۆر دڵم پێی سووتا، یارەکەی بۆ ماوەیەکی تەواو لێیدووردەکەوتەوە.

# 14

من هەولّمدا دلّی ئەم کیژە جوانکیلە دلّشاکاوە بدەمەوە!
ـ مەگری دلّی خۆت تەنگ مەکە پیپمکوت، هەرمانگێکەودوایە دێتەوە باوەشت.
کیژەفرمێسکەکانی سڕینەوە. کیژەلّە لەهجەکەم را لای وابوو من دانمارکیم، بۆم ڕوونکردەوە کە من فینلّاندیم.
کیژە کلّۆبەفرەکانی لە خۆی تەکاند. پێکەوە بەندەرگەی ماسیانمان بەجێهێشت و بە وردە پیاسە گەیشتینەوە کوچە و کۆلّانی دێیەکە، بەلّان قسەوباسمان تەواو نەببوو.
ـ راستە کە دەگوترێ رووسەکان حوکمی فینلّاندێ دەکەن؟
کاتێ جوابم داوە کە بەراست وانیە، کچە بەشک و گومانەوە تەماشایەکی کردم. پاشان بە نۆبەی خۆم لێیم پرسی ئەدی چۆن بوو کە سەربازی ئالّمان رێیان پێدرا بێنە نۆروێژەوە و دەگەلّ ناتۆ مەشق بکەن؟
ـ ئەوەندەی لە ماوە شەڕەکەدا لە ئالّمانییەکانڕا پێتانگەیشت بەستان نەبوو؟ نەیتوانی جوابم بداتەوە و کوتی لەم روانگەوە من بیرم لێ نەکردۆتەوە.
کیژە هەر وەهاهێنایەزمان وگوتی کەئەم
 فینلّاندیەکانی خۆش دەوێ، لای وابوو ئێمە لە سویدی و لە دانمارکییەکان سەرورووومان خاوێنترە.

من وێنەی باپیرم پێشاندا، زۆری پێخۆش بوو. هیچ ڕەنگ و ڕوویەکی لە غەمباری پێوە نەما. کچە ناوی "ئینگە وێرگەلاند" بوو، دەگەڵ "ئولاو"، کوڕە گەنجەی گراوییەکەی کە دەگەڵ لەنچەکە چوو، پێکەوە لە مەکتەبێکی سەرەتایی منداڵان لە رونربی ماموستا بوون.

ـ ئەم ئولاوە بەردەوام لە سەفەری ناو ئاو دایە، هەرکە هاڵورسێن پەنجەیەکی لێ هەڵبڕی ئەم ئامادەی رۆیشتنە، ئەمە لەسەر منیش شوێنەوار دادەنێ، گوتی. مانگبە مانگ لە نێو بەحرێدیەو هەموو جارێ کە دەگەڕێتەوە لەبەر بۆن ماسی و بۆن ئارەقەی، ماوەیەکی تەواو لە ئازار دام.

ئینگە دەستی لە گلەییەکان هەڵنەدەگرت و منیش پێم وابوو هەق بە ئینگەیە، بەراست ئاسایی نەبوو مانگ بە مانگ خۆشەویستەکەی بەجێی بێڵێ و هەموو جارێش ماوەیەکی تەواو لێی بێخەبەر بێ، ئەوێش تەنیاهەر لەبەر ماسیە وردیلەی "سییل".

پێشنیارم کرد کە ئینگە فێری نۆروێژیم بکا. دەستمان پێکرد بە دزی یەکترمان دەدیت، مامۆستای مەکتەب بوون لە چووکە دێیەک دا سرنجی چاوی خەڵکی لە دوایە، لە فینلاندیش هەروایە، جیاواز لەوەش ئینگەدەستگیرانی کوڕەش بوو.

یەکشەممە رۆژێک چوو بوێنە نۆرویک، ئینگە کەلێن و قوژبنی شاری پێشاندەدام. ئێمە بەجوێ چووبووینە وێندەرێ، تاکەس لە رۆیشتندا پێکەوەمان نەبینێ. ئەورۆژەکاتێکی زۆر خۆشمان بردەسەر، ئێوارەکەی لە گەڕانەوە دابۆ رونربی، لە پشت دیواری میوانخانەکە وەهام ئینگە لە باوەش کردو بە خۆمەوە کوشیم کە کڵاوەکەم لەسەر کەوتەخوار. جا خۆت بیری لێ بکەوە و بزانە چەندە خۆش و

بەتامدەبێ کە لە چووکە دێیەکی زۆر ئارامی شوێنی راوەماسی فرسەتێکی ئەوتۆت بۆ بێتە بەرەوە.

ئێوارەیەک پێکەوە دەگەڵ ئینگە چووبووینە سەرشاخێکی بڵیند و لەوێڕا تەماشای چراخانی دێیەکەمان دەکرد لە دۆڵداو لە ژێر پێی خۆمانەوە. لە ناکاو تەزوە بایەکی سارد هەڵیکردێ، ناچار هەستاینە سەرپێ و لە قەد پاڵی کێوەکە و لە پەنا بینایەکی گەورەی قەدیمی کەبۆ وزەی کارەباسازکراو بوو، خۆمان پەنادا.

ئینگە بۆی باس دەکردم ئەم بینایە سازکراوێک بۆە کە بەمەبەستی بەنداووکارەبا لە بەنداو دروست کراوە بەڵان کە ئاڵمانیەکان نۆروێژ یان داگیر کردوە، سەدەکە تەقێنراوەتەوە و ئەم دێیەش دەکەوێتەژێر مەترسی وەبن ئاوکەوتنەوە. بەڵان خەڵکە ئامادەکاریان هەبوە و پێشگێڕەوییان لە سێڵاو کردوە. ئاڵمانیەکان پاشان سێ کەسیان لە هێزی بەرگریی خەڵک، لەسەر دیواری سەدەکە ئێعدام کردوە. سێ دانە سەلیب بە مانای بیرەوەری و رێز لەم سێ وڵاتپارێزە لەسەر سەدەکە نەخش کراووبەجێماوە.

دەرگای ژووری توورбینەکە لەسەر گازی پشت کرابووە. لە خۆشیان هاوارمان لێ بڵیند بوو. بەپەلە خۆمان دەژوورەی هاویشت و دەرگاکەمان لەسەر خۆمان پێوەدا، ئینگە کوتی کابرای چاوەدێری بینایەکە، ئاڵکۆلیستە جاری واهەیە سەدەکە بەجێ دێڵێ وەک ئێستا کەلە بەختی ئێمە لەبیری چووە دەرگاکەش دابخات. ئێمە لەم فرسەت و لەم بێ خەبەریەی کابرا کەیف خۆش بووین.

ئینگە لە پێشتردا چ جاری دیکە لەوێ نەببوو. من دەستمپێکرد باسی بەنداوم بۆدەکردو ئەمیش تامەزرۆ گوێی بۆ راگرتبووم

مۆتۆڕتوربینەکانی بەنداو، تەپە تەپ لە کاردابوون و ژوورەکەیان کرد بوو بە گەشتیەماڵێک وەک دەکوترێ، بۆرموزن وجندۆکە. ئینگە کەمێک دەترسا بەڵان کە دەستیم گرت و دەگەڵ خۆڕاکێشم کردە پەنا مێزێکی گەورەی داندراو، تا رادەیەک سوکنای هاتێ. من پاڵتاوەکەیم لەبەری داکەند و لەسەر ئاسفاڵەتی ژووره رامخست.

ماوەیەکی تەواو بەجووت لە سەرپاڵتاوەکە درێژ بووین و بە ماچ کردن و کەیف خۆشییەوە بردمانە سەر. ئینگە ئولاوی لەبیر نەمابوو و منیش دەربەستی گوناحبایی خۆم نەبووم تەنیا لە بیرم بوو سپاسگوزاری باپیرە بم کە لە سایەی ئەم رایە کە من لێرەم. ئاواتەخواز بووم کە سەفەری دەریای گرۆئینلاند قازانجە ماسییەکی زۆری بۆی هەبێ.

درەنگ ببوو. ئینگە دەبو بگەڕێتەوە ماڵ بەر لەوەکە دایوبابی بۆی پەرۆش ببن. ئێمە هەستاینەسەرپێ، جلکەکانمان رێکوپێک کردنەوە و بەرەو دەرگای دەری بزوتین.

بەڵان دەرگا لەسەرمان قفڵ ببوو. هەرچی هەوڵماندا بۆمان نەکراوە، دەرگامان لەسەر داخرابوو. ئێمە بەراست دامابووین کەدەبێ چبکەین، بەتایبەتی لەبەر ئینگە.

ـ ئێمە هەر لەبرسان و لە تینوان لێرەدا دەمرین، ئینگە کوتی، دەرکەوانی دایم سەرخۆش جاری وایە بە هەفتەش نایەتەوە سەردانی ئێرە، خۆ ئەگەر مەشروبی دەست کەوێ لەوانەیە هەر نەیە تەوە یان زۆر درەنگتر لە هەفتەی جارێک.

من دەستمکرد بە گەڕان بە دەوروبەردا بەشکوو دەرڕەوێک ببینمەوە، لەگەڕاندا دەرگایەکی دیکەی گەورەی ئەستوورم هاتە بەرچاو کە بە

گەورە قفڵێکی ژەنگاوی داخرابوو. ئەم دەرگایە رەنگە بۆ ئەمە بەکار هاتبێ کە کاتی خۆی توربینەکانی پێدا هێنرابنە ژوورەوە.
ژووری توربینان گشتەپەنجەرەیەکی تێدابووکە هەموو لە بڵیندایی و روو بەدێییەکەش بوون. لەخۆم نووسام و پێ هەڵسروسکام بەڵام کە دیتم لە دە مێتر زیاتر لە عەرزەکە بڵیندن، وازم لەم رێگایەش هێنا.
ـ ئەمەیە بەرهەمی کاری بیلعەت! بە فینلاندی خۆم بەخۆمگوت.
ـ چت کوت؟ ئینگە پرسیی
_ هیچ. هەر دوعایەکم کرد. دەرکەوت کە ئینگە خاوەن باوەڕیشە چونکە لە جەنگەی بێدەسەڵاتییدا، دەستی کرد بە پاڕانەوە لە خوای خۆی بۆ دەرباز بوونمان لەم تەنگژەیەی تووشی هاتبووین.
دەستم کرد بە گەڕان بە دوای پارچە ئاسن یان شتێکی دیکەی بەتاقەت ، بەشکو بتوانم قفڵەگەورەکەی پێ لەبەریەک ببەم، بەڵان بێ فایدە بوو لە چەند ئاسنەواڵەیەکی باریک و بێ کەڵک زیاتر چیدیکە دەست نەکەوت. لە لە ناهومێدیان ، دەستم کرد بە جنێودان بە دەرکەوانی دایم سەرخۆش.
ئینگە کە خەریکی دوعا و پاڕانەوە بوو لە ژووی نیوە تاریکەدا ، ئەوەندەجوان و سرنج راکێش بووبۆم کە مەجبور مام جارێکی دیکەش جلکەکانی پێدانێمەوەولە سەرعەرزەکە رایانخەمەوە،ئینگەبەگیان ودڵ لێم نیزیککەوتەوە وجاری دیکەش تێکەڵ بووینەوە. ئینگە پاڕانەوەی لەخوای خۆی لە بیر نەچوو بۆوە و هەروا خوا خوای بوو.
کاتێ لەسەرڕا راست بوومەوە و دەستێکم بە جلک وبە سەرو پۆتراکی خۆم داهێنا، لە سەرڕا وەکەلێن و قوژبنان کەوتمەوە. لەناکاولە پەنایەک چاوم بە تەلەیفونێک کەوت.بەپەلەرامکردەسەر

تەلەیفونەکە و دیتم بێعەیبە وکاردەکالە، بەڵان ئینگە گوشییەکەی لە دەست دەرهێنام و داینا‌وە جێی خۆی.

ـ ئەگەر ئێمە ئاوا لەم جێیە ببینن دەبێتە ئابڕووڕێژێکی گەورە! من ماموستام، لە کارەکەم دەردەکرێم. بێجگە لەمەش من و ئولاو پێکەوە دەستگیرانین. باوکم بزانێتەوە لە وانەیە هەموو سەرو گوێلاکم تێککاتەوە تەنانەت لە میراتیش بێبەریم بکات. ئەمە هەر بەراست وابوو، داهاتووی ئینگە دەکەوتە هات و نەهاتەوە.

تێگەییم نۆروێژیش وەک فینلاند کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی هەیە.

سەرئەنجام من فکرێکی دیکەم بۆ هات.

واتەکاتی سەدەکە لە زەمانی شەڕدا تەقێنراوەتەوە دێیەکەش تاریک داهاتووە. تاریکی چەند رۆژێک بەردەوام بووە تا ئاڵمانیەکان توانیویانە دێیەکە بە کارەبای گشتی وڵاتەوە پەیوەست و وێک بخەنەوە. منیش دەمتوانی هەرهەمان کاربکەم ودێیەکە جارێکی دیکە تاریک دابنێم.

ئەگەربمەوێ دوگمەی کارەبابڕەکە بادەمەسەرنوختەی سیفربەشە کارەبای دێیەکە هەر لە جێ دەبڕێ و دێ تاریکدادێ. نەتەلویزۆن و نە رادیۆ هیچکامیان کار ناکەن. خەڵکە دەبێ لە چرادەستی یان شتی دیکە بۆ ڕووناکایی کەڵک وەربگرن. خەڵکی تووڕەی دێیەکە حەتمەن دوای نیگاوان دەکەون، لە ماڵ یان لە دەرەوە دەیبێنەوە داوای چارەسەری کارەبای لێدەکەن. ئەمیش لە دنیا بێ خەبەر بەغار روو لە بەرزایی قەتپاڵ دەکا تابزانێ چ روویداوە و کاتی ئەم دەگاتێ و دەرگای دەکاتەوە ئێمە بەپەلە لە تاریکیدا دەردەپەڕینەدەرێ.

پرسیار ئەمەیە کە ئەم تاریکداهاتنە چ مەترسییەکی پێوە دەبێ؟ ئایا دێیەکە چ نەخۆشخانەیەکی هەیە؟

لە پیرخانەی دییەکە نەخۆشخانەیەکی گچکە هەیە، ئینگە گوتی. ئەگەر وا هەڵکەوتبێ کە کاتی کوژانەوەی جێنڕاتۆرەکە پیرەمێردێکی ماسیگر لە "رێسپیراتۆر" دابوبێ، هەناسەی بە بۆن ماسی پیرە، هێدی هێدی دەبڕێت و تەواو دەبێ. من تکام لە ئینگە کرد کە تەلەیفون بکات بۆ شوێنێک، جێگایەک، کە ئاگاداربێ وبزانێ کە ئایا خەستەخانەی دێیەکە مۆتۆر کارەبایەکی تایبەت بەخۆی هەیە یان نا؟

ئینگە ئەمەی کرد کە من پێمگوت. بەخۆشییەوە دەرکەوت بەڵێ، نەخۆشخانەکە جێنراتۆرێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ کاتی لێقەومان. بۆیە بڕیارمدا کە پلانەکەی خۆم بەرێوە ببەم.

دێیەکە لە ئاسودەیی تەواو دابوو کە من دەمەویست دوگمەی مۆتۆرە کە بادەم ئەم دوگمە بادانەی من دەبوو بەهۆی تێکدانی کاتیی ژیانی هەزاران کەس لە خەڵکی نۆروێژ،بە لآن دیسانیش دوگمە جێنراتۆرم هەربادا بۆسەر سیفر.

ئینگە لەبەر پەنجەرەوە هاواری کرد:

ـ هەرچی بەکارەبایە کوژانەوە! دنیاکە یەک سەر تاریکداهات. ئافەرین ئاگۆست! من رام کردە پەنجەرەکەی لای ئینگە، تاکردەوە و هونەری خۆم ببینم. وڵات تاریک و خامۆش بوو. ئەم دێیە جوانە لەبەر رووناکایی کارەبا، ئێستا تاریک ورەشداگەڕابوو ، تەنیاهەر مانگە شەوی زستانیی لە سەر دێیەکە شەبەقی دەداوە دەنا هیچ.

ئەوە منم ئەوکەسەی کە رووناکایی دێیەکەم لە شەپۆلەکانی ئاوی "ئاتلانتیک"بێبەش کردوە.

دیاربوو خەڵکەکە بەرەبەرە بە چرای دەستییەوە وەجووڵە جووڵ کەوتبوون بەشێوەیەک کەدەکرا پیاو جێگەورێگە بناسێتەوە. لەنێو چرادەستیەکاندا چرایەک لە جووڵە دابوو کە بەرەو بەرزایی دەهات. کابرای نیگاوان بە چرادەستەوە بە وێرغە بەرەو ئێمە دەهات، وەک من دامنابوو.

کابرا کەسی دیکەی دەگەڵ نەبوو. ئێمە لەدەرگای دەرێ چووینە پێش و خۆمان وەپەنادا.

کلیلی گەیشتە قفڵێ و دەرگا ئاواڵە کرایەوە، کابرا رای کردە سەر دوگمەی بادراو لەیەک ئاندا ئێمەش هەردوو دەرپەڕینەدەرێ بۆ ناو هەوای ئازاد و لە هەمانکاتدا بەرەو دێیەکە وەرێکەوتین. ئاگاداری خۆمان بووین کە تووشی خەڵکی دێیەکە نەیەین. وڵات جارێ هەر تاریک بوو. بێدەنگ من بەپلیکاناندا وەسەرکەوتم بۆ ژوورەکەم و هەر بێ مەحتەلی بەچاوی نیوەکراوە گەڕامەوە خوار بەرەو ژووری راگەیاندن کە کەسێک مووم بەدەستەوە راوەستابوو.

ـ ئەمە کێشەیەکی کاتییە، کابرا گوتی.

ـ من بە م تاریکداهاتنە لە خەو وەخەبەرهاتووم، گوتم.

# 15

لە پاێش کێشە ی تاریک داهاتنی رونربی، من و ئینگە نەماندەوێرا وەک جاران بەڕاشکاوی چاومان پێک بکەوێ. ئینگە پێی وابوو خەڵکە بە گومانەوە لێمان دەڕوانن و لێرولەوێش سرتوخورتێکمانبەدواوەیە.

هەرچۆنێک بوو، مانەوەم لەم دێماسیە، درێژخایەن نەدەبوو. مانگە خەریک بوو تەواو دەبوو و باپیرە لەسەفەری بەحرێ ڕا دەگەڕاوە و دەگەڵ ویش دەستگیرانی ئینگە.

نەنکم لە هێلسێنکی را بۆمبارانی بە نامەی کردبووم. پێی دەگوتم دەبێ قوللەی کێوان و بنی بەحران لە باپیرە بگرم تا بیبینمەوە و بیگێڕمەوە بۆ هێلسێنکی.

جوابی من بۆ نەنکم ئەوەبوو کەبا لە رووی نەخشەرا تەماشایەکی بەحری ئاتلانتیک و دەریای سەهۆڵاوی باکوور بکات تا بزانێ باپیرە لەکام جێوشوێنە.

لە ئاخروئۆخری مانگی دەهەم دا کەقەرارە کەشتیلەنچی باپیرت بگەڕێتەوە رونربی، بیگرە و بیگێڕەوە دەنا لە جیاتیان خوشکت زیگنێ بەرەو نۆروێژ دە رێ دەکا. ئاوا خەرج و موخارجێکی کەمتریش دەکەوێتەئەستۆم، نووسیبووی.

هەڵبەت مەعلووم بوو کە زیگنێ کەمتر خەرج هەڵدەگرێ، چونکە ئەم هەم مەسەبی بوو و هەمیش ئارەق نەخۆر، بەڵان سەرئەنجام

لەوانەبوو کێشە گەیشتباجێیەک کە بە زوویی هەموو بنەماڵەی وێیەیسنین بکەونە ڕێگای بە شوێن یەکتردا.

من هێنابوومە بەرچاوی خۆم کەچۆن زیگنێ وێنەیەکی من بەدەستەوە لێرولەوێ لە نۆروێژیان پرسیار دەکا ئەگەر کەسێک من، واتەخاوەنی ئەم وێنەیەی دیتبێ؟ کەچی خەڵکە پێی پێدەکەنن و سەری نای بۆ بۆدەلەقێنن. بەراست ئەم دۆخە لەرزی دێنا دڵمەوە.

بەڵان پاشتر لە رادیوی نۆروێژەوەم زانی کە لەنچکەشتی هاڵورسێن بەرەو گەڕانەوەیە بۆ رۆنربی و منیش فەوری خەبەری رادیۆم بۆ هێلسێنکی ناردەوە. ئەمە وای کرد قەدەرێک لەکێشەوگێرەی نامەونامەبازی، سەرم سووک بێ.

لە ناوەڕاستەکانی مانگی یازدەهەم، کەشتی هاڵورسێن گەیشتەوە ماسیەبەندەری رونربی. کەشتیەکە دوو هەفتەیەک لەکاتی دیاری کراوی خۆی درەنگترگەیشتنەوەبەندەرگە. گشت خەڵکی رونربی لەوێ کۆوچاوەڕوانبوون، هەڵبەت منیش هەروەها، ئینگەش هەر هاتبوو و لەوێ بوو. کاتی ئەمە هاتبوو کە دەگەڵ دەسگیرانەکەی یەکبگرنەوە.

لەوێ من لێینەچوومەپێش و قسەشم هەر دەگەڵ نە کرد. کابرای کار کارگێری میوانخانەکەی من سەبارەت بە بڕانی کارەبایەکە، کەمێک بە ماناوە کوتی:

ـ ئەمەئەوکەسەیەکە کارەبایەکەی لێبڕین و هەموو دێیەکەی خستە تاریکییەوە...

لەولاوە هێندێک دوورتر، تەپەتەپی مۆتۆڕی لەنچەکەشتی هاڵورسێن دەهاتەبەر گوێ و لە ئاسمانەوەش پۆلپۆلی ماسیگران بەسەر کەشتییەکەوە، گەیشتنیان رادەگەیاند. زۆر پێنەچوو لەنچی گۆرین

لەبەرامبەر تیشکی تیژی هەتاوی وەرزی ساڵ وەدەرکەوت. گشتی سەرنشینانی لەسەر پانتای کەشتییەکە راوەستا بوون و دەستیان رادەوەشاند و لەبەندەرگەش را خەڵکی دێیەکە وڵامیان دەدانەوە، هەرکە کەشتی لە بەندەرگە لەنگەریگرت، خەڵکە هجومیان بردە ناوەوە ماچ و خۆهەڵاوەسین بەسەرنیشینانی سەرو ریش نەتاشراوی بۆرو چڵکنی بەبۆ ماسی، دەستی پێکرد.

منیش چوومە ناوەوە و بەخێرهاتنەوەی باپیرەم کرد.

ـ ئاگوستی! تەماشای.

باپیرە کوتی لە رۆیشتنیشدا تۆم لە دوورەوە وەبەرچاو هات، بەڵان پێموا نەبوو ئەم ماوە دوورو درێژە هەر لێرە لە رونربی مابیەوە.

بەرە بەرە سەرنشینان و خەڵکەکە بەندەرگەیان چۆل دەکرد، روو بە مالە هالۆرسێن وەرێ دەکەوتن. لەوێ مێزە فێستێک، رازاوەبەشیرنی و وردەخواردەمەنی دیکەش لە چەشنی کیکی هەمەچەشنە، ماسی، چا و قاوە ئامادە کرابوو کە سەرنشینانی گەڕاوە لە گروئێنلاند دەیانخوارد ودەیانخواردەوە.

پاش شیرنی و چای و قاوە و... ئەمجارەیان نۆرەی گۆشت و مەشروب هات. بۆ من ئەم بەزم و هەرایە شتێکی تازە بوو، بەڵان بۆ خانمگەلی کە ماوەیەکی تەواو پیاوەکانیان ون و لەسەفەردا بوون، شارەزا وکارامەبوون کە دەبێ چۆن هەلسوکەوت بکەن.

پاش خواردن و خواردنەوەیەکی تەواو، گەلی سەفەرچی کەشتی هەرکەسەو دەستی خانمی خۆی گرت و روو بە ماڵ بوونەوە. ماڵ لە خەڵکی دێ بەتاڵ بوو، ئێستا ئیدی کاتی ئەمەهاتبوو کە سەری سەر نیشینانی کەشتی بەتەواوی سووک وئازادبێ.

چەن ساتەکاتێک پاشتر، سەفەرچیانی گۆرین هاوڕێ دەگەڵ گراویی خۆیان لەسەرڕالەدیوەخانی ماڵی هالۆیرسێن بە یەکەوەکۆبوونەوەو ئینجا باسی داهاتی سەفەرەکەیان هێنامەیدانەوە. باپیرم بەشەکەی خۆی بە هالۆرسێن فرۆشت، پارەیەکی باشی هاتە دەست. ئێستا ئیدی کاتی ئەمە هاتبوو کە من بکەومەوەکاری ئەنجامی ئەرکەکەم کە نزیک بەهەمووی وەرزی پایز، منی لە رونربی گلدا بۆوە، واتە من لە سەرم بوولەسەرڕابکەومەوەهەوڵ بۆئەمەکە باپیرەم ببەمەوەبۆشاری هێلسێنکی.

من بەرنامەی خۆم دارشت، بەرنامەیەکی سوکوساکار. خۆم بە دوو دانە بوتڵە کونیاک تەیار کرد. بریارم وابووکە باپیرە سەرخۆش کەم، سواری تاکسێکی بکەم و رێ و راست بازۆم بۆ هێلسینکی هەڵبەت ئەمە خۆی پرۆژەیەکی گران قیمەت دەبوو بەڵان دەمزانی نەنکم لێتیتیا ئەوەندە پارەیەی بە دەستەوەیە کە لەگەیشتنداپارەی خاوەن تاکسی بدات. من بە دوو بوتڵەکۆنیاکی ناودارەوە، رووم کردە ماڵە هالۆیرسێن.

باپیرە لە ژوورێکدا نوستبوو. من گلاسە کونیاکێکم لە گەروی هاویشت ولە ژیانم وەخەبەر هێنا. ناڕازی بوو کە لەخەوم کرد بوو. بەڵان کاتێ تامی کۆنیاکی کردومنی بەبۆتڵەوەدیت خەو مانابێ لەسەریدا نەما. من برێکیشم بۆ خۆم تێکردوئیدی دەستمانکرد بە وردە قسان وهێدی هێدی بەدمبەدمەش.

باپیرەهەڵیدایە سەرگێرانەوەلەسەفەری گرۆئێنلاندو دەیگوت ئەرکی قورسیان بە ئەستۆوەبۆە. پێویستی بە مە هەبوە کە هەمووڕۆژێک سەهۆڵی ناولەنچکەشتیەکە بکرنین و فرێیەیدەنە دەرەوە دەنابەقسەی

وی باری کەشتییەکەیان وەها قورس دەبووکەدەکەوتەمەترسیی نقوم بوونەوە.

باپیرەدەیکوت لە ئاوەکانی ئیسلاند دا، ماسی سییل کەم بوو رەنگە هەر سەتان تۆن، بۆیە ئیسلاندیەکان ناقایل بوون وبە تایبەت گلەیان لەم کەشتیانە هەبوەکە بۆپارێزگاری لەئاوی دەریاکان لەهاتوچۆدا بوون وبوونەتە لەمپەرێک بۆ ماسییەگرەکانی ئەو ناوچەوهەر بۆیەش ئەمەی کە دستی راوچییەکان کەوتوە کەم بوە و هەر ئەوەندە بوە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا لە بازاری "رەیکاویک" بە پارەیەکی گونجاو فرۆشراوە.

ـ ئولاو نەخۆشی"سوزەنەک" ی گرتبووە، بەڵان باسی مەکە لەلای ئینگە. ئینگە کچێکی هەستیارەو هەروەها بە وەفاشە، کوتی.

من وەعدم پێدالەم بابەتەوە بێدەنگ بم.

باپیرەگێرایەوەوگوتی، لە ئاوەکانی بەحری گروئێنلاندا هێندەمان "قەشەماسی" گرتبوو کە ناچارماین بیست تۆن لەوان پێشکەشبکەین بە باغی وەحشی وڵاتەکە لەوێندەر.

لە گەڕانەوەدا گوتی، کەشتییکەمان کێشەی هەبوو چونکە لەبەربارقورسی، بەدەنەی وە کیوەبەفران دەکەوت. جارێکیان وەها وێکەوت ترساین نقوم بین و ببین بەخۆراکی ماسی و قرژاڵی دەریایە، بەخۆشییەوە نەجاتمان بوو. جابزانە تووشی چلۆنها مەترسییەک بووینەوە و چلۆنمان گیان دەرکردوە. جارێکیشیان کەشتییەکە لە تەختەسەهۆڵدا گیری کرد.

ـ بۆم باسکە، گوتم.

ـ بەڵێ، وابووکە گیرمانکرد، هاڵورسێن بە سەرداری تێلگرامی کەشتییەدا هەڵگەڕاسەر و دەستی کرد بە دووعا و پاڕانەوە. خەڵکی نۆروێژ لە سەریەک ئەهلی دین و دیندارین، باپیرەگوتی. ئاوها، هاڵورسێن لەپێشدا هانای بردە بەر " لوتر" خوای ئێمە، دوایە لەعیسای مەسیح داوای یاریدەی کرد. کە لە وانڕا هیچ قازانجێک دەستنەکەوت ئەمجاردەستبەیەخەی مەلائیکەکان بوو وبەناو چەند دانەیەکی لەوان هێنایە سەرزمان، کەچی لەوانیشەوە هاوکاریەک نەهات. ئەوجار ناچارما بەناوی "توور" و لەتووربپاڕێتەوە.

من کە لەسەر پانتای لەنچکەشتیەکە راوەستا بووم، بانگم لێکرد بێتەخوار! لەدوعا و نزایان گەڕێ، بێ ولە جیاتیان سەهۆڵ لەلەشی کەشتی بکرێنێ، بەڵان گوێی پێنەدام، بەردەوام بوو.

من جامی باپیرەم لە کونیاک پڕ کردەوە و پرسیم:

ـ باشە، سەرئەنجام لە خودایەکان ڕا وڵامێک، یاریدەیەک هات؟

ـ بەڵێ، ئەوان مسۆگەر دەبێ بڕە هێزو دەسەڵاتێکیان هەر پێمابێ بە تایبەتی خودای نۆروێژییەکان، چونکە هەر لەم کاتانەدا کە هالورسێن لەم سەرە داد و هاواری بوو پۆلە " سەگاوێک " سەریرو سەمەرەی بەحران، زل و زەبەلاح روویان لە کەشتییەکەی ئێمە کرد. یەکێک لەوان، کە لمبۆزێکی وەشاخ چووی زەلامی بە مووسمێڵی درێژەوە پێوەبوو، وەهامان لێنزیک بۆوە کە تەواوێک لێی ترسام و هەڕام کردە تفەنگەم و دەستم دایە کە تەقەی لێبکەم بەڵان پێڕانەگەیشتم. سەگاوبەگشت چووبوونەوە بن کەشتییەکەوە و خۆیان رێدەخشاند. بێ گومان دادو هاواری هالورسینی ئەمانەی بۆلای ئێمە رەکێش کرد بوو.

من کونیاکی زیاترم بۆ تێکردوپرسیم
ـ پاشان چلۆن بوو؟
ـ دیار بوو ئەم سەگاوە زەلامانە کە ژمارەیان پازدە و بیست دەبوو، کە خۆیان لە کەشتییەکە ئێمە دەخشاند، ببوونە هۆ کە سەهۆڵی بن ئاو کەشتییەکەی ئێمەی بەرداوکەشتییەکەمان لە گیرانی ناو سەهۆڵ رزگار بوو وێڕای تەختە سەهۆڵی بنەوە، وە سەر ئاو و وەجوڵە کەوتەوە. بەم تەکانەی کشتییەکە توش هات داری تێلگرامیش سووڕا و لەم سووڕ و دەوەرانەدا هالورسێن خۆشی فڕێدرایە ناو ئاوی بەحرێ، شانسی هێنا کە لە کەوتندا وەبەدەنەی کەشتییەکە نەکەوت دەنامسۆگەر تووشی لاق و دەست شکان دەهات.
ئێمە کونیاکێکی دیکەمان پێدا کرد.
سەگاو گە ، دەگەڵ کەوتنە ناو ئاوی هالورسێن بەپەلە بەدەوری کەشتییەکە دا دەوریان هەڵگرت تا بزانن چ قەوما و ئەم شڵپەیە لە کوێڕا هات و دەوری هالورسێنیانداکە ترسام و لام وابوو نەکەن دەگەڵ خۆی ببن، نەشمدەوێرا تەقەیان لێ بکەم، دە ترسام هالورسێن وەبەر بێ. لە جیاتیان تۆرێکی ماسیگرتنمان بۆ هەڵدا و بە تۆڕەکە رامانکێشاوە لای خۆمان تەڕوتلیس وبۆ ئەوە کە نەیبەستێ لەپێکە ئارەقمان گرت.
باپیرە جامە کۆنیاکێکی دیکەشی هەڵداو ئیدی هێدی هێدی لە قسەو و لە چیرۆک گێڕانەوە کەوت بۆ هەموو رۆژەکە، بەڵان لە خواردنەوە هەر نەکەوت.
ـ ئەدی سەگاوەکان چیان لێهات، پرسم:

ـ بەلێ، ئەوانیش هێدی هێدی لێمان وەرەز بوون و بەدوای بەرنامەی خۆیاندا ون بوون ئێمە مەمنوونیان بووین کە ئێمەیان لەگیری ناو تەختە سەهۆڵان رزگار کرد. دیارە کە سەگاو حەیوانگەلێکی بێ ئازارن.

باپیرە لە قسەوباسان بەردەوام بوو. کونیاکێکی زیاتری لە خۆ خەسار کرد تا رادەیەک کە بەتەواوی لە کار کەوت. ئەمجار کوتم:

ـ با بچین سەرێکی نارویک بدەین. تەلەیفون دەکەم بۆ تاکسییەک.

لە تاکسیدا باپیرە کە دانیشتبوو هەروا وەنەوزی دەدان. کە لە ناوریک تێپەبووین.

لەسەر داوای من بەبێ راوەستان کەوتینە سەر شا ڕێی گشتی بەرەو "کیرونا " بەشۆفەرتاکسیم گوت باژووبەرەوفینلاند، ئێمە دەچینەوێ.

لە نوختە کۆنترۆڵی سەر سنوور کارگێری گومرگ پرسی بۆ کوێ دەچن؟ شۆفیر کوتی بۆ هێلسێنکی.

باپیرە خەوی لێکەوتبوو. مۆتۆڕ لەکار دابوو. دەشت و چیای بە بەفر داپۆشراو، لە ژێرشۆقی چرای تاکسی دا دەدرەوشایەوە.

# 16

تاکسی گەیشتە ناو سنووری سویدەوە، ناوچەیەک کە پێیدە گوترا "شۆلین" هێدی هێدی بەفر دەباری، شەو داهاتبوو، باپیرەلەتاکسیدا خەوی لێکەوتبوو، سەری هاویشتبووە سەرشانی من و پلانیش ئارام ئارام بەڕێوە دەچوو. سەرئەنجام ئێمە کەوتبووینە سەررێگای ماڵەوە. من خەریک بوو ئەرکەکەم بەجێدەگەیشت. چونکەلە پاش شوێن هەڵگرتن، باپیرەم دەستبەسەرکردبوو و ئێستا ئیدی خەریک بووم دەمبردەوە ماڵی خۆی و رادەستی هاوسەرەکەی خۆی، نەنکە لێتیتیام دەکردەوە تاسەری وەبن باڵی بنێتەوە. بێشک نەنکم سپاسی لێدەکردم وپێیدەگوتم: ئاگوست، تۆ جێی باوەڕی!

لە ناکاو تاکسی خزی ئەم بەروبەری جادەی دەکرد. منی لە فکر و خەیاڵاتی ناوکەللەم وەخەبەر هێنا، تاکسی کەوتە ڕوبەڕووی ترومبێلێکی دیکەوەکە لەملاڕا رووبەڕووی ئێمە دەهات. رێگا باریکەرێ بوو ، لەلای دیکەوە تیشکی چرای ترومبیلی بەرامبەر لە چاوی شۆفێرتاکسی ئێمەیداکە لە پشت فەرمان چۆرتی لیدەدان و مەترسی ژیانی هێنایە پەنا.گوێیان. شۆفێرتاکسی کەوتە هەوڵەوە کە خۆ لە لێکدان بدزێتەوە، بەڵان سوودی نەبوو، زرمە لە تاکسی ئێمە هەستا و ترومبیلی ڕوبەڕوو کە ترومبیلێکی بارهەڵگر بوو تێپەڕبوو.

وەزع تێکچوو،رسیسەکەم لێبۆوەبەخۆری ودنیام لێبووبەجەهەننم باپیرە وە خەبرهات، وا بزانم سەری وە دەرگای تاکسییەکە کەوتبێ

کەدەستی بەجنێوان کردو دەیەویست بزانێ چ قەوماوە، لەسەرچی ڕاوەستاوین و بۆ هەر نەگەیشتوینە نارویک.
کابرای شۆفێرتاکسی مۆتۆری کووژاندەوە، بە چرا دەستییەکەوە چۆدەروە. ترومبیلی بارهەڵگریش سەت مێترێک لە ملاوە ویستابوو. شۆفێری لۆریی بارهەڵگر، هاتەخوار و بەرەو ئێمە هات و بە فینلاندی قسەی دەکرد. کابرا کورسییەکی بە دەستەوە بوو وهەرواکفریدەکردن.
لەبەر ڕووناکایی چرادەست هەمووومان خەریک بووین بزانین سەدەمەی وێککەوتن چۆن و چەندە. دەرکەوت کە تاکسی و ترومبێلی بارهەڵگر لەسەر پێچێک گەیشتوونە یەکتر وشۆفێریش درەنگ وەخۆ کەوتوون تا وەیەکتر نەکەون. تاکسێکە بەزەربەی وێکەوتوو لە جادە دەرچوو بوو و بارکێشیش ساغ و سڵامەت لەملاوە لە سەرچەقی ڕێ ویستابۆوە.
ئێمە پشوویەکمان دابەخۆ بۆ جغارە کێشان. شۆفێری ترومبیلی بارکێش دەیگوت کۆنەمۆبلی بارکردوون ودەیانبابۆفابریکێکی مۆبل لە نۆڕویک لە هەرێمی ئوستربۆتن. دەرگای پشتەوەی لۆریکەی کرا بووە، چەند دەنک میز و کورسییەک خلیسکا بوونە دەرەوە. لەلایەکی دیکە وەچەند مێزو کورسی و کونتورێک بە دەوروبەردا بڵاو ببوونەوە کە زۆربەیان لە داری جوان و بە قیمەت سازکرابوون. شۆفێرە خۆشی کورسێکی چەرخداری بەدەستەوەبوو، ڕووناکی چرا دەستییەکەیاریدە دەرمان بوو.
شۆفێری لۆریەکە ترومبیلەکەی خۆی پاشەوپاش هێنا تا گەیشتە نزیک تاکسیەکەی ئێمە، سیمبۆکسێری ڕاکێشا و لە پشتی تاکسی قایم کرد.
باپیرە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو خەریکی جنێودان بوو بە هەوای

سارد و بەفراوی ناوچەکە و لە خەمی ئەوە دابوو کە تاکسییەکە درەنگ سازدەبێتەوە و دوکانی مەشروبفرۆشی لە شاری نارویک دادەخرێن. شۆفێری تاکسی لەم وتەیەی هەڵبەزیوە و گوتی ئێمە بەرنامەی چوونە نۆرویکمان نیە، ئێمە لە مێژە چوارڕێیانی لای نۆرویکمان بەجێهێشتووە، ئێستا ئێمە بە دەشتوچیاوەین.

ئێمە ئێستا لە سوێدداین مامە گیان، ناقایل گوتی.

باپیرە لەم کێشە سەری دەرنەدەکرد، بەڵان هێدی هێدی حیسابەکەی دەهاتە دەست. باپیرە تێگەیشت من سەرخۆشم کردووە تا لەم رێگەوە بیگێڕمەوە بۆ فینلاندی ولاتی خۆمان بۆ ناو باوەشی نەنکە لێتیتیای هاوسەری.

باپیرە، لەبەر شۆقی چرادەستی ڕەنگ بزرکاوی دەنواند. وێدەچووزۆر تووڕەووەرەزبووبێ، هیچی بە من نەدەکوت، بەڵان تێگەیشتم کە خۆی بە بێرێزی پێکراو، دێتە بەرچاو. بێ هیچ قسەوباسێک ،کۆڵەپشتەکەی خۆی لە ناوتاکسی دەستدایەو لە تەنیشت کورسییەچەرخدارەکەی دانا و دانیشتەوە سەرکورسییەکە. دیار بوو یەکجارزۆرعەبووسە. شۆفێری لۆریکە بەرەو لۆری خۆی چوو، شۆفێری ئێمەش لە پشت فەرمانی تاکسی دانیشت. لۆری وەکار کەوت، باپیرە جێگورکەیەکی بە کورسییەکە کرد تارێی لۆری ئاواڵەبێ سیمبۆکسێرتوندبووومۆتۆڕی لۆری هێزی زیاتری درایە و هەر بەیەک تەکان بە خۆشیەوە،تاکسیی لە چاڵەبەفر رەهاکردوراکێشی سەر جادەی کردەوە.

ئێمە تاکسیمان هێنا ژێرلێکۆڵینەوە. مۆتۆڕی تاکسی لەکاردابووبەڵان دەرکەوت کە میلفەرمانەکەی لە کارکەوتووچونکە فەرمان بایدەخوارد بەڵان هیچ کاریگەریەکی لەسەربەڕاست وبە چەپداچوونی سەیارە

کەوەنەمابوو. دەرکەوت کە لەوێککەوتنەکەداتاکسیی ئێمەسەردەستی بڕیبوو.
باپیرەکە نارازی گوێی دابۆە قسەکانی ئێمەوەوتازە سەفەریش هەر تێکچوو بوو، داهاتەوە و کۆڵەپشتیەکەی لەشانان قایم کردە وە رووی کردە من و گوتی:
ـ ئاوها، ئەمە پلانی تۆئاوها بوە کە زۆر سووک و هاسان من ببەیەوەو رادەستی لێتیتیام بکەیەوە! ئیدی بێ ئەوە هیچ قسەیەکی دیکە بکا رووی لە جەنگەڵ نا و لەبەرچاوان ون بوو.
کورسی چەرخداری کە باپیرە لەسەری دانیشتبوو بێ سەرنشین لەوێ بەجێما. تەماشایەکی دیکەی ئەو شوینم کرد کە باپیرە لەوێڕا خۆی دەناوجەنگەڵ هاویشتبوو. شۆفێری تاکسییەکە مۆتۆڕی ماشێنەکەی کوژاندەوە وئەوجاربەجوت ملمننالەبانگەواز بەدوای باپیرەوەبەڵان جوابماننەبوو، باپیرە لەتاریکیی شەوێدا بێسەروشوێن لێمان ون ببوو. بێدەسەڵات لەسەرچەقی ڕێگا راوەستا بووم، ئارەقەی ناوچاوانم دەسترِی و بۆ ئاخر جار لەسەررِا بانگ و هاوارێکی دیکەم بە دوایدا نارد.
شەوگار جوابێکی بێدەنگی دامەوە. باپیرە رۆیشتبوو.

# 17

کاتێ باپیره لە شەوەزەنگی بێ مەکانی دەشتودەری ساردو سڕی چۆلگەدا ون بوو، دەستمانکرد بە کۆکردنەوەی کورسی و مێزەکانی پڕشوو بڵاو بەدەورو بەردا، دامانناندەوه ناو لۆریکه و دەرگامان لێدا خستنەوه. تاکسیمان پاڵدا بۆ قەراغ جاده تا نەبێتە لەمپەری هاتوچۆ.

من پارەی شۆفیرتاکسیم لە رونربی یەوه تا ئەوێ پێیدا. چرا دەستیەکەشیم هەر لێکڕی. ئیدی جلکی پیادەرۆیم لە جانتا هێنادەر و دەبەرم کردن. شۆفێر، هەردک دەگەڵ لۆری سوار بوون و لەوێ وەلاکەوتن. پێم خۆشبوو منیش دەگەڵ ئەوان لەجێی گەرم و نەرمی لۆریدابووبام بەڵان نەدەکرا باپیرم بەم تەمەنەوه، لەم تاریکستانە سارد و سڕو پڕ بەفرەدا، سەڵت و سوباتە لە ولاتی لاوەییداو ئەویش لەم دەشتە چۆلوهۆلەدا بەتۆراوی بەجێی بێڵم و بەدوایدا نەچم.

بەخۆشییەوە شەوەکە شەوێکی مانگەشەوی ئارام و بێ با بوو، شوێن هەڵدەگیرا. شوێن بەرەو باشوور و دەریا بوو. جێپێ هەمووی وەک یەک بەرەو بەرزایی بوون، وەک بڵێی پیرە رێوی شوێنێکی نادیاری بەدیکردبێ. مسۆگەر، باپیره شارەزایی رێکردن لە کێوو بەندەنانی هەبوو بۆیەبوو کەدەیتوانی بەبێ قیبلەنما بەبێ نەخشە و ئەویش بەو شەو، و هەر لە رێگا ئەستێرانەوه رێگا دەربکا.

وڵات کشوماتداگەڕابوو. چرا دەستییەکەم کوژاندەوه تا باتریکەی تەواو نەبێ. بەڵان جارجار لەم کاتانەدا کە تووشی دەستە کەوی

سپی بەفری دەهاتم هەڵمدەکردەوە. ئەدی بۆچی لە ڕێکردنی باپیرەدا وەخەبەر نەهاتون و نە فڕیون؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە باپیرە پیرە راوچی شاخ و کێوان، لە سرشت و تەبیعەتی جانەوەران ئاگادارێکی زیاتری هەبوو بێ و زانیبیتی لە کاتی ئەوتۆدا چۆن هەنگاو بنێ. باپیرە خۆشی دەگەڵ پیرە ڕێویەکی دنیادیدە فەرقێکی نەبوو.

بەفر بارستایی زیاتر لە نیو مێتر لە عەرزیدابوو. لە پێچ و پەنایاندا، کەبەفربارڕنی کردبوو بەفرێکی زیاتری تێدا عەمبار کرد بوون، بەڵان من کێشەیەکم نەبوو چونکە پێم لەجێ پێڵاوی باپیرەم دادەناوبە شوینی ویدادەرۆیشتم.

پلەی سەرما رەنگ بوو بگاتە دەوروبەری بیست دەرجە لە ژێر سیفر. من چەکمەی لاستیکم دەپێدا بوو، بەکەڵکی پایزو زستان دەهاتنبەڵان مەترسی ئەمەم هەبوو کە پەنجەکانی پێم کە ئارقیان کردبوولە پلەی سەروتردابیبەستن، بەڵان جارێ هەر باشبوو، کێشەم ئە بووبێجگە لەجانتا گەورەی بەدەستمەوەکە دەبوو ئەم دەست و ئەو دەستی پێبکەم. دەمزانی کەوەکارێکی ئەحمەقانەدەچێ کەمرۆ بەجانتایەکی گەورەی سەفەریەوە بە دوای باپیریدا بگەڕێ. من خۆم وەک کابرا توریستێکی لە رێ هەتڵەبوو دەهاتە پێش چاو کە لە چیاوچۆڵدا بە دوای هۆتێلەوە وێڵبێ بەخۆشییەوە شەو تاریک و هاوکات چۆلگەش بوو.

کە دەستەکانم لە هەڵگرتنی جانتاکەم ماندوو دەبوون جانتامداویشتە سەرشانم، وەک ئەو باربەرانەی کە لە بەندەرگەکان، باری کەشتی دێنن و دەبەن.

کیلۆمێتر لە پاش کیلۆمێتر، سەعات لە دوای سەعات رێم دەکرد و پەلەم بوو تا هەرچی زووتر بگەمەوە باپیرم. مەترسیم لەوە بوو باپیرە لەسەرخۆشیی خاو بێتەوە و ماندوو دانیشیتە سەر بەفر. لە هەوای ئەو چەشنەدا، بەبێ هەڕەکەت مرۆ لە سەرمان رەق دەبێتەوە. هەڵبەت لە خۆشم زۆر تورە بووم کە بۆچی رێگامدا جارێکی دیکە باپیرەم لە چنگم دەرچێ. زیاتر بیرم لەوە دەکردەوە پێویستی ئەم هەڵات هەڵاتە دەبێ چ بێ، بۆ باپیرە کە لە شەوی ئەوتۆ بە بەفر و سەرما و ئەویش لە وڵاتی لاوەکی، روو لە کێو و شاخان کات و سەرگەردان سەر لێرو لەوێ بکوتێ؟

دیارە من باپیرەی خۆم دەناسی و دەمزانی ئەم خولیای ئازادیە، بەڵان لەم بابەتەدا زیادەرۆیی دەکا، ئەمیش سەرخۆش...

هەچەند لەم پێشهاتەی ئەم شەودا من خۆم بە تاوانبار دەزانی و قورساییەکەی لەم جانتایەی سەرشانم زیاتر بوو، چونکە ئەوە من بووم کە ئاوا بەم چەشنە سەرخۆشم کرد بوو. شوێن پێی باپیرە بە باشی دیار بوو کە بێوچان وێهەڵگەڕابوو. سەرما شیدەتی گرتبوووەدەموچاوی دەگەست. بەرەبەیان خەریک بوو هێدی هێدی سەری لە ئاسۆ دەنا. شوێنەواری باپیرە هەروا بەردەوام بوو، نیشانەیەک لە ساخ و سڵامەتی وی. من خۆم زۆر ماندوو ببووم. لە تینوان بەفرم دەخوارد کەچی زیاتری تینوو دەکردم. تۆبڵیی ئاخرێکەی وا دەرنەچێ کە منی گەنج لەم رێگایەدا بکەوم بمرم کەچی باپیرە پیرەی من بەم تەمەنە زۆرەوە سالم سەردەرکا.

لە ڕوناکایی کەم تاقەتی بەرەبەیاندا، لە شوێنێک چاوم پێکەوت کە باپیرە وچانی دابوو، شوێنی کۆڵەپشتی کە دانابووە سەر بەفر

بەدیدەکرا، هەڵبەت جگەریەککیشی کێشابوو، قونچکە جغارە بەسەر بەفرەوە دیار بوو، کەمێک لەم لاترەوە میزیشی کرد بوو، ئاسەواری زەردیی بە سەر بەفرەوە مابووە. منیش لە تەنیشت جێ میزەکەی ئەم، هەمان کارم کرد.

بەشەو لە ژێر نووری مانگە شەو و چرا دەستییەکەم بۆم دەرکەوت بوو کە ڕێگام بە دۆڵ و دەراندایە. بێجگە لە بڕە پنچکە دارو گیایەک هیچی دیکە بەدی نەدەکرا، بەڵان لەبەر ڕووناکی بەرە بەیان پاش هەشت نۆ سەعات ڕێڕەویی، بەرەبەرە سەرەتای داری کاج یەک یەک و دوو دوو لێم وەدەرکەوتن. لە دڵی خۆمدا ئاواتم بوو کە باپیرە لەبن یەکێک لەم دارانە لەبرسان و لە ماندوویدا، ئەغیار و خاو بوبێتەوە و لە بن یەکێک لەم دارانە وچانێکی دیکەی دابێ، کەچی وا دەرنەچوو، هەر تووڕەیی خۆمم پێما کە بۆچی ڕێگام دا لە بن دەستم بخزێ.

دەگەڵ هاتنی ڕووناکی ڕۆژێ چاوم حوکمی زیاتر ببوو لە دوور و نیزیک ئەوەندەی کە دەمدیت هەر چۆلوهۆل بوو، چیدیکەوەبەرچاو نەدەهات. مەترسی ڕووی تێکرد بووم کە بێتوو بە زوویی نەگەمە ئاوەدانیەک لەوانە بوو لەم کێوو دەشتە قاقڕەو دا فاتیحای ژیانم بخوێندرێ.

سەرئەنجام تەبەقە خۆری سوورهەڵگەڕاوی زستان لە ئاسمانی دوورەوە لە ڕۆژهەڵات ، ئاسۆی دا و بڵیند بوو، تیشکی هەتاو ڕەنگی بنەوشی دەنواند. سیخواری سەهۆڵاوی یەک لە دوای یەک چلووکی دارنیان بەردەدا و دەکەوتنە خوار و هەموو جارێش بەترپەیان دادەچڵەکیم.

لە شوێنێکی دیکە دیسانیش باپیرە کۆڵەپشتیەکەی دانابۆە زەوی و پشوویەکی جگەرەکێشانی وەرگرتبوو. لە پاش خۆی شوێنەواری خەتە زەردەی سەر بەفریشی هەر بەجێهێشتبوو، ئەمە خۆی بۆ من هێزێکی دەروونی بوو کە چەند کیلۆمێترێکی دیکەشی پاڵدەدام. لەم دۆخەدا من دەبێ لانی کەم پێنج میلەرێگایەکم بە شوێن باپیرەدا بڕیبێ لەو شوێنەی سەر رێگای نۆروێژ را کە من من دەستمپێکردوە. بیرم لەوەدەکردەوەگەلۆ تۆبلێیی وڵاتی سوید لە شوێنێک کۆتای پێبێ؟بەڵان وێنەدەچوو! لام وابووسویدلەم بەشەچۆلوهۆلوو زستانە سەختەدا، لەبەریەک دەکشێتەوە.

جارجارە رادەوەستام و گوێم لە دەنگ و هەستێک هەڵدەخست، لام وابوو بەشکم مەعدەنێک یان شتێکی لەو چەشنە لەم دەوروبەرانە هەبوونی هەبێ کە دەنگی کار لێکردنی ببیسم.

پیادەرۆیی من لە ناوچەی " نۆرلاند" ی سەرما بردوو، بەردەوام بوو. من فکرم چووبۆە سەر لەشکرکێشی "کارڵی دوازدەهەم" پادشای سوید، بڵێی هەر لەم دەوروبەرانە بوو بێ کە لەشکرەکەی هەر هەموو هەرلەسەرمان وهەربە پێوە رەق هەڵاتن و مردن؟ پادشاد خۆشی هەرلەشەڕەکەداتەقەی لێکراو کوژرا.

تازە تێدەگەیشتم کە نەنکم لێتیتیا چەند ئەرکێکی گرانی هاویشتۆتە سەرشانی من کە بێم و بە دوای باپیرەمدا بگەرێم.

# 18

من بەتەواوی خاوببوومەوە وەختایەک گەیشتمە ئاوەدانی. لە دەستەی قەتپاڵێکی بەندەنەوە دەنگەدەنگەی خەڵک دەهات. رەنگە سەت مێتر دواتر لە پەنایەکدا خێوەتێکم بەدی کرد کە چەند کەسێک بە جلکی نێو بەفرانەوە لە دەورەی وێستا بوون و سەبرە سەبرە دەهاتن و دەچوون، دەنگیان کەوتبوو و بە حاڵەحاڵ پێکەوە دەدوان. لەپشت خێوەتەوە خێشکە سەر بەفرێک راگیرا بوو. پێموابوو ئەمانە دەبێ دەستە سەربازێکی سویدی بن.
من بەرەو ئەمان رام کرد، تازە ئیدی نەجاتم ببوو! تەماشا خۆم بەخۆم گوت، من کە خەریک بوو لەبەین دەچووم وا رزگارم بوو. جیاواز لەوەش بە یارمەتی ئەوان و خێشکە سەربەفرەکان دەکرا بە زوویی بگەمە باپیرە.
چ شانس و بەختێک هەروا لە خۆڕا! لە خۆشیان بە لۆقاوان بەرەو خێوەتەکە چووم، خۆم پێناساندن و داوای ئاوم لێکردن. زۆر ماندوو ببووم.
چوار کەس لە سەربازەکان لەولاوە خەریکی کارێک بوون. دەنگیان ئارام و سەرما بردوو بوو، کاتێ چاویان بە من کەوت هەموو لەجێی خۆ رەق راوەستان و چاویان دەمن بڕی، من جانتای دەستی خۆم دانا و دەستم دەگەڵ لێکدانەوە.
دەستی سویدیەکان یەکجار زۆر سارد بوو کە لە خۆشیان دەستم لە پشتیان دەدا، وک پیاو دەست لە تەختەی رەق داوابوو.

سەربازەکان بەگشتی گەنج و ویدەچوو تازە هاتبنە خزمەتەوە. هەموویان ماندوو و ناهومێد  و بێدەرەتان دیار بوون. یەکێکیان بە سەیرەوە تەماشایەکی جانتایەکەی کرد.

ـ بۆ کوێ دەچی کوتی؟ هیچ هۆتێلێک لەم دەوروبەرانە هەیە؟

جوابم داوە بۆ هیچ جێگایەکی تایبەتی ناچم و ئەوەندەی زانیبیشم لەم سەهۆلخانەیەدا شوێنی هیچ زیندەوەرێکی لە چەشنی ئینسان دەست ناکەوێ.

ـ بەڵان تۆ بێ گومان لەم جێگایەی ئێستا ئێمەی لێین شارەزایت هەیە؟ پرسی

ـ نەخێر، چوکترین زانیاریم نیە. هیچ لەسەر کیرونا و" لولیۆ" نازانم ناشزانم کیرونا لێرە نزیکترە یا لۆلیو یان هەر جێیەکی دیکە، کوتم. مەگەر خۆتان نازانن؟ پرسیم.

ـ ئێمە ڕێگامان لێ گۆڕاوە. ئێمە دەبوو لە مانۆڕێکی نیزامی دا بەشدار بین، بەڵان ڕێگامان لێتێکچوەو پاشان بەفرو باڕن دەستی پێکردو وەکدەبینی لێرە پەکمان کەوتووە، هێندەش بێرو بەوێدا سووڕاوینەوە تا بێنزینمان لێبڕاوە و لێرە کەوتووینەوە. لە ڕێگای رادیۆوە هەوڵماندا بگەینە شوێنێک کەچی لەم بە قوڕێگیراوە داخەتیش نیە، لەم سەرمایەدا باترییەکانیشمان لە کار کەوتوون و ئێستا ئێمە ئەمە سێ ڕۆژە لێرە کەوتووینەوە و کەس دەنگی پێمانڕاناگات. خەریکە نانەکەشمان لێ تەواو دەبێ لەم سەرما بێ ئەمانەدا.

چ بەسەرهاتێکی نالەبار! چاوێکم بە خێشکی دەوری خێوەتدا خشاند لە بەفردا گیری خواردبوووتێیداونببوو. سەرێکم بە ژووری

خێوەتەکەدا گرت خێوەتێکی چووکی بی کەڵک کەچرا فانووسێکی نەوتینە لە نێوەڕاستدا بە داوێکەوە هەڵاوەسرا بوو کە سەرمای بێ ئەمان لە دەوری ئەمیش هالاًبوو. فانۆس چبرە نەوتێکی تێدا نەمابووتاهەڵبێ وپێێ بایسێ.

من چیرۆکی خۆم بۆ باس کردن، بەلان وێنەدەچوو باوەڕیان پێمکردبێ. بەم جانتایەوە لەوانە بوو لایان وا بووبێ کە من لە ناتۆ را نێردرابم بۆ جاسووسی یان دەنا نێردراوی پەیمانی وارشەو بەم جانتایەوەوا رێم لێ هەتڵە بووە وخەریکم بە درۆ و دەلەسە چیرۆکیان بۆ پێکەوە دەنێم. ناچار وێنەی باپیرەم لە جانتا دەرکرد و پێم نواندن و کوتم:

ـ ئەمە وێنەی باپیری منە، وێرنێری وێئەیسینن، کە من بەدوایدا دەگەڕێم، هۆوەش شوێن پێیەتی لەو بەرزاییە ئەگەر باوەڕم پێناکەن بچن تەماشای کەن، من بەدوای ئەمداسەرگەردانم.

سەرباز بە وردە هەنگاو روویان لەو شوێنە کرد کە من ئامازەم پێکرد بوو. کاتێ گەیشتنە جێگای ئامازە پێکراو و شوێن پێی باپیرەیان چاو پێکەوت ئیدی قەناعەتیان بە قسەکانی من هات و زانیان بەراست من بەدوای کەسێکەوەم.

لەم برە خواردەمەنیەی پێیان مابوو، لە قتو گۆشتی کونسێرو، بڕەنان و چەند دەنکە شوگەلات، بەشیان دام. رێگاشیان پێدام بچمە کیسە خەوەکانیانەوە و برێک بنووم. تکام لێکردن پاش نیو سەعاتە خەوێک وەخەبەرم بێنن. کەچی هەرچارەگە سەعاتێکم خەو لێکەوت پاشان لەخۆوە وەخەبەر هاتم و لە خێوەت دەرپەریمەدەرێ.

سەربازگەل لە دەوری جانتای من کۆڕیان بەستبوو، کردبوویانەە و شتوومەکی نێو جانتاکەیان دەپشکنی. کە منیان لەبەر دەرگای خێوەتەکە چاو پێکەوت هەموو راچەنین. چوومە لایان جەلکەکانم هاویشتنەوە ناو جانتاکە و کوتم:

ـ نابێ دەست دەشمەکی خەڵکیدیکەوە وەرد بدەن.

ـ ئێمە مەجبوور بووین لەبەر سلامەتی خۆمان لە جانتایەکە بکۆڵینەوە، گوتیان

من جانتام لێوە دوورخستن، هەرگیز پێمخۆش نەبوە خەڵک دەست لە شمەکی من وەر بدا. لێیانم پرسی ئێستا کە ئاوردوتان نەماوە چۆن خۆتان نەجات دەدەن؟

ـ نازانم دەبێ چ بکەین، کوتیان. لێرەین تا لە سەرمان رەقهەڵدێین.

ـ بیرتان لەمە نەکردۆتەوە کە بەرەو لایەک بڕۆن؟

ـ ئێمە خێوەتەکەمان پێهەڵناگیرێ و بێ خێوەتیش لەم دەرو دەشتە پڕ بەفرەدا ناکرێ بنووین. ئێمە هەروا چاوەڕوانین بەڵکو بمان دۆزنەوە.

من کەمێک بەخۆمدا هاتمەوە و کوتم کە کیسەخەوەکانتان هەڵگرن دەگەڵ وردە حاجەتی زۆر پێویست و دەگەڵ من وەرن بە شوێن باپیرەدا بڕۆین، سەر لە جێگایەک هەر دەردێنین کە ئاوەدانێکی لێ هەبێ.

من باسی باپیرەی خۆمم بۆ کردن کە چلۆن پیاوێکە. هەموویان گوێیان بۆ ڕاداشتبووم، من بۆم باسکردن کە باپیرم دەگەڵ دەستەی خۆی سەفەری ئارچانگێسکی کردووە و چۆتە دوورگەی کۆلاش و زۆر جێگای دیکەش. کابرایان تکایان لێکردم وێنەی باپیرەیان جارێکی دیکەش

پێشان بدەمەوە، هەرکامیان جارێکی دیکەش بە سرنجەوە لە وێنەکەیان روانییەوە.

کابرایان دەستیان کرد بە پێچانەوەی شتوومەکەکانیان و لەم بەینەدا من لە پاشکۆی خێشکەکەدا چاوم بە مشارێک و بیورێکی دمدرێژ کەوت کە لەوێدا داندرا بوون. کاتێ لێم پرسین کە سەرەڕای بیورو مشار بۆچی دارێکتان نەبڕیوە تا بیکەن بە ئاوردوو و خۆی لەبەر گەرم کەنەوە:

ـ کوتیان بە گوێرەی ئاگاداریەکانی نیزامی وڵاتی سوید ئەم چەشنە دارانەی لەم دەوروبەرەن بە تەڕی ئاگر ناگرن و ناسووتێن بۆیە کەس بۆی نەسووتاون. هەرچۆنێک بوو من بیور و مشاری گۆرینم دەگەڵ خۆم هەڵگرت. کابرایان تفەنگە کارەبینەکانی خۆیان لە خێوەتەکەدا بەجێهێشت و لەسەر سندووقە نووسیان:

ـ ئێمە دەگەڵ فینلاندێەک وەدەرکەوتووین و لە مرۆیەک دەگەڕێین. خێوەت، خێشکەکە و هەم رادیۆکە بە ئەمرازەوە لە داراییەکان بەشی پارێزگاری نیزامی وڵاتی سویدن. سەرۆکی دەستە ، واژۆ "بوویو هانسۆن"

ئیدی وەدوای شوێن پێی باپیرەدا، لە خێوەت دوورکەوتینەوە. رۆژ، زستانەڕۆژێکی ساردوکەمرەنگ بە سەرمانەوە. من بە جانتاوە لە پێشەوە و ئەمانیش هەر چوار سەرباز بە دوامەوە.

# 19

بەخۆم و بە دەستە سەربازەکەمەوە، دەوری کاژێرە کاتێک پێ لە جێ شەقڵی پێی باپیرە ڕێگامان بڕی. وێدەچوو باپیرە ڕێوڕاست بە بەرنامە و بەمەبەست، بەرەو ئامانجێکی نادیار، وەئەم چۆلگەیە کەوتبێ.

وادەهاتە بەرچاو کە ویرنێری وێئەێسینن سەرسەختانە بەبێ ئەمە کە خەت بگۆڕێ، لە جەمسەری دیکەی جیهانەوە سەر دەردێنێ. بەدوای مندا چوار سەربازەی گۆڕین دەهاتن و ئەوانیش لە من زیاتر سەر سووڕماو بوون.

بەلان لە ناکاو شوێنپێی باپیرە، ئاڵوگۆڕی بەسەر داهات. دیار بوو باپیرە کۆڵە پشتییەکەی دانا بوەۆ سەر بەفر و خۆی هەزارە و دوو لاییەکی نێو بەفری کردبوو. سەرئەنجام کۆڵە پشتێیەکەی هەڵگرتبۆوە و خەتێکی دیکەی نەوەت دەرەجەیی، بەرەو دەستی ڕاست گرتبۆ بەر. دەبێ چ ڕوویدابێ وئەم ئاڵوگۆڕە لەبەرچیبووبێ؟ نەدەزاندرا. ناچار ئێمەش هەمانهەمان، کەوتینەوە سەرەوتی گۆڕاوی باپیرەوبەپەلەتر لەجاران یەک لەدوای یەک بەرەوچارەنووسی نادیارلە سەرڕاملمان نایەوەڕێپەیمایی خۆمان.

چەند سەت مێترێک ئەولاتر لەم چۆلگە بێ بڕانەوەیە لە دۆڵێکدا، چارداغێکمان لێوەدەرکەوت کە لە مورەداری ئەستور ئەستور سازکرا بوو. لە خۆشیان دەگەڵ دیتنی چارداغ، هاوارمان لێ بڵیند بوو:

ـ نەجاتمان بوو، نەجاتمان بوو. باپیرە ئێمەی گەیاندبۆە ئێرە!

چارداغەکە چارداغێکیی چووک بوو، بە سەربانێکی گۆشە تیژەوە لە چەشنی ئەو چارداغانەی سویسی کە پێیان دەگوترێ " ئالفیردا" . لەپێش چارداغەکە خێشکێکی سەر بەفران راوەستا بوو دەگەڵ چەند ئامرازێکی "ئیسکی" کە بە دیواری چارداغەکەوە هەڵپەسێرابوون. وێکڕا هێرشمان بردە ژوورەوە.

من هەر لەجێیەوە چاوم بە دوو کەسان کەوت لە تەنیشت مێزیکی پەنجەرەوە سەر نیزیک لێکتر پێکەوە قسەیان دەکرد. یەکێک لەوان باپیرەی من بوو. هەر دوو دەگەڵ چوونە ژووری ئێمەوە سەریان بەرز کردەوە و تێمانڕامان. من بە جانتای گۆرینەوە و چوار سەربازەش بە بەفرەوە، لە پاش منەوە بە دیوارەوە راوەستان.

ـ باپیرە! هاوارم کرد.

ـ ئاگۆستی! ... بۆخاتری خوا ئەوەئێرەت چۆن دیتۆتەوە؟ بۆلاندی کابرای دەگەڵ باپیرم کە دانیشتبوو هەستا سەر پێ ولێیپرسی تۆ ئەمەی دەناسی؟

ئێمەپێکترناسێندراین. وا دەرکەوت کە پیاوەکەی دیکە فەرماندەیەکی نیزامییە، جلکی نیزامیانی دەربەردا بوو، بەڵان بي دەرەجە و نیشان. سەربازەکان کە لە دوای منەوە خەبەردار راوەستابوون خۆیان ناساند. دیار بوو کابرا ئەفسەرێکی پایە بڵیندی سویدییەە، پانتۆڵێکینیزامی و بلوزێکی ئەستووری دەبەردا بوو کاتێ سەربازەکان خۆیان بەشێوەی سەربازی دەناساند فەرماندە لێی دەپرسین لە کوێ بوون و بەزەردە خەندەوە گوێی لە قسەکانیان دەگرت.

ـ یاڵلا بۆ ناو باستوو هەمووتان! ئامیرانە فەرمانی پێدان. کاتێ سەربازەکان دوورکەوتنەوە، دەستی دا تەلەیفوونی رادیۆیی و پێوەندی کرد بە دەستەی ژێر فەرماندەیی خۆییەوە وگوتی

ـ چوار سەربازی کە بزر ببوون بە سلامەتی دۆزراونەوە. بە بنەماڵەکانیان و بە مێدیاش خەبەر بدەن. ئەوان ئێستا لەلای منن لە چارداغی راوی من و لە ژێر جاوەدێریدان، تەواو.

دواتر دەستیکرد بەزەممی سەربازەکان کە هیچ نین و بە کاری هیچ هەرنایەننایەن. کوڕە جحێڵەیەک کە لە چۆلگەدا خۆی پێدەر ناچێ و هەموو ئاوردووی خۆی لە خۆڕا بە فیرۆ دەدا دەبێ بزانێ تووشی چ گیروگرفتێک دێ.

ـ هەرزەکارانی لەعنەتی! خەڵکی " یەولەن" لەوێ بە رۆژ خەریکی پێشەبڕکێی ماشێنانن و شەوانەش بەدوای ژنانەوەن. لە رۆژگاری ئێستادا خەڵکی سوید هیچ لە ژیانی کێوو شاخ نازانن.

ـ هەروایە وەک دەڵیی، باپیرە کوتی و منیش سەرێکم بۆ لەقاند.

فەرماندەتەماشایەکی ئێمەی کرد و دەگەڵ ئەمەش کە ئێمە قسەکەیمان سەلماند بوو هەر ناقایل دیار بوو و پێی خۆش نەبوو.

ـ ئێوە چتان بەم کێشەیە داوە، ویئەێسنین؟ من داوام لێ نەکردوون کە ئێوە لەسەر کاروباری نیزامی سوید، را دەرببڕن.

تازە حاڵی دەبووم کە هەر دک لا، لێک لالووتن. لەسەر مێزەکە دوو دانە گلاس و بوتڵە کونیاکێکی ورگنی نیوە بەتاڵ داندرا بوو. کۆلەپشتی باپیرە بە شپرزەیی لە تەنیشت کورسیەکەی بەرچاو دەکەوت. وێدەچوو باپیرەش هەر هەمان بەیانی گەیشتبێتە لای فەرماندەی گۆرین و دەستیان کردبێ بە خواردنەوە. مسۆگەر رێڕەویی

شەوانەی تا چارداغی فەرماندە، باپیرەی ماندووی نە کردبوو چونکە هەژدەر هەژدەر قسەی بۆ دەهات و رەخنەی خۆی دەگرتن، منیش خۆم تێکەڵ کرد و کوتم:

ـ ئەم سەربازانە دەستەوەستان ونستا بوون. دەگەڵ ئەوەش کە هەم بیور و هەم مشاریان پێ بوو و هەم داری جەنگەڵ کەچی نەیانتوانیبوو ئاگرێک بۆ خۆیان بکەنەوە.

ـ ئەم چوار سەربازە جیاوازن دەنا سەربازی سویدی لە دونیادا بە ناوبانگن بۆ خۆڕاگری. تەماشای کەن ئەمانەش لەم کێشەیەدا دەست و پێی خۆیان وننەکردووە.

ـ گوێت لێبێ جەنابی فەرماندە، من لە ئێوە بە تەمەنترم و ئەزموونی شەڕ و دەرگیری نیزامیشم لە ناوچە قوتپییەکانی باکوور لە ئێوە زیاترە. من لە سێ دانە، یان لە چوار دانە شەڕی لەم چەشنەدا بەشدار بووم، یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٨ لە فینلاند لە دەورانی نا ئارامییەکاندا. ئەوزەمان، ئێمە بە چەکمەی پڕ لە خوێنەوە لەسەر بەفران دەکەوتینەوە، خوێنی کە بەردەوام هەردەهات، بەرگریی لەمە دەکرد کە لاقمان بیبەستێ، شەڕئاوادەبێ، ئەگەرمرۆ بیەوێ باس لە شەڕان بکات.

جاری دواتر دەگەڵ تیپی " مارموسک" لە "ئارچانگلیسک" سەرمایەکی ئەوتۆ کە تۆپخانەی ئینگلزیەکان بەستبووی و کاریان نەدەکرد مەگەر بە ئاگر گەرم کرابانەوە. هەربەمچەشنەلە هەوای تووشی دووڕگەی "کۆلا" دا بوو کە سەرما زوقمی دەباراندو کابرای ئەفسەری دەستەی ئێمە لە خێوەت هاتەدەر و هاواری کرد میلک، میلک، لای وا بوو ئەمە شیرەباریوە. پاشان لە شەڕەکانی زستانی فینلاند و بەردەوامیی لە

بەرەکانی شەڕی " لاپلاند" یشدا دۆخەکە هەروەها.... ـ باس لە م شەڕانە کۆن بوون تۆبۆم باس لەشەڕەسەرکەوتوەکانی کارل....پادشای سوێدبکە ودەستکەوتەکانی سپایەکەی.

ـ ئایا فەرماندە لەو کاتەدا دەگەڵ بوو؟

ـ تەبیعیە نەخێر.

ـ من باسی ئەم شەڕانەت بۆ دەکەم کە خۆم بەشداریان بووم، ئەمانە فەرقیان هەیە.

ـ بەڵێ، بەڵێ. با ئەم باسەی لێگەڕێن و بچینە سەرکایەی شەترەنج خۆ تۆش شەترەنج دەزانی؟

من خۆم لەسەر تەختەکە درێژ کرد وخەریک بوو خەوم لێدەکەوت، بێدەنگی ژوورەکەی داگرتبوو. باپیرە و فەرماندە لە کاتی شەترەنج کردنداقسەیان نەدەکرد. سەربازەکان لە ژووری باستوو وەدەر کەوتنەوە. فەرماندە پێی کوتن جارێ لە ژووری باستۆ دەرنەکەون. خەوچاوی منی گرانکردبوو. هیوام ئەمە بووکە لەماوەی خەوی مندا باپیرە لێم ڕانەکاتەوە.

# 20

پاش نیوەڕۆ بە گرمەییەکی ناو ژوورەکە لە خەوی گران راپەڕیم. فەرماندە " ئاندرسۆن" و باپیرە ویرنێری وئیسنن سەرخۆش ببوون، هەر دوو لە سەر چوار دەستوپێ و لەسەر چۆک، لە ژووردا لە ئەسپی شەترەنج دەگەڕان کە لە دەست فەرماندە بەر ببووە سەر عەرزی.

ـ لەعنەتی کەوتویە چ قوژبنێکەوە؟ نەیانتوانی ئەسپەکە بدۆزنەوە، وازیان لە شەترەنج هێنا. فەرماندەکە لە شای شەترەنج تووڕە ببوو، دەستی دایە مۆرەی شا و سەری لێقرتاند.

ـ هەرچەند من خۆم هەواداری سیستیمی پاشایەتیم بەڵان لەم وڵاتەدا هیچکاتێک ئێمە بەختمان بە پاشایانەوە نەبۆە. تەماشای پادشای ئێستامان کە بەزیادی خێرم نەکرد لەسەر هەموو ژنی ئەم جیهانەوە چووەبەکچە ئاڵمانێکی چەنەگە خڕی رێنوێنی توووریستانەوە نووساوە و کردوویە بە ژنی خۆی ومەلەکەی ئێمە، چاوەرەبزانە

ـ بەلان هەرجۆنێک بێ گەشتە شازادەیەکی جوانکیلەیان بۆ خستوونەوە.

ـ بەڵێ، ئەمە خۆی شتێکی باشە، بەڵان ئەم فەقیرانەش هەر یە کە و بە نەوعێک خەریکی مێرکردن و ژنخواین بە خەڵکی هەرچیپەرچیەوە نەک بە خەڵکی خاوەن ئەسڵونەسەبەوە. وەک فەرماندەیەک پێموایە لایەنی کەم شازادە کچەکان دەبوو مێرد بە ئەفسەرانی سپا بکەن، بەم شێوەیە وڵاتی سوید تارادەیەک دموچاوی نیزامی لێدەر دەکەوت. بەلان نەخێر، مخابن.

فەرماندەئاندرسۆن وباپیرم ویرنێری وێئەیسنین ماوەیەکی تەواوبەجەدەلی خۆشەکانی پادشا و مێردەکانیانەوەماندوو بوون کەلەباسی ئەوان بوونەوەئەوجار دەستیان کرد بە سیاسەت.

ـ وێرنێری تۆ خۆت ئەگەرچی خاوەن فابریکی کەوڵ و پێست و دەوڵەمەندیشی، کەچی کمۆنیستی و هەواداریی لە بۆچوونێکی ئەوتۆ دەکەی.

ـ لە فینلاند گەلێک فابریکی لەم چەشنەکمونیزمەهەن.

فەرماندەی بۆی سەلماند. هەر دوو پیرە مێردی بەکونیاک سەرخۆش لە سەر دمەتەقەی سیاسیی خۆیان بەردەوام بوون.

ـ بەڵان تۆ دەتوانی پێم بڵێی کە ئەگەر فینلاند ببێ بە وڵاتێکی سوسیالیست چ بەسەر فابریکەکەی تۆ دێ؟

ـ لاموایە فابریکەکەی، من زۆر لە جاران زیاتر پێست و کەوڵ دێنێتە کارەوە. ئەم فابریکەی من وەک کەرتی پیشەیی چوک حیسابی بۆدەکرێ و دەستی لێنادری. ئەمرۆ من بەڕێوەبەری فابریکی کەوڵ و پێستم لە داهاتووی فینلاندیەکی سوسیالیستیش دا هەر بەرێوەبەری فابریکی پێست دەبم. لە فابریکی کەوڵ و پێست دا وەک بەشەکانی دیکەی پیشەیی، ئاڵوگۆڕ پێکنایە و پێکیش نەهاتووە. پیشەی کەوڵ و پێست گەلێک لەمێژە هەیە و خەلکێکی زۆر لەم کەرتەدا کار دەکەن.

پاش مشتومڕی سیاسی لە ناکاو فەرماندە بایداوە سەر ژنان. ماوەیەکی تەواو دوو پیرە مێرد سەری خۆیان بەم باسەوەش هەر ئێشاند. وا ویدەچوو هەر دوویان لەم بارەیەوە شارەزایی و مەتڵەبی زیاتریان بەدەستەوە بێ. سەرئەنجام گەیشتنە سەر هاوسەرەکانی خۆیان فەرماندە ئاندرسۆن، بە کوڵی گریانەوە کوتی:

ـ وێرنێری! تۆ دەزانی کە ژنی من لە گەمژەییدا، ژنێکی خەیاڵییە. "هێدویگ" ژنی من هێندە بێ ئەقڵە هەر باوەڕناکری، لە دەسپێکدا خۆشم باوەڕم نەدەکردتائەمڕادەیە گەوجبێ. سی ساڵە پێکەوەین و ساڵ بە ساڵیش خراپتر دەبێ. جارجار پێموایە ئەم ژنەی من بێ ئەقڵترین ژنە لە سویددا.

ـ لێتیتیاش وانیە کە بڵێی فیلەسوفە، بەڵان پیاوخوویان پێوە دەگرێ.

ـ من هەرگیز خووی پێوە ناگرم. هاوسەری من ئەوەندە بێ ئەقڵە کە خۆشی لەخۆی حاڵی نیە ونازانێ وایە. ژنی وا هەیە کە خۆی لە خۆی حالیەو دەزانێ کەنازانێ. هەرچۆنێکبێ ئەگەر هاتباو خۆیان بە گشتی بیانزانیباناحاڵی ولێنەزانن، دەبوو بە ئابڕورێژێکی سەرتاسەری.

ـ ئەدی بۆچیت خواستووە؟

ـ هێدویگ زۆر جوان بوو و ئێستاش هەر پێی ماوە. بەگوێرەی نەریتی ناو نیزامیان پێویست ناکا ژنان بە ئەقڵ بن، هەر نەبێ تا ئەوکاتەی کە مێردەکانیان نەبوون بە کاپیتان یان سەرهەنگ. بەڵان ئەوکاتە کە کابرادەگاتە پلەی ژەنەڕاڵی، دەکرێ چاوەروانێکی زیاتری لە هاوسەرەکەی خۆی هەبێ. بەلان تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر هێدویگ هیچ چەشنە ئەقڵ و مەعریفەتێکی بۆ هەڵینجان تێدا نیە، چۆلگەیەکی تەواو. پیاو هەرچی دەکۆشێ نازانێ ئەندازە و رادەیەک لە زەحمەتی ژیان دەگەڵ ژنێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە. دار و دیواری ماڵیش هەر بێ ئەقڵیی لێدەبارێ. تەختەخەوەکان، مافوورە، هەموو کەلێن و قوژبنێک تەنانەت سەگەکەش و هەموو هەر هەموو بە منداڵەکانیشەوە ، بۆنی گەمژەییان گرتووە و بە چەنگ گێژوحولیی

هێدویگەوە دەناڵێنن. ئەگەر من جارێک چەند نامەیەک لە کارەکەم را ببەمەوە ماڵ ئەمانیش هەر تووشی هەمان بێ ئەقڵی دێن و تازە ئیدی بەکار ناردن و ناردنەوە نایەن.

ئەم فەرمانده بێدەرەتانە، هەردک دەستی بەلاسەری خۆیەوە گرتبوو. ژوورەکە لە سکووت و بێ دەنگیی دابوو. تەنیا هەستی وەبەر گوێ دەهات هەر لوشمە لوشمی وردە گریانی فەرمانده بوو. باپیرە بەزەیی بە هاوسوحبەتەکەی خۆیەوە دەهات کە بەم ئەندازەیە گرفتاری دەستی بێ ئەقڵێک هاتووە کەژیانی لێبۆتە ژەهری ماری.

من خۆم دەخەوکردبوو. فەرماندە سەری هەڵبری و بە کوڵێگریانەوە کوتی:

ـ رۆژێک لە رۆژان چاوم بە ئامارێک کەوتووە کە لەسەر پێکگری بێ ئەقلی ژنان لە ستۆکهۆڵم بەرێوە چوە. بە گوێرەی ئامارەکە ژنانی هەرێمی " بووهیوس" لەسەریەک بێ ئەقڵترن لە ژنگەلی هەرێمەکانی دیکە. ئامارەکە روونی نەکردۆتەوە هۆی ئەم زیادەرۆییە چیە. بەلان من دەتوانم یاریدەیان بدەم و بڵێم هێدویگ خەڵکی هەرێمی بووهیوسەو زۆربەی کاتە پشوودانەکانیش هەرلەوێدەباتە سەر، من ئەم چارداغە راوەم بۆیە لیرە ساز کردووە تا هەموو کاتە پشوویەکانی خۆم دەگەڵ ئەم ئەحمەقانەی وێندەرێ خەرج نەکەم، دەنا کابراسەربازێکی وەک من چیوراوی چی! ئێرەم لەبەرهێندەیە کەهیچ بێئەقڵێک بۆی نادۆزرێتەوە، ئەم سەربازانەش کە ئێرەیان دیتۆتەوە لەبەر ئەمەیە کە بە شوێن تۆ داهاتوون. هەر خۆیان بان بۆیان نەدەدۆزرایەوە.

ـ دەی سوێن! خۆت خەمبار مەکە. با کۆنیاکێکی دیکەش پێداکەین!
پێیاندا کردوبەسڵامەتیی هەرچی گەمژەژنە خواردیانەوەئەمجارەیان
باپیرە هاتە دەورهەڵگرتن:
ـ خۆ منیش ژنێکم هەیە، کوتی. ناویشی لێتیتیایە. کوڕەی کەلێرە لاکەوتووە و نوستووە، وەک دەزانی، نەوەی منە. ئاگوستی لە پایزێکی زووەوە بە ئەمری لێتیتیا هاتۆتەدەر و لە من دەگەڕێ. بە وتەیەکی دیکەلێتیتیازاڵە ژنە. من هەمیشەم خۆش ویستووە، بەڵان جارجار پیاو پێیخۆشە بەتەنێ بێ و نەفەسێکی بە ئاسوودەیی بکێشێ. بۆیە جارجارخۆم وندەکەم. لێتیتیا دەزانێ من لە کوێم، هەڵبەت من خەریکی مامەڵەی پێست وشتی واش دەبم، بەڵان پشوویەکیشی لێ وەردەگرم. هەرچەند ئەم دەیەوێ کەلە رۆژگاری پیری دازیاترهەرلە ماڵەوە بم ورامدەکێشێتەوە لایخۆی کەمەبادا شتێکم بەسەر بێ. من زوو زوو کارتی پۆستی بۆ دەنێرم تا لێم نیگەران نەبێ و بزانێ لە کوێم. لە ماڵدا هەمووشت بە دەستی لێتیتیا بەرپرسایەتی من هەر لەسەرفابریکەکەیە و بڕاوە. ئێستاکە کە من لە ماڵ نیم تووڕەیە چونکە کەسی دیکەی نیە تا بەرحوکمی بێت. پیاو دەتوانێ ئەمەشی هەر قبووڵ بێت بەڵان پیاو دەبێ مشووری خەلکی دیکەشی لە بەرچاو بێ. بەڵان ئیدی زەحمەتە بۆ من دایم لە ماڵەوە دانیشم و چاو لە لێتیتیا کەم کە لە مدبەق دادەنیشێ و ئەم بۆنە ناخۆشانە بڵاو کاتەوە ... بۆنێک کە لە مێشکی پیاو کار دەکا و لە چەشنی ئەوبۆنە دەچێت کە بەر لە دەبباغدان، ڵەپێستە مەڕهەڵدەستێ. فەرماندە هەموو پەژارەی خۆی لەبیر کرد بوو. بە پەرۆشەوە گوێی دابوە وتەکانی باپیرەو پەیمانەی بۆلە کونیاک پڕ دەکرد.

ـ من مەبەستم ئەمە نیە کە گلەیی لێ بکەم. ژن هەر ئەو ژنە دەمێنێتەوەکە لەکاتی لەدایکبوونیداپێیەتی وهەیەتی تازەئیدی ئاڵو گۆڕی بەسەردانایە پیاوگەل دەگۆڕێن ژنەکان نا. هەر ئەمە دەبن کە بوون.

ـ وەک من دەڵێم وایە. ژن، هەرکە لە دایکدەبێ، تایبەتمەندیەکانی خۆی هەیە و تا مردنیش هەر دەگەڵی دەبێ. تۆ تەماشاکە هەر ئەم هێدویگە گەمژەیەی من! ئەو کات کە گەنج بوو زۆری لێ دیار نەبوو، بەڵان کە گەیشتە دەورانی پیری بێ ئەقڵیەکەی پشکووت و رۆژ لە دوای رۆژلە زیادیش دایە. بێ گومان لە مەڕ ژنەکەی تۆش ونەخۆشیی کۆنترۆڵ کردنەکەی تۆش هەرلەمبابەتەیەوبەس.

من خۆم وەرگێڕا سەر لایەکەی دیکەم. پیرە مێرد کەوتنە سرتەسرت. باپیرە کوتی:

ـ ئەم کوڕە چیڕ و بەکێشە زۆرم خۆشدەوێ، بەڵان جارێ زۆر بە قسەی لێتیتیا دەکاوچ هونەری دیکەشی نین. هیچ کەسێکی دیکە لە رابردوو دا بەم چەشنە بە دوای منەوە نەبوە، بەڵان ئەم بۆ سێهەمین جارە هەروا بە دوومەوەیە.

فەرماندە هەروا خەریکی ورد کردنەوەی ژن و ژنهێنان مایەوە:

ـ بۆ ئەوە کە بچینەوە سەر باسەکەی پێشوومان، من دەمەوێ بڵێم کە پیاوتادەگاتە ئەم تەمەنانەداهێندەی ئەزموون لەسەر ژنان بۆ کۆ دەبێتەوە کە بتوانێ ژنێکی باش بۆ خۆی هەڵبژێرێ و خۆ لە گێرەوکێشەی دوایی بپارێزێ. مسۆگەرئەم ئامۆژگاریانە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بە کاری هەمووکوڕەجحێەکانیش هەردێن و من پێموایە زۆرباش دەبووئەگەرکۆمیتەیەکی تایبەتی لەخەڵکانی شارە

زاولێزان پێکهاتبایە تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی ژنان لە هاوسەرگیری گەنجەکاندا هەم لە شارەگەورەکان و هەمیش لەدێهاتەکاندا، باپیرە لەدرێژەدا، کونیاکیکی دیکەشی هەڵداوگوتی:

ـ ئەمە لانی کەم لە ڕوانگەولە چاوی ڕامیاری نەتەوایەتیشەوە بە قازانج دەبوو.

فەرماندە هەڵیدایەوگوتی ئەگاەروابایە، هەرکومێتەیەکی لەم چەشنە کە هبدویگی بۆ هاوسەریی بۆمن  دەستنیشان دەکردهیچ دەێژەودەوام کارێکی بەخۆیەوەنەدەدیت چونکە هیچ دەزگایەک بەلانی هەرە کەمی ئەقڵیشەوە خۆی بە کارێکی ئەوتۆوە خەتابار نە دەکرد، مەگەر لە فکری ئەمەدابا تۆڵەیەکم لێ بکاتەوە.

# 21

من لەسەر تەختەکەم هاتمەخوار. هەردوو، هەم فەرماندەوهەم وێرنێریی باپیرم زۆر بە شپرێوهاتنە بەرچاو. بە پێکی کۆنیاک میوانیان کردم. نە دەکراڕووی لێیوەوەرگێڕم. برسیم بوو و داوای خواردەمەنێکم کرد، فەرماندە کوتی لە سندووقی خواردەمەنیداتێری لەشکرێکی شت تێدایەو هاوکات سەربازەکانیشی هاتنە وە بیر کەلە ژووری باستۆکەدا نووستبوون.

فەرماندەبەرەو باستۆ چوو، ئامیرانە سەرباگەلی لە خەوراستکردنەوە ـ هەستنە سەرپێ و هەڵبەزن، هەرزەکارینە. با بچینە خوار بۆ مەخزەنی سووتەمەنی و هەشت دەنکە تەنکە بێنزین بێنن تا دەگەڵ خۆ بێبەن بۆ سەربەفرە خێشکە مان.

سەربازگەل سلاوی نیزامیانداوبەغار روویان کردە مەخزنەوەئەوەندی بڵیی یەکودووهەریەکەی بە گاڵۆنێکی بیست لیتری بێنزینەوەگەڕانە وە بەر چارداغ.

ـ ببزون جوانەگا گەل! فەرماندە تێیڕاخوڕین.

دەستەی چوار کەسی سەربازان بە وێرغە وەرێکەوتن و بە زوویی لە ناو دارستاندا ون بوون. چەند ساتێک دواتر بەخێشکی گۆرینەوە گەڕانەوە بەر دەرگای چارداغ وێستانەوە لە خێشکدا ئامرازی ئامادە کاریی خێوەت سندووق تەنانەت بێنزین و ئامرازی رادیۆتەلێفۆنیشیان دەگەڵ خۆ هێنا بوو.

فەرماندە فیشەکدانی لەخۆ بەست. باپیرە دەستیدا کۆڵەپشتەکەی و منیش جانتاکەم هەڵگرت و دەرکەوتین.

ـ نیزیکترین دێی لەم ناوە، هەر میلونیوەک لێڕەوە دوورە. جاچونکە هەر چوار کەسیش لە ژووری ماشێنەکەدا جێیاندەبێتەوە، ئەوانی دیکەواتە سێ کەس لە سەربازەکان دەبێ لە خێشکی دوای ماشێنەوە سواربن.

کاتێ سەربازەکان لە خێشک سوار بوون، هاتە بیری فەرماندەوە کە واباشە بڕە پڕاوێکی نیزامی بە سەربازەکان بکات. وابوو ئەمری پێدان دابەزنەوە و دووسەت مێترێک هەڵێن و لەسەرڕێی ماشێن راوەستن تا ئێمە دەتان گەینێ، بەڵان نەکەن سلاوی نیزامی خۆتان لەبیر بکەن!

فەرماندە بڕە کونیاکێکی دیکەی هەڵقوڕاند و رووی کردە باپیرە:

ـ ئێستا وێرنێری تەماشاکە و بزانە نمایش کردنی سەربازی سویدی چۆنە!

فەرماندە لە قاقای پێکەنینی دا و ماشێنی بەرەو سەربازان تاودا، کە گەیشتە ئەوان سەرباز گەل ئێحترامی نیزامیان بۆ گرت و ئەمیش بە شێوەی خۆی ئەفسەران، دەستی بۆ گەیاندنە پەنا گوێ و جوابی سەلامی دانەوە.

ـ عالی بو. با دووبارەی کەینەوە، سێ چوار کەڕەت ئەم نمایشە دووپاتە کراوە تا فەرماندە ماندوو بوو و سەرباز لەسەرڕا سواری پاشکۆی خێشکی گۆڕین بوونەوە.

فەرماندەئەمریدا بەسەرسەردەستەی سەربازەکانکەلە پشت فەرمان وەلاکەویٚ، خۆی چووە سەرفەرمانی سیارە و گوتی ئەمجارەیان ئیدی ون نابن.

چەند فرێکیدیکەمان لێدا، کونیاک گەرمی داهێنابووین، دەستمان کرد بە گۆرانی گوتن. لە پەنجەرەی دواوە سەربازەکان دیار نەمابوون. پریشکەی بەفر شووشەکەی داپۆشیبوو.

ئێمە گەیشتینە دێیەکە، فەرماندە هەر بە هەمان خێرایی بە کووچە وکۆلانانداەیئاژووت تاگەیشتێنەبەردەرگای هۆتێلێک. مۆتۆڕی خێشکە ماشێنی کوژاندەوە و هەمووەمان دەرپەڕینەدەرێ. سەربازانی لە دوای خێشکە ماشێنەوە بەفر داپۆشێبوون و لە سەرمان ڕەشوشین هەڵگەڕا بوون. یارمەتیماندان تا توانیان بێنەخوار، کاتێ چووینە ژووری هۆتێلەوە، فەرماندە هەریەکەی بڕە کۆنیاکێکی دا بەسەربازەکان تا برێک گەرم دابێن و سەلامی نیزامیان پێ بەرێوە بچێ، کەچی وا ڕەقهەڵاتبوون یەک یەک دەمانبردنە ژوورەوە، سەربازەکانمان لە سالۆنی هۆتێل دانان بۆئەوە کە بێنەوە حاڵ. جلکەکانیان بە تەواوی تەڕوتلیس داگەڕا بوو و کاتێکی تەواوی برد تا وردەوردە وەقسە کردن کەوتنەوە. فەرماندە سەربازگەلی وە سالۆنێ نانخواردنی نان و کوتە کاغەزێکی نووسراویدابە بەرپرسی گروپەکە تابیدا بە سەرپەرستی هۆتێلەکەوکووتی:

ـ پاش نانخواردن خۆتان بە بەرپرسی سنووریی ناوچەکە بناسێنن تابتانگەیەننەوە تیمەکەی خۆتان، ئیدی بە دوعا.

ـ بەدوعا جەنابی فەرماندە، جوابیانداوە.

ئێمە لەسەرڕا چووینە دەرەوە. فەرماندە خێوەت و ئامرازەکانی دیکەی کە لە پاشکۆی خێشکەی ماشێندا بوون هێنایە خوار، خۆی لە پشت فەرمان دانیشت و ئێمەش لە تەنیشتی.

ـ ئێمە لەم کوێرە دێیە نامینینەوە، بە تایبەتی کە ئێستا ئیدی خەریکە کونیاکیشمان لێ تەواو دەبێ. پێشنیاری من ئەمەیە کە بە رێگای جەنگەڵدا بچین بۆ " بوودن" بێنزینیشمان هەیە. ئەگەر رێکوپێک بڕۆین بە زوویی دەگەینێ و لەوێ دەچینە هۆتێل. من دژ بووم، دەترسام تووشی کێشەیەکمان بکات، بەڵان باپیرە دەگەڵ بوو و ئیدی تەواو.

لەسەرڕا وەرێکەوتینەوە. کە لە دێ دەرچووین خێشک کە باری لێ سووک ببوو بە رێگای ناو جەنگەڵدا باڵی گرتبوو هەر دەفری جار هەبوو خێرایی دەگەیشتە هەشتا کیلومێتر لە سەعاتدا.

ـ چونکە من برە کەللە گەرمێکم هەر پێماوە، واباشترە، کە بە چەپە رێیاندا بازووم بێبجگە لەمەش بە خێشکە ماشێنەوە بەرێگای ئەسڵی و گشتیدا، ئاقڵانە نایەتە بەرچاو، واباشترە کوێرە ڕێیان بگرینەبەر . کونیاک بخۆوە کوناک وێرنێری، کونیاک حاڵت دێنێتەوەجێ فەرماندە گوتی.

رێگامان هاتوچۆیەکی زۆری سەییارانی لەسەرنەبووبە، جارجار نە با تووشی ماشێن نە دەهاتین. فەرماندە پێ لەسەر پێداڵی بێنزین، تا ئاخر پاڵیبەگازەوەنابوو و جارجار سووکە جنێوێکیشی دەدا چونکە بەراست لە نێو بەفرێدا ون ببووین.

ـ ئەو کەسانەی بە جادەیماڵدراودا داژوون خۆزگەم بەخۆیان، وەک ئێمە لە بەفرێدا تووش نایەن.

نیو سەعاتێک دەبوو بەرێوە بووین کە لە ناکاوکۆمەڵە حەیوانە کێویەک هاتنە سەررێمان. فەرماندە هەوڵیدا وەبەریان نەدا بەڵان فایدەی نەبوو، یەکێک لەوان وەبەرهات ودەگەڵ وێککەوتن گرمەیەکی قورسی لێکەوتەوە. فەرماندە خێشکەی ماشێنی دا قەراغێک و دابەزی تا بزانێ حەیوانی ماڵوێران چی بەسەرهاتووە. حەیوان هەموو قالبی تێکشکابوو، بەڵان هەر زیندوو بوو. باپیرە دەستی دا چەقوەکاری بەرکەمەری و سەری حەیوانەکەی بڕی تازەجرنەکێشێ ولەسەر کەلاکی حیوان مەحتەل ما تا خوێنو خوڕی لێ تەواو بوو. ئیدی ڕۆیبوویەو هاویشتییە پاشکۆ خێشکەکەوە. فەرماندە سەرلەنوێ چووە پشت فەرمان، بەردەوام بوو لە ئاژووتن. من روحم پێنەمابوو، دەترسام خەویلێبکەوێ، شکور موعجیزە روویدا وخەوی لێنەکەوت.

پاش سەعاتە کاتێک لە ئاژووتنی شێتانە، سەرئەنجام گەیشتینەبودن من هەولْم دائامۆژگاریی فەرماندە بکەم کە لە نێو شاردا سووکتر باژووێ، کەچی کەڵکی نەداگویی لێنەگرتم، هەمان ئاشوهەمان کاسە تاگەیشتینە ناوەندی شارەوە و لەوێش چەند جارێک لە چرای سوور تێپەڕی،خۆمانوبەخۆمان دەگوت بزانەتووشی چبەڵایەک هاتووین. چەنددەورێک لەناوشار بە دوای هۆتێلێکی گونجاودا سووڕاینەوە تا گەیشتینە بەردەرگای " ستاد هۆتێل" فەرماندە لەوێ ماشێنی ڕاگرت، کە دابەزین ئاو مۆتۆڕی خێشک قوڵتەقوڵت کوڵی دەدا و لە بن سەر پۆشەوە هەڵمی دەدادەر و بۆنی جیری سووتاوی لێ هەڵدەستا. شەودرەنگانبوو، رەستورانی هۆتێل داخرا بوو. پاش وتووێژێکی زۆر، تەنیا هەر ژووریکمان دەست کەوت بۆ هەرسێکمان. فەرماندە داوای کۆنیاکی کرد، هەموو دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنا تا گوێی لێگیرا.

پێشوازی و خزمەتچی رەستوران دەیانەویست بنوون و ترسیان لەمە بوو کە ئێمە نەمانەوێ بنوین.

هەرواشمان کرد. لەپێشدا بەوردە قسانەوە بووین، ئارەزووم دەکرد واز لە خواردنەوە بێنن تا باپیرە وەخۆ بێتەوە و رازی بێ دەگەڵم بێتەوە بۆ هێلسێنگی.

# 22

کاتێ وەخەبەرهاتم وڵات تاریک دا گەڕا بوو. کات و وەختم لی تێکچووبوو. سەعاتەکەم لە کار کەوتبوو. تەلەیفونێکم کرد بۆ پێشوازی هۆتێلەکە و لە سەعاتم پرسی.
ـ سەعات نۆ و چارک بوو، گوتیان.
ـ کە وابێ بەڕاست شەوە.
پاش بڕە پرسیار و قسەیەک دەگەڵ پێشوازیی هۆتێل، دەرکەوت ئێمە شەو و رۆژێک دەخەو دابووین. هێدی هێدی دەستمکرد بە وەخەبەر هێنانی هاوڕێیانم، باپیرە و فەرماندەم بە زەحمەت بۆ حاڵی کران کە ئێمە لە بوودنین و بیست و چوار سەعاتی رێکە نوستووین. هەر سێکمان لەبرسان قۆڕەمان لە زگی دەهات. ئێمە چووینە خوار بۆ رەستورانی هۆتێل، بەڵان رەستوران داخرا بوو. واهەڵکەوتبوو رۆژ رۆژی دووشممە بووو دووشەممەیانش پاش کەیفونەهەنگی رۆژی یەکشممە رەستورانی هۆتێل سەعات نۆی شەودادەخرا. ئێمە برسی و وەرەز لەسەر مێزێک دانیشتین.
هیچ خزمەتکارێک وەبەرچاو نەدەهات. لە پێشوازی را کەسێک هاتە لامان بڕە قسەیەکی دەگەڵ کردین بەڵان لە نان چ خەبەرێک نەبوو.
من قسەیەکم هاویشتە بەر باپیرەوگوتم بابچم تەلەیفونێک بۆ لێتیتیا بکەم تا بۆمان نیگەران نەبێ، ئێمە وەک نەم دەویست رەفتار مان نەکردوەو نەگەیشتووینەوە ماڵ.

ـ تۆ تەلەیفوونێ هیچ جێگایەک ناکەی. کارتێکی پۆستی بۆ بنێرە، چت دەوێ پێی بڵێی. من جارێ لە بەرنامەم دا نیە بگەڕێمەوە. ئاقڵانە ئەمەیە کە تۆش جارێ هەر نەگەڕێیەوە، گوتی. بیرم لەم وتەیە دەکردەوە و دەمگوت ئەگەر وابێ، دەبی هەڵوێستی لێتیتیا چی و چۆن بێ؟ لەفکرخۆمدا تووشی لە دڵەڕاوکێ هاتبووم. سەرئەنجام منیش هەروام بە باشزانی کە جارێ هەر نەگەڕێمەوە ماڵ گەڕانەوەم بۆماڵ بەبێ باپیرە، کاری کردنێ نەبووچونکە دەمزانی موسیبەتی گەورەی لێدکەوتەوە.

ـ ئیمە کاری گرینگترمان لە پێشە ، باپیرەگوتی. لە حاڵی حازردا واباشە کە بیر لەپارەنانێک بکەینەوە، بەدوایخواردنیک شتێکدا بین.

فەرماندە داوای لە پێشوازی هۆتێل کردتاچەند بوتڵە بیرەیەکمان بۆبێنن. بێدەنگ و برسی خەریکی خواردنەوە یان بووین. من و باپیرە لە پاش تەرکی رۆنربی، واتە تەقریبەن لە هەفتەیەک نیزیک، تامی گەرمەچێشتێکی لێندراومان نەکرد بوو.

من لە پەنجەرە رەستورانەوە چاوم لە خێشکە بەفرینەکەمان دەکرد کە بە بەفرو سەهۆڵەوە لەبەردەرگای هۆتێلێ راگیرا بوو. لە ناکاو چاوم بە جووتە سمی حەیوانە کێوی لە ناو خێشکدا کەوت کە لە پاشکۆیەوە، وەدەرکەوتبوون.

ـ لە خێشکدا حەیوانێکی نێو سەهۆڵمان هەیە، واتە گۆشتمان هەیە کوتم. کابرایان، تەماشایەکی لای خێشکیان کرد. لەخۆشیان گورو تێنێکیان هاتەوەبەر. باپیرە و فەرماندە بەجووت بەرەو خێشک چوون و منیش بەدوایاندا. کابرایان پەرینە سەر پاشکۆی خێشک و جەندەکی

حەیوانە کیویان هێنایەخوارەوە، هاویشتیانە سەرشانان و هێنایانە سالۆنی هۆتێلەوە. لە پێشوازی را هەولیاندا، مانع بن و نەیەلن بەلان فەرماندە بەسەریدا نەڕڕاندن:

ـ بێدەنگ بن، من فەرماندە ئاندرسۆنم. لەسەرڕێ لاچن، ئێمە ئەمەی گەرم دەکەینەوە و کەولی دەکەین.

ـ وەمنیش خاوەن فابریکی پێستم لە فینلاند باپیرەگوتی، تەلەیفونێک بکەن بۆ ئاشپەزی هۆتێل بابێ وهێندێکمان لەم حەیوانە کێویە بۆ لێنێ بەچێشت. من خەرجەکەی دەدەم، پارەم پییە!

باپیرە و فەرماندە کەلاکە حەیوانیان گەیاندە بەر دەرگای متبەقی رەستوورانەکە، بەلان دەرگا کلیل بوو. کارگێڕانی بەشی پێشوازی لەبەکارخۆیانەوە، لە هاتووچۆدا بوون، یاریدەیان نەدەداین. باپیرە کەسێکی لەوان وەگیر خست، سەت کرۆن پارەی نا ناو مشتی، دەستخۆشانە کاری خۆی کرد. چوو تەلەیفونێکی کرد و گەڕاوەو کوتی ئاشپەز تا سەعاتێکی دیکە دەگاتی:

ـ نابێ چروسییشی دەگەڵ بکەن، ئاشپە میوانێکی بنەماڵەیی خۆی بەجێدێڵێ ولەسوورەوەرادێ تا بۆ ئێوە نانوخوان سازبکات. گرینگ نیە ئاشپەز لە کوێڕا دێ، گرینگ ئەمەیە بگاتێ و ئەم حەیوانەمان بۆ لێنێ بەچێشت، فەرماندە پێی گوت.

ـ ئاشپەزێکی زۆرباشە، کابرای لە پێشوازی گوتی

باپیرە پارچە نایلۆنێکی لە سالۆنی رەستوراندا راخست و کەلاکی حەیوانەکەی لەسەر دانا، داوای لە خزمەتکارە کرد بچیتە سەر و لە ژوورەی ئێمە چەقۆی کەولکردن لە کۆڵە پشتی باپیرە دەرکا و بۆی بێنێ.

بەڵان جارێ لاشەکە هەر بەستوویەتی و نەیکردۆتەوە، بیورێک مشارێک شتێکتان لەلا دەست دەکەوێ؟

کابرای خزمەتکار سەرێکی بۆ بادا، ئەو کاتە وەبیرم هاتەوە و گوتم:

ـ لە جانتای مندا بیورێک و مشارێک هەیە کە لە ئەموالّی بەشی بەر بەرگری وڵاتەکەن، کاتی خۆی لــە شاخیم ڕا هێناون و لــەبیرم چۆەبیان دەمەو.

ـ باشە، ئێمە کــەڵکیان لێوەر دەگرین. کەوابێ ئێمە پێویستیمان بە چەند کیسە نــایلۆنێکیش هــەر دەبێ بــاپیرە گوتی، تــا ورگ و ریخۆڵەکەی تێباباوین وفڕیان بدەین.

ـ ئەمە یەکەم جارم نێە کە حەیوانی سەهۆڵبەستە کەوڵ دەکەم. زۆرباش بوو کە لەپێشدا خوێنەکەیم لە لەشی دەرکردوە . گوشتی ئەم حەیوانە گۆشتێکی زۆرباشە.

لە پێشوازی پێیانخۆشنەبوو کە لە سالۆنی رەستورانی هۆتێلدا حەیوا کەوڵکەبکرێ وگوتیان:

ـ ببوورن ئاغاگەل، ئەگەر بۆمان هەبێ پێشنیار دەکەین کە حیوانەکە هەر لە ژوورەکەی خۆتاندا کەوڵ کەن باشتر دەبێ، سالۆنی رەستوران بۆ ئەم کارە گونجاو نیە، پەنجەرەی مابەینی رەستوران و سالۆنی پێشوازی لە شووشەیە، لە وانەیە میوانانی دیکەی هۆتێل کە ئەمە دەبینن پێیان ناخۆش بێت.

ـ بەڵێ زۆر باشە، فەرماندەکوتی. بەڵان تکایە یاریدە بدەن جووتلاقی حەیوانەکە بە کۆڵ منە ودەبێ لەپاشڕا دەست بدەنێ تا پێکەوەدەی گەیەنینە ژوورەکەی خۆمان، لە وێ چارەی کارەکە دەکەین.

ئەوان کەلاکە حەیوانیان هەڵگرت بۆ سەرەوە منیش بە دەستەکاغەزی دەستسڕەوە بەدوایانداو هەرچۆنێک بوو کەلاکمان گەیاندەژوورەوە.
باش بوو کە حەیوانەکە بێ شاخ بو دەنا لەوانە بووبە ئاسانی بۆمان نەگاتەجێ لە نهۆمی سێهەم کە ژوورەکەی ئێمەی لێبوو. بائەوەندەش هەر بڵێم کە لەم کاتەداکە خەریکبووین جەندەکی حەیوانەکەمان وە ژووری دەنـــا، جیرانە ژوورێکی ئێمە خانمێک، لــە کەلێنی دەرکییەوە کێشمەکێشی کەلاک بردنە ژووری ئێمەی وەبەرچاو دەکەوێ، لەترسان لە زیرڕژنیدا، نــاچارماین ئارامی بکینەوە داوای لێبوورینیشی لێبکەین سەبارەت بە پێشهاتەکە، هەر چەند هیچ هۆیەکیش شک نەدەهات بۆ بۆترسی خانمەکە لەکەلاکی مردووی حەیوانکێویەک.
هەرچۆنێکبوو، من چەند پارچە روو میزییە مشەممایەکم لەسەرئەرزی ژوورەکە راخست باپیرە و خزمەتکاری هۆتێلیش کەلاکە حەیوانیان لە سەر لەسەر دانا. جــا بیورم لە جانتا دەرخست و دامە دەست باپیرەم هەر چەند باپیرە زیــاتر هـــەر لـــە چەقۆکەی خۆی رادەدیت و چەقۆی گەیاندە پێستی کەلاک. کابرای خزمەتکار بەغار چۆە خوارەوە تا چەند کیسەیەکی پلاستیک و چەند دانە بیرە و پاکەتە جگەرەیە کمان بۆ بێنێتە سەرەوە.
باپیرە هاتە کارەوە. بە شارەزاییەکی وەستایانە ورگی حەیوانیکردە وەو هەر بەم وەستایەتیەش دەستی برد و جەرگ و دڵی حەیوانەکەی کە جاری هەر سەهۆڵاویی بوو لە کەلاک جوی کردەوە و دەگەڵ پارچە گۆشتێکی نەرمە ڕان رادەستی کابرای خزمەتکارکردکە هاویشتییە ناو کیسەیەکەوە و بردیە خوار ئێمە سێ بەسێ لەژوورەکە دا ماینەوە.

باپیرە لە پێشدا بە تەواوی کەوڵی کرد و کوتی وەرگەی بەرلەمە کە بیکاتەوە دەبێ فڕێبدرێ دەنا کە تینی تێگەڕا و گەرم داهات لەبەر بۆگەنی، کار ناکرێ.

ـ ئەم کەلاکە گۆشتێکی جوانی هەرچەند پێیەکان و پشتیشی دەگەڵ وێککەوتنەکە ورد بوون، دەنا هیچ عەیبێکی دیکەی تێدا نیە، کوورە گیسکێکی دوو ساڵە.

باپیرە سەرەکەی لە بەدەن جوێ کردەوە و کوتی هەرکەس دەیەوێ با بێ و بیبا بۆ خۆی، لە حاڵی حازردا ئێمە پێویستمان بە گۆشت نیە. پێستەکووری گۆرین بە پەلە پێچرایەوەو نیو سەعات پاشتر باپیرەم زۆر وەستایانە بە چەقۆی تایبەتی خۆی وێکەوت هەر پارچە گۆشتێکی بە پێستەوە مابووبێ لێی کردەوە و فڕێیداو منیش بە بەشی خۆم بەپیستەکەدا هاتمەوە، چەورو چلێکم لێ کڕاندو بردم لە ژووری حەمامەکە دا سەراوبن هەڵم ئاوەسی تا ئەگەرشەی خوێنی پێوە مابێ لێیدا چۆڕی هاوکات پەنجەرەشم لێکردەوە تا بۆن گۆشت و بۆ خوێنی لێدەرچێ.

باپیرە بەردەوام بوو تا هەموو بەشەکانی دیکەی گۆشتەکەی لێک جوێ کردنەوە وەک نەرمەڕان، گون و گورچیلە و ... پاشان بەشەکانی دیکەی کەلاکەکەی قەڵتوبڕ کرد.

من پارچە مشەممایەکم لەسەر میزی جگەرەکێشان راخست و باپیرە بەشە جیاواز جیاوازەکانی لەسەر مشەمما جێ کردنەوە وەک بڵێی قەسابێکی زۆر بە دەستوبرد بوو بێ.

ـ هەمووکەس دەتوانێ حەیوانێک سەر ببڕێ و کەوڵیشی بکات، بەڵان لەت و بەشبەش کردنی زانست و هونەری خۆی دەوێ. پیاو دەبێ هەر

بەشتێک لە کەلاکی قەسابی جیاواز بکاتەوە و بزانێ کام بەش بۆ کەباب و سوور کردنەوە دەشێ، پەراسوو، مازەپشت و گۆشتی کە بۆ شۆرباو بەکار دێ کامانەن...

لە دەرکێ درا، کابرای پێشوازی هاتە ژوور و گوتی:

ـ ئاغاگەل میوانیان هەیە.

ـ ئاشپەز گەیشتۆتێ؟ پرسیمان.

ـ نەخێر، جارێ نەگەیشتۆتە جێ... لە پێشوازی ژەنەڕاناڵێکی بڵیند پایە بە نێوی "پییرسۆن" لەویەو لە فەرماندە ئاندرسۆن دەپرسێ.

ئاندرسۆن پارچە گۆشت بەدەستەوە، کە ئەمەی بیست وەخۆهاتەوە ودەستووێی خۆی لێونبووو پارچە گۆشتی لە دەست کەوتە خوار.

ـ پێی بڵێ من لێرە نیم.. ئێستا نامەوێ کەس ببینم...

کابرای لەمەڕ پێشوازی رۆیشتە خوار بەلام زۆر پێنەچوو دەگەڵ کابرای ژەنەڕاڵ گەڕاوە ژوور.

پییێرسۆن لە نێو دەرگادا راوەستا، بە ئارامی لەیەکیەکی ئێمە و لە گۆشتە بەش بەشکراوەکەی روانی، ئاخرێکەی کڵاوە سەربازیەکەی لەسەر داگرت، هاتە پێشتر و خۆی ناساند و دەستی دەگەڵ لێکداینەوە. فەقیرە دەستی راستی ئەمیش لە خوێندا سوور ببوو کە فەرماندە دەسڕە دەستێکی بۆ ڕاداشت و فەرمووی کرد تا دانیشێ.

ـ وێدەچێ کە جەنابت تووشی رووداێکی جیددی هاتبی فەرماندە ئاندرسۆن، ژەنەڕاڵ ئەمەی گوت و خەریکی سڕینەوەی دەستی بە خوێن بووی خۆی بوو.

# 23

باپیره دەستی لە کوت کوتکردنی کەلاک هەڵگرت، هەرکەسە و جگەرەی خۆمان داگیرساند، فەرماندە قوتو بیرەیەکی وەپێش ژەنەڕاڵ پێیرسۆن نا. دوخەکە بڕێک ناجووردەهاتە بەرچاو.

ـ چ شتێک ئاوا تۆی گەیاندۆتە ئیرە، جەنابی ژەنەڕاڵ پییێرسۆن، فەرماندە نابەدڵ لێی پرسی.

ژەنەڕاڵ لەسەرڕابە نۆبە تەماشایەکی دیکەی ئێمەی کردەوەوەک بڵێی نەزانێ لە کوێڕا دەستپێبکا، نیگای چاوی بۆ جارێکی دیکەش دیکەش کەوتەوە سەر پشکە گۆشتەکان کە جێجێ وبە جوێ لەسەر مێز داندرا بوون.

ـ ئەمە حیوانە کێویە؟ سەرئەنجام پرسی

ـ کوتمان بەڵێ و من بۆم باسکرد کە چۆنمان دەست کەوتوە،باپیرە هەڵیدایەوکوتی لە فکری دا هەیە هەقە خەسارەتی ئەم کوورە گەوەزنە بداتە خاوەنەکەی هەر چەندێک بیانەوێ، بەهیچ شێوەیەک باسێک لە دەسەڵاتداریدا نیە.

لە دەکێ درا. کابرای لەمەڕ پێشوازی بە کەسێکی دیکەی میانساڵەوە کە کڵاوێکی ئاشپەزیشی بەسەرەوە بوو وەژوورکەوت وگوتی:

ـرێگام بدەن ئاشپەزی هۆتێل تان پێ بناسێنم.

ئاشپەز، کەکابرایەکی وەسەرپەڕیودیاربووو، لێمانهاتەپێش، دەگەڵ هەمووانمان دەستی لێکداوە، پاشان دەستیبردو قوتو بیرەی سەر مێزی ڕاکێشا و وەسەریەوەنا، ئەمجار بە چاوێکی شارەزایانە کەلاکە

گەوەزنی ئەمدیو ئەودیۆیک پێکرد، هاوکات بەراوردێکی لەگۆشتەورد کراوەکەش هەر کرد و کوتی:

ـ چ قەسابێکی شارەزا... کەمجار وادێتە پێش کە مرۆ تووشی کەلاکە حەیوانێک بێ کە بەم چەشنە بەجێ و جوان پشک کرابێ. بۆم هەیە بپرسم ئەم تەڕدەستیەکاری کام یەک لە ئاغایان بۆە؟

هەم من هەم فەرماندە ئامازەی باپیرەمان دا. ژنەڕالیش هاتە قسەو لە باپیرەی پرسی لە چ جێگایەک دەورەی فێربوونی قەسابی دیتووە؟ کاتێ ژەنەڕاڵ زانی کە باپیرە خاوەنی کارگەی پێستە لە فینڵاندگوتی:

ـ دێتەوە بیرم کە لە دەورانی شەڕەکاندا کەلەوکاتدا پێتاکی باشی سەربازی لە دەستدانەبوو، چەکمەسەربازیەکانی کە لە فینڵاند ساز دەکران باش بوون و زۆریان بەرگە دەگرت. من مەبەستم ئەم چەشنە چەکمانەیە کە پێیان دەکوترا " پۆلسو" من بیر لەمە دەکەمەوە کە ئەگەر بکرێ بەشێک لە تیپە نیزامییەکانی سوید بەم مۆدێلە چەکمانە تەیار بکرێن، چونکە چەکمەی باش بەم باشیەی کە چل ساڵ لەمەوبەر لە فینڵاند ساز دەکرا، لە سوید جێبەجێ نابێ.

ـ ئێوە دەتوانن هەمان چەشن و هەمان مۆدێل چەکمە لە من بکڕن، باپیرەگوتی. بەم مەرجە لەسەر قیمەت بسازێین. تواناکە هەیە، تەنیا شتێکی پێویست بێ ئەندازە و قەوارە چەکمەکانە کە دەبێ بدرێ بە ماشێنی پێڵاودرو، و هەڵبەت چەند مانگێکیشی پێدەچێ تا ماڵەکە حازر دەبێ. ژەنەڕاڵ پرسیاری کرد چەکمە لە فینڵاند و لەسوید بۆچی ەبێ ئەندازەی جیاوازیان هەبێ.

ـ پیی سویدیەکان فەرقێکی زۆری دەگەڵ پێی فینلاندیەکان هەیە، گوتی، سەربازێکی فینلاندی پێی لە پێی سەربازێکی سویدی پانترە. پەنجەپێی سویدیەکان تەسکتر و قامکە پێیەکانیان درێژتروپانێشان تارادەیەک بیچمێکی نالەباری هەیە کەمێک وەک پانیەی ئینگلیزیە کان وان.

باپیرە بە تەواوی هاتە ناوەوەوپرسیی:

ـ هیچ جارێک لە جاران پێی کابرایەکی ئینگلیزیت دیوە؟ بەراست سەیرە! لانیکەم لە چاوی ئێمە فینلاندیەکانەوە سەمەرەیە ... بەراست نامەوێ گاڵتەیان پێ بکەم بەڵان لە تەنگانەدا ئەم چەشنە پێیانە بەهیچ کارێک نایەن.

ژەنەڕاڵ پیێرسۆن ناو و ئادرێسی باپیرەی وەرگرت. وێدەچوو ژەنەڕاڵ، لەم کەسە بە دەسەڵاتانەی نیزامی بێ کە ئەم چەشنە بڕیارانەی پێ بەڕێوە دەچێ.

ـ لەمەزیاترچیدیکەی زیادیم وەبەرنەزەرنایەباپیرەگوتی، ئەوەندەیە پێویستە ئەندازەگیری پێوپلی تیپەسەربازیکی ئێوە وەک نموونە لە بەردەستدابێ هەڵبەت هەرچی زووتروزیاتریش باشتر، چونکە تەنیا هەرچەندجووتەچەکمەیەک بۆ من بە قازانج تەواونابێ. ئەدی ناکرێ چەندنموونەچەکمەیەکمان بۆبنێرێ؟ ژەنەڕاڵ، پرسیاری کرد.

بۆ ئەم کارە دەگەڵ کەوشدرووپەک قسە بکەن، باپیرە کوتی و چۆەسەر گۆشت بەشکردنەوەکەی خۆی. ئاشپەز سەتڵەگۆشتگەوەزنی دەستدایە ولە دەرکێ دەرچوو، کوتی لە پێشدا شورباگۆشتێک وەسەر دەنێم، ئەمەیان دەبێتە نانی حکوومەتیی وکەپێشگەیشت ئاگادارتان دەکەمەوە.

کاتێ ئاشپەز ژوورەکەی جێهێشت، کاتی ئەمە هات کە ژەنەڕاڵ روو لە فەرماندە بکا و پێی گوت:

ـ دیسانیش تۆ گشتە مەسەلەیەکت هێناوەتە پێش کە دەبێ لێ بکۆڵدرێنەوە ... دەکرێ دوو بە دوو هەر ئێستا باسیان لێوە بکەین؟

فەرماندە بەرهەڵست نەبوو کە ئێمەی دوو فێنلاندیش گوێگر بین. کە وابوو ژەنەڕاڵ دەستی پێکردوگوتی:

ـ مانۆڕی شەڕ بەڕێوەبردنەکەت باش چۆتە سەر. ئێمە لە ستادی خۆمانەوە چاوەدێر بووین و بە نووسراوەش سپاسنامەت بۆدێ. بەڵان لە مانۆڕەکە چوار کەسە سەرباز وەزیفە ون بوون و ئەمە خۆی بازار گەرمێکی زۆری میدیاکانی بە دوادا هاتۆە. گۆیا دەبێ تۆ خۆت ونکردبێ وچووبیە چارداغی راوو شکاری خۆتەوە، ئیدی بە دوایاندا نەچووی لێتنەپرسیونەوەوئەمەش کارێکی پەسەندیدە نیە، لێرەدا چارەنووسی چوار کەتە سەرباز لە گۆڕێدایە.

ـ تۆ منت چۆن لێرە دیتۆتەوە؟

ـ ئەمە کێشەیەکی گەورە نەبوە. لە پێشدا لە پاتەختەوە تەلەیفوونی ستادس هۆتێلیان کردوە لە لیلیۆ و پاشانیش تەلێفۆن بۆ ئێرە. و لێرەش، هاتنی تۆ بۆ ئێرەبرەچاوە. بەهەر حاڵ ستاد ئاگادارێکی توندی بۆ تۆ لە بەر دەست دایە و جیاواز لەمەش لە نوێنەرایەتی بەشی دادوەری وڵاتیشەوە لە دژی تۆ هەنگاو دەنرێ. دەکوترێ تۆ چارەنووسی چوار سەرباز وەزیفەکانت بەهێندنەگرتۆە بەشێوەیەک کە تاسەرسنووری لە سەرمان رەقهەلات لە مردن نیزیک بوونەتەوە، ئەوانیش هەر شکایەتیان لەتۆ هەبۆە.

ـ ئاوها! كە وابێ ئەم بەچكەشەيتانانەش شكايەتيان لێكردووم بەڵان ئەمانەهەمووهە ڵبەستەو نارەوان.

ـ ئەم شكايەتكاريانە جارى نەگەيشتوونە بەشى لێكۆڵينەوەو كاريان تەواو نەبووە، بەڵان لە ستادى بەرگرى وڵاترا، بڕيار هەيە كە تۆ لە بەشى خزمەتى تيپەوە راگوێزرێى بۆ خزمەت لە بەشى ستاد و تۆ دەبێ خۆت بە ستادى بەشى نێزامى لە نۆربۆتن بناسێنێ، هەرچى زووتريش باشتر، ئيدى تەواو.

ژەنەڕاڵ تەماشايەكى پشكەگۆشتەكانى كردكە لەسەرمێزرێزكرابوون وخەريك بووبڕواكەمن هەڵمدايەو چوومە ناوباسەكەيانەوەودەستمكرد دبە گێڕانەوەى رووداوەكە بەم شێوەكەروويدابووگوتم:

ئەمەمن بووم كەسەرباز وەزيفەكانم دۆزينەوە، ئەمانەى كە ئێستا گلەيى و گازەندەيان هەيە، كەچى ئەوكاتە بە تەواوى دەستەوەستان و بێ دەسەڵات لە كێوى مەحتەل مابوون. باسم لەوەشكرد كەفەرماندە هەر لەجێوەخواردنەمەنييپێدان، ناردنى بۆ ژوورى باستوو بۆ ناوهەواى گەرم، سووتەمەنى بۆ فەراهەم كردن ورێگاشى پێدان تاهەر لەناوباستووشدابنوون وهاوكات بەپەلەش رايگە ياندوەكەسەربازەون بۆەكان هەرچواريان بە سڵامەتى دۆزراونەتەوە.

لێرەداباپيرەهاتەتێ، لێى زيادكردوگوتى:

ـ فەرماندە ئاندرسۆن بۆيە هاتبۆ چارداغى راوى خۆى تا لەم ريگايە وە، شەخسى خۆشى بە دەدواى سەروسۆراغى سەربازەكاندا بگەڕێ، من لەم بارەوە دەتوانم سوێنديش بخۆم. باپيرە بەچەقۆى خوێناويەوە دەستى دێناو دەبرد، بەهەق زۆر وەستايانە بۆى پينە دەكرد. گوترا ئەگەر، كەسەربازەكان لەسەرماى بيست پلە لەژێر سيفردا لەپاشكۆى

خێشک داندراون لەبەرئەمەبوەکە لەپێشی خێشکداجێیان نەدەبۆوە ورێگاش هەر دەدوازەکیلۆمێتری بە بەرەوبوو نەک زیاتر. هەڵبەت جلکی نیزامیی گەرمیشیان هەردەبەردابوو. بائەمەش لەبیرنەچێ کە سەرەرای گشت هەوڵەکانیش، فەرماندە هەر لەگیرفانی خۆی داینـاوە تا سەرباز گەیشتونەتەوە دەستەی خۆیان.

ـ شتێکی دیکەش هەیە کە ژەنەڕاڵ باشە بیزانێ، کە ئەگەر فەرماندە ئەمانەی نەکردبان کە کردوونی، ئێستاکە کەلاکی رەق بووی هەر چوار کەسیان لەسەرمان لە کێوی کەوتبوونەوە.

ژنەڕاڵ بەسرنجەوە گوێی ڕاگرتبوو و جارجار قومە بیرەیەکی دەگەڵ دەخواردەوە.

ـ ئایا ئامادەن لە لێکۆڵینەوەیەکی بەنووسراوەی تایبەتدا، شاهیدی ئەم قسانەتان بدەن؟

ـ هەڵبەتە، باپیرە جوابی داوە و منیش، بێ گومان.

ژەنەڕاڵ چوو دەفیکرەوە، پاشان گۆڕانێکی بەسەر داهات. هەستا بەرەو فەرماندە چوو و دەستی دەگەڵ لێکداوە.

ـ ئەمانەم خۆ بە خراپ لێوەرناگری سوێن؟ خۆ تۆ لە کارو جێگای من دەزانی و دەزانی ئەفسەرانی لە ستاددان زۆر شارەزای چۆنیەتی دۆخی کار لە مەیداندا نین. من بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم بە مانە نەبووە، بەڵان وەک دەزانی لە ناو ستاددا تۆ خەڵکی نەیارت هەیە. ئەمە یەکەم جاریش نیە کە لەدەوروبەری تۆ، دەنگۆ ساز دەبێ... بەڵان ئێستا ئەمەی وەپشت گوێ خەین و راپۆرتێکی نووسراو بەگوێرەی قسەی ئەم دوو فینلاندیانە ئامادە دەکەم تا لە ژێریەوەی بنووسن.

ئەمان، یەکتریان دەباوەش گرت و فەرماندە بە باپیرەی گوت:
ـ ئێمە هەر دوو هاودەورە بووین لە کۆلیجی نیزامی دا.
ـ بەڵێ ئەوکاتانە... لەبیرتە ئەو وەختەی کە ئێمە هەر دووکمان کچێکمان خۆشدەویست تۆ دەستت نەگەیشتێ! لەجیاتیان من هێدویگم هێنا و تۆش سەرت بێ کولاوما... خۆئەگەرئێستاش بتەوێ من ئامادەم بۆ تۆ دەستی لێ هەڵگرم.
ـ دەگوترێ کە تۆ هێدویگ زۆر بەهێند ناگری، بەراست وایە؟
ـ ئەگەرلات راستەو وایە ژەنەراڵ پێکەنی و کوتی، ئەدی بۆ لێم وەرناگری و لە خۆتی مارەنا کەی؟ تا بە فەور بۆت تەلاق بدەم! حەتمەن ئێستاش هەر خۆشت دەوێ.
ـ تۆی کۆنە رەفیق، دەزانی کەس نیە کە لەهەوای کزری پاییزدا روو لە هەوای گەرم وەرگێڕێ ئەویش هی ژنێکی جوان...
ـ قسە بڕایەوە! قەناعەتم وایە کە هێدویگیش پێی خۆش دەبێ!
لە دەرکێ درا، کابرای لە پێشوازی سەری هێنا ژوور
ـ ئاشپەز دەڵێ مێزی چەند کەسان بڕازێنێتەوە.
ئێمە حیسابی خۆمان کرد، باپیرە، فەرماندە، من، کابرای لە پێشوازی، ژەنەراڵ و خۆی ئاشپەز، لەسەر یەک شەش کەس.
ـ بامێز بۆ شەش کەس بچنێ.

# 24

خزمەتکار رۆبۆە ماباقی گۆشتەکە و دەگەڵ خۆی رفاندی بەرەو مدبەقی هۆتێل و پاشان گەڕاوە سەر ئێمە:

ـ ئاغایان ئێستا ئیدی مێز رازاوەتەوە، تکایە بفەرموون بۆ سەر مێز.

باپیرە چوو دەستی بە گۆشت و خوێنی بشواتەوە، ئێمەش هەموو خۆمان رێکوپێک کرد، دەستمان بە خۆماندا هێنا و بە پلەکانەکانی بەرتەسکی هۆتێلدا بەرەو خوار بووین. لە پێشوازی راوەستا بوون و فەرموویان کردین بۆ سەرمێز.

مێزیش چ مێز، مێزی فیستوالآن!

ئاشپەز بەدەستی خۆی چێشتی بۆ تێدەکردین. چەندین چەشنە خۆراکی لە گۆشتی گەوەزن تێکەڵاو دەگەڵ گیاوگۆڵی بۆنخۆش ئامادە کرد بوو. بۆنی خۆش هەموو ژووری رەستورانەکەی داگرتبوو. پێشوازی خواردنەوە، بیرە و شەرابی رەنگ سوورە ترشیان هێنا سەر مێز.

چرایەکی کریستاڵی شەش لک، لەسەر مێز داندرا و مومی لێ هەڵکرا و ئێمە دەستمان بە هەڵگرتنی گۆشتە گەوەزن کرد.

ئێمە هەموو وەقسە هاتبووین و بە نۆبە شەرابمان پێدا دەکرد و گوتارمان دەدا. نانەکە زۆر خۆش و ئێمەش برسی، من وەک گورگی برسی لە زاری خۆم دەئاخنی. لە هەموان زیاتر هەر ژەنەڕاڵ بوو کە شۆرباو شەرابی لەسەر پیدا دەکرد، وتاری کورت کورتی دەدا و بە سلامەتی گشت دەیخواردەوە، ئەمەی لە بیرم مابێ ئێمەدەمانخوارد ودەمانخواردەوە بە سلامەتی ژنان، نیزامیان و فەرماندەکانیان.

دەمانخواردەوە بە سلامەتی فینلاندییەکان، سویدیەکان و هێزە بەرگرییەکانیان، بەسلامەتی ئەرتەشی سوور، بەسڵامەتی هێزی نیزامی یوئێن و گشت وڵاتانی بەشدار دەوێدا. بەسڵامەتی ئازادی، یەکسانی و برایەتی، خۆمان دەنوشتاندەوە و دەمانخواردەوە. گەلاسێکیشمان لە چاوی ئاشپەز و بنەماڵە کانیانەوەلە گشت جیهاندا هەڵدا و هەروەها بەسڵامەتی لەشفرۆشەکان و ئەویش چەندین جار لەسەریەک خواردمانەوە، لە بەرەبەیانی دا پێکێکیشمان بە سلامەتی هاتنەدەری رۆژ، هەڵاویشت.

چەند کورتەکاتێکیش دەگەڵ ژەنەراڵ چوینە دەفتەری هۆتێل تا شاهیدی نامەی گۆرین بۆ ژەنەراڵ ئاندرسۆن لە مەر بێ تاوانی فەرماندە پاراف بکەیەن و هەر لەویش و لەم دەفتەردا قەراردادی فرۆشی دەهەزار جووت چەکمەی نیزامی لە مابەینی باپیرە و ژەنەراڵ دا بە ئیمزا گەیشت.

کاتێ ئەمانە بەجێگەیشتن من تەلەیفوونێکم کرد بۆنەنکم لێتیتیا لە هێلسێنگی. دیار بوو دایە گەورە کەیف خۆشە لەمە کە پاش ماوەیەکی تەواو، سەرو سۆراغێکی ئێمەی دەست دەکەوت، هەرچەند لە خەویشم راستکرد بۆوە. داپیرە ئەمری کرد هەرچی زووتر دەبێ باپیرە و من بگەڕێینەوە ماڵ. باپیرە رۆبۆە گوشی تەلەیفوون:

ـ بەڵان لێتیتیای خۆشەویست، پێویست ناکا وا سەختگیر بی... من بڕەکارێکم لە پێشدایە کە دەبێ بیانکەم، تا بەرەبەری هاوین دەستم پێیانەوە گیراوە.

داپیرە لە بەردەوامیی وتەکانی دەگەڵ من هەڕەشەی کردوگوتی ئەگەربەزوویی نەگەرێنەوە مەجبور دەبم رەیلی تان بە دوادا بنێرم

بۆ بوودن تابتانگێڕێتەوە بۆ ئێرە. من جوابەجەنگیم کردو کوتم نە من و نە باپیرە، هیچ کاممان گەڕانەوەمان لێ خۆشنایە. ئیدی وەها تووڕە و توند هەڵگەڕا کە هەڕەشی کرد پۆلیسمان بە دوادا بنێرێ. من پێمگوت ئەگەر وا بکات کێشە قورستر دەبیتەوە و بەرەو ئابڕووریژی دەچێ، ئەمە کەمێکی ئارام کردەوە و کوتی رەیلی مان هەر بەدوادا دەنێرێ.

من قسەکەم بۆ باپیرە گێراوە. باپیر هاورێ دەگەڵ فەرماندەوژەنەڕاڵ دەستیان کرد بە گۆرانی کوتن وهێندیانکوتوکوتەوە تالەکارکەوتن. کە لە گۆرانی کەوتن، پێشوازی هۆتێل لیستی خەرج و موخاریجی لە پێش دانان، هەقە خەو، هەقی ئاشپەز و هەقی خواردنەوەکان. ژەنەڕاڵ پیێررسۆن دەستیدایە وەرەقەی حیساب:

ـ ئێوە میوانی ئەرتەشن! ئومید دەکەم رەزامەندیی تەواوتان هەبێ!

پاش ماوەیەکی کورت چووە سەرخەت و کوتی:

ـ من لەجیاتی دەسەڵاتداریتی ئەرتەشی سوید لە ئێوە دوو دۆستی فینلاندی سپاس دەکەم ... کە ئێمەتان بەم گۆشتە خۆشەی گەوەزن میوانداری کردووە و زۆریش ڕووخۆش و زار بە پێکەنین بوون. با بخوێنەوە بەسلامەتی برایەتی هەر دووک وڵات!

پاش پێکەکە، ژەنەڕاڵ کوژایەوە. فەرماندە کە خەریک بوو ژەنەڕاڵ وە ئاگابێنێتەوە لە ناوهەوڵەکانیدا،خۆشی کوژایەوە. من و باپیرە بەزەحمەتێکی زۆر راکێشی ناو تاکسی مان کردن و لەوێ لەقەراغ جادەچاوەڕوانی بزوتنی تاکسی بووین کە ژەنەڕاڵ پیێررسۆن بە حاڵ چاوێکی هەڵێنا و گوتی:

ـ باوەڕم پێ بکەن ... کە ئەرتەشی سوید ئێوەی خۆش دەوێ ...

# 25

ئێمە ئەو ساڵە، شەوانە لە سوید و لە دانمارک دەماینەوە. باپیرم نەیدەویست بچێتەوە ماڵ و منیش هەروەهاو هەرنەدەوێرام بیریش لە گەرانەوەی بەبێ باپیرە بکەمەوە.

بەم ئاوایە بڕیارماندا جارێ هەر لە گەڕانی ئێروئەویدا بین تاکاتی گونجاو بۆگەڕانەوەمان بۆهێلسێنکی رێکدەکەوێ.

ئێمە زۆر ئاگاداری خۆمان بووین کە نەناسرێینەوە. باپیرە زۆر دڵگران بوو لەمە کە مەبادا سیگنەمان بەدوادابێ و لە پایسەرمانبێ، سیگنە نەدەبووشوێنی ئێمەی پێهەڵبگیرێ.

تامانگی حەوتی ساڵ ئێمە هەر لە ناوچەی سکۆنەدا ماینەوە، بەڵان زستانە ساردەکەی روومانکردە لای شوێنە دوورکەوتوەکان لەدانمارک، کە دەکەوتە دەوروبەری "بێلت".

دراومان زۆربوو چونکە وەزارەتی بەرگری سوید هەقەدراوی سازکردنی دەهەزارجووتە چەکمەکریاری بۆ باپیرەم ناردبووبۆ سەرکۆنتۆیەک لە یەکێک لەبانکەکانی دانمارک، بەرلەمەشکەچەکمەکانیانکەوتبێتە دەست. ژەنەڕال پێیرسۆن تێلگرافێکی بۆ باپیرە نارد بۆە کۆپێنهاگ سەبارەت بەچەکمەکان ونوسیبووشی کە دەگەڵ هێدویگ ئاندرسۆن بووین بە ژن و مێرد. هەمووشمان هەر سلامەت و کەیف خۆشین. لە جیاتی ئەرتەشی وڵاتی سوید داواکاری سەرکەوتنم هەیە بۆتان. ژەنەڕاڵ پییێررسۆن.

باپیرم چوو بوو بۆ کۆپێنهاگن تا چاو لە هەراجێکی گەورەی کەوڵە ئاژەڵان بکات. باپیرەلەوێ سەوداومامەڵی بەم پارەیەوە دەکرد کە بە حیسابی چەکمەکان لە ولاتی سویدەوە بۆی نێردرابۆەدانمارک. باپیرە پارەی خستە بازاڕی کەوڵەوە و بەیەک جێ ٢٨٠٠٠٠ کەوڵە دەڵەکی کڕی. کاتێک لێیم پرسی ئەم هەموو کەوڵە دەڵەکەی بۆچیە، خۆ بەکاری کارگەی وی نایە، کوتی:

ـ لێدەگەڕێم تا ئەم کەوڵانە قیمەتیان دەچێتە سەر.

دواتر لەم مەبەستەی باپیرە گەیشتم چونکە زۆر پێنەچوو بوو کە گشت کەوڵە دەڵەکی بە نرخێکی باش بە شیرکەتێکی کانادایی فرۆشت و قازانجێکی باشی لێکرد. ئەم شیرکەتە باپیرەی بانگێشت کرد بۆ " برۆکسێل" تا چۆنێتی تەرتیبی ناردنی کەوڵە دەڵەکان و کێشەی پارەکەیان تاوتۆێ بکەن. باپیرە داواکار بوو هەموو پارەکەی بە یەکجار پێ بگات.

ـ خۆ تۆ حاڵی بووی هەر بە ماوەی ئەم چەند رۆژە قیمەتی ئەم کەوڵانە چۆن چوونە سەر، " هێرماننی تائاویتسانین" ئەم دەڵەکانەی بەخێوی کردوون بەلان بەقەدەر من خێری لە فرۆشی کەوڵەکانیان نەکردووە. کەچی من هیچکام لەم حەیوانانەم بە زیندوویی نەدیتوون. هێرماننی بەخێویان دەکا، نان و ئاویان پێدەدا و خەرجی جێگایان وەئەستۆدەگرێ، بە بێچووەکانیان رادەگا، دەیان کوژی و کەوڵیان دەکا، پاش هەمووی ئەمانە هێندە قازانجەی پێ ناگا کە بەمن گەیشتووە، ئەوە ئەمەیە کە پێی دەڵێن کاپیتالیزم، من ئەمە بەمانای تێگەیشتنی کاپیتالیستیلەقەڵەمدەدەم.

هەرچەندهێرماننی هەرچۆنێک بێ فرۆکەیەکی خۆی هەیە،فرۆکەیەک

کەدەستکاری خۆیەتی... بەڵان ئەم ئەگەر نرخێکی عادڵانەی پێگەیشتبا، مەبەست ئەوەیە کە قزانجەکە دەستاودەستی نەکردبا، هێرماننی دەیتوانی فرۆکەیەکی لە فابریک دروستکراو بکرێ لە جیاتی ئەم فرۆکە دەستکاریەی کەهەر بە دزیش سواریدە بێ.
زەمان لە دانمارک سەبر دەگوزەرا. ئێمە خۆمان بە چوونەدەرو دیتنی ئێروئەوێ سەرگەرم دەکرد کارێکی تایبەتیمان نەبووبێجگەلەبەخۆڕا گەیشتن. ساڵ لەسەروبەندی مانگی سێهەمی خۆیدابووکە رۆژێکیان باپیرەگوتی:
ئەرێ ئاگوستی! کاتی ئەمە نەهاتوەبچین سەردانێکی بروکسێل بکەین؟

# 26

لە برۆکسێل بەهار دەستی پێکرد بوو. ولات بە گوڵ رازابۆوە. دەشتودەر پڕ گژوگیای بەبۆن و بەرامە بوو.
باپیرە خەریکی کاروبای مامڵەی خۆی بوو دەگەڵ شیرکەتێکی پێستی کانادایی لەوێ و چەند جارێکیش لەووانڕا بۆ ئێوارەنان بانگهێشت دەکراین و ناسیاویی زیاتریشمان بۆپێکدەهات.
بەڵان لەسەریەک تارادەیەکی زۆر بەتەنێ بووین، زمانی خەڵکەکەمان نەدەزانی لەوێ زیاترهەر بەزمانی " فلامندی" قسە دەکرا، دەنا بە فەرانسەیی، بۆیە جارێک کە ژنە قەڵەویەکمان لەسەر کورسێکی چەرخدار چاوپێکەوت کەبەئینگلیزی دەدوا، زۆرکەیفخۆش بووین.
ژنە تەمەنێکی تەواوی هەبوو، نیزیک بەحەفتاساڵێکی دەنواند، هەموو سەرەسپییەکەی خۆی لە پشت سەر، لە گرییەکدا پێکەوە بەستبوو. من پێموابوو دەبێ شەپڵە لێیدابی ولەبەرهێند کەوتبێتە سەر کورسیی چەرخدار.
ژنە "ناسوسێک" یان پۆمپێکی با دە چەرخ کردنی را داشتە باپیرە و تکای لێکرد بای تایەی یەکێک لە چەرخەکانی کە لەکەمییدا بوو، بۆ پڕ کاتەوە. ئێمە یاریدەی ژنەماندا و تایەی چەرخە کۆن و قەدیمییەکەیمان بۆرێکوپێک کردەوە، لەم میانەدا ژنە باسی بەسەر خۆی و باسی ژان و ئازاری خۆی بۆ دەگێڕاینەوە. ژنە گۆیا هاوکاریی شۆڕشگێڕانی دژ بە ئالمانیەکانی لە زەمانی شەڕێدا کردبێ وهەر

بۆیەش کەوتبێتەبەردەستی دژبەران و ئازارێکی زۆریان پێگەیاندبێ لە پاش شەڕیش، تووشی نەخۆشی ئیفلیجی دێ و لە پێی دەخا. وەک دەیگوت، مێردەکەی تووشی ئاڵکۆڵ دێ و منداڵانیش دەرۆن و بەجێی دێڵن، هیچ خانەنشینێکیشی پێ ناگات بۆیە ئەمەی دێتە دەستی هەر بەشی رۆنی چەور کردنی چەرخەی دەکاو تەواو.

کاتێ لێمان پرسی ئەدی بژیویی رۆژانەی خۆی لە کام رێگاوە وەچنگ دێنێ، گوتی:

ـ رۆژانە خەریکی کۆکردنەوەی شووشە فڕێدراوو قوتو بەتاڵی نێو زبڵوزاڵ دەبێ و دەیدا بە دوکانان کەچی ئێستا چەرخە کۆنەشی خەر یکە قەراردادەکەی تەواو دەبێ.

باپیرە دڵی پێی سووتا، چەند وەرەقە پارەیەکی بە قیمەتی بلژیکی پێدا. ژنە لە خۆشیان چاوی پڕ بوو لە ئاو و کوتی قەت تووشی جوامێرێکی لەم چەشنەنەهاتۆە. دەستی لە ئەستۆی باپیرە وەرهێنا سپاسی ئاغایەتی و گەورەیی لێکرد، ژنە ئێمەی بۆ ماڵەکەی خۆی بانگێشت کرد و گوتی شووشە شەرابێکی زۆر کۆن و عالیم لە ماڵێ هەیە کە لە پاش مێردەکەم بۆم بەجێماوە و زیاتر لە بیست ساڵە راگیرم کردوە، کە ویستمان سپاسی بکەین و داوایەکەی قبوڵ نەکەین هەروالەسەرلەسەرداواتکای خۆی سووروبەردەوام بووکەئەگەر بێتو دەگەڵی نەچین ، شەو پەرێشان دەبێ وخەوی لەچاوان ناکەوێ.

ژنە بەردەوام قسەی بۆ دەکردین ورێگای چوونە ماڵەکەی خۆی بۆشێ دەکردینەوە. ناچاردەگەڵی وەڕێکەوتین بەجادە و کۆڵاندا تاگەیشتینە ماڵەکەی کە لە بالاخانەیەکدابوو چەند نهۆمی ولە خشتی سوورئەمما زۆر کۆن وشپرزە. ئێمە لە دەرگای خانووبەرە وە ژوور کەوتین، لە

ڕێڕەوی خانووبەرەدا، بڕە ڕەسم و تابلۆی بێ ڕەنگوڕوو بە دیوارەوە هەڵا وەسرا بوون. ئێمە کورسی چرخداری ژنەمان پاڵ پێوەنا بۆ ناو ئەسانسۆڕ وچرکەیدواتر، خۆشمان بە نابەدڵی وێڕای ژنە چووینە ژووریماڵیەوە.

ماڵ چماڵ، ژوورێکی ساردوسڕوساکار. ژنە جێگای کۆنە شەربی گۆرینی ئامازەپێکرد. شووشەرابمان لەکەلێن هێنادەرو پەیمانەمان لە پەنا دانا. .شەرابەکەی بە راست قەدیمی بوو، ژنەلەسەریەک سەبردەدواو دەنگێکی گڕیشی هەبوو کە زیاتر وەدەنگی پیاوان دەچوو تا دەنگی ژنان. لام وابوو لەوانەیەشەراب دڵەی هەژاری ژنەی گەرم داهێنابێ کاتێ دەستیبردولە قتویەکداپاش بڕەڕوانین وهێندەخرتەخر تێکدەستەکارتێکی وەرەقێ بۆکایە پێکردن هێنادەروکوتی رەنگەبەجێ بێ گەمەکارتبازێکیش پێکەوە بکەین. من کارت بازیم نەدەزانی، بەڵان باپیرە لێی چووە پێش بۆ گەمە. لە پێشدا گەمە هەر بەدەنکە شەمچە بوو. هێدی هێدی لە دەنکە شەمچە دانان ماندوو بوون کردیان بە وردە پارە. من کە گەمەم نەدەکرد باپیرە ناردمی بە دوای کڕینی شەرابی دیکە دا.

کاتێ بە بوتڵە شەرابەوە گەڕامەوە دیتم پارەی داندراو زۆر لە زیادیە و باپیرە دۆڕاوە. پیرێژن بەدەنگە گڕەیەوە هەژدە هەژدە قسەی دەکرد و تەواو، تینی تێگەڕا بوو. باپیرە بەجیدی گەمەی نەدەکرد، هەروا لە دۆڕاندا بوو. هەر دووکیش هەردەیانخواردەوە. بە فینڵاندی باپیرەم تێگەیاند کە ئاقڵانە نیە زیاتر لێرە بمێنینەوە، شەراب بخوینەوە و لەسەر ئەم کاتبازیە بڕۆین، گوێی نەدامێ، گوتی:

ـ مانەوە چ مەترسێکی تێدایە؟ پیرێژن لەبەردلانە و منیش بۆم هەیە بڕە پارەیەک بدۆڕێنم.

کایە بەردەوام، بوو،باپیرەش خەریکبوودەیدۆڕاند. بڕی دۆڕاوی هەروا دەچووە سەر. باپیر تەماشایەکی کیفە پارەکەی کرد و پاشان بەڕاست هاتە بەرەوە. ئەم لە راستیدا چەندین وەرەقە پارەی سەت فرانکی لە دەست دابوو. ئەمەش پارەیەکی کەم نەبوو.

پیرێژن شەرابی زیاتری بۆ تێدەکرد. بڕی پارەی قومار هەروا دەچووە سەر. باپیرە وەهۆش خۆی هاتەوە، دەست گۆڕا و بەختی یار رووی تێکرد و هەمووجارێ بانگی پڕ دەبوو.

بەرەبەرە وای لێهات کە پیرێژن دەستپاچە ببوو. خەریک بوو تورە دەبوو و بۆشی نەدەشێردراوە. پیرێژن لەمە عاجز بوو کە باپیرە بۆی دەهات و هێدی هێدی پارەی دۆڕاوی دێناوە و دەیهاوێشتەوە ناو کیفە پارەکەی خۆی.

گەمە هەروا بەجیدی و بەتوندی بەردەوام بوو، ئێستا ئیدی چەند هەزار فڕانکێک لەسەر میزی گەمە دەهات و دەچوو. لە میانەی گەمەدا من تێگەیشتم کە پیرێژن خەریکی فێلەبازیە. باپیرە ئامۆژگارێکی دایە بەلان پیرێژن وەری نەگرت.

جاری دواتر کە فێڵەکەی دووبارە بۆوە و باپیرە نیزیکەی هەزار فرانکی چوو. بڕیاری دا کە پێش بە فێڵی پیرێژن بگرێ وگوتی:

ـ بەداخەوەم خانمە! تۆ فێل دەکەی. داوا دەکەم ئەم بڕەپارەیەی بانگی پێشوو کە تۆبەفێڵ هەڵت گرت، بێنیەوەناوکایەوە.

ژنە ئامادە نەبوو پارەکە بداتەوە. ئەمەش روو لە کێشەیەکی ناخۆش بوو. باپیرە تەقریبەن هەموو نەغدینەی خۆی لە دەست ببۆوەوچپارەی

دیکەیلەگیرفانداپێنەمابووووناچار دەبووتاسبەی ڕۆژکەبانکەکان دەکرا نەوە بێ پارەوپووڵ ڕای کێشێ. باپیرە هەوڵیدا ژنە بەمە رازی بکات کە پارەکە دانێتەوە نێوکایەوگەمەوەبەڵان ژنە رازی نەدەبوو. کاتێ پاشان، کاتێک باپیرە خەریک بوو بڕە شەرابێکی دیکە بکاتەجامی خۆیەوە، پیرێژن رۆبۆدەستی تا بوتڵە شەرابەکەی لە دەست بستێنێ لەم پچڕپچڕەدا، هەم بلوزی باپیرەو هەمیش کراسەکەی پڕیشکی شەڕا بیان پەڕیە سەر.

ـ چەند ئیناسانێکی تۆسن! باپیرە داخی دەربڕی وگوتی، من پارەی ئەم بانکەی دواییم دەوێتەوە.

باپیرە دەستی برد بۆ جانتای دەستیی ژنە و بەرەو خۆی هێنا، دەستی تێخست و پارەکەی لێدەر کرد و دەستی کرد بە بژاردنی، ئەمەندەیکە بەهەقی خۆی دەزانی لێی هەڵگرتەوە، هاوکات.دەرکەوت کە جانتای دەستیی ژنە بێجگە لە پارەکە فیتفیتە ودەمانچەیەکی قورس وگەورە وگرانیشی تێدایە.

پیرێژن ئێستا ئیدی هەر شێت ببوو. لە نێو کورسیە چەرخدارەکەیەوە خۆی فڕێدا سەر باپیرە و ئامبازی بوو. هەر دووک تێکهەڵگلان، لەم ناوەدا بلووزی ژنانەی پیرێژن دڕا و سینگێکی پڕ مووی بەخاڵکوتراوی سافوسووف، دەرکەوتە مەیدانەوە. مەعلوومبووکە پیرێژن، نە ژنەو نە ئیفلیجیشە، بەڵکە پیاوێکە گەورەو گران. من دیتم کە باپیرە کەوتۆتە بنەوە و دەمانچەی گۆرینی لە دەست کەوتە خوار. دەمانچە خزیە بن تەختی نووستنەوە. کابرای زەبەلاحی ساختەکار باپیرەی بەرداو خۆی بەرەو دەمانچە فرێدا، دەرفەتمان هێناو بەجووت دەگەڵ باپیرە لەدەرگادەرچوینەدەروبەغاربەپلیەکاناداشانمانپێداکرد، کابرای

ساختە کار، دەمانچە بەدەست خەریکبوودەگەیشتە سەرمان، ئێمە راکەو ئەم بەدوامانەوەوتەقەی لێکردین، ویزەی کەوانە گوللە دەمانچەی کابرا وەبەر گوێدەهات کە لەتەنیشتمان وە دارو دیوای خانووبەران دەکەوت. هەرچۆنێک بوو خۆمان گەیاندە سەرجادە و بە کوچەو کۆڵانان دا هەر بە راکردن، لەوێش یەکدوو گوللەی هەر پێوە نابن تا لە قامچی وی دەرچووین و لە کۆڵمان بۆوە.
ئێمە یەکدوو کیلۆمێتر رامانکرد بوو تا گەیشتینە تاکسییەک کە بە پەلەپەل ئێمەی گەیاندەوە هۆتێل لە حاڵێکداشەتڵی ئارەقە ببوین. لەهۆتێل، باپیرە تەماشایەکی وەزعی گیرفان و پارەکەی کرد، ئەمەی لەکیسی چووبوو کەم تا زۆر هەمووی هێنا بۆوە. ئیدی رازی، لە کیفی باغەڵی خۆی هاویشتنەوە.
بەراست پیرێژنێکی رێویسفەت ونامەردبوو، باپیرەکوتی. ئێستا ئیدی ئاگۆستی سبەی زوو لێرە دەرۆین... بەشکووبچین بۆ دوورگەکانی بریتانیا. لە بلژیک بەشی خۆمان پێگەیشتوە.
کاتێ بۆم باسکرد کە ئەم پیرێژنەمان ژن نەبوو پیاو بوو، لە فکرەوە رۆچوو.
ـ کەوابێ ژنگەلی ئەم ناوە فێڵبازو ساختە کارن، گوتی.

# 27

له لەندەن لە هۆتێل " ریجنت پاڵاس" ژوورمان گرت. هۆتێلێکی گەورە و بە فەرشی سوور رازاوە. پیاو ئاگاداری خۆی نەبا لەوانە بوو لە ناو ئەم گشتە ژوورانەدا بزر بێ. ژوورەکەی ئێمە حەمامی خۆی تێدا نەبوو، حەمام لە رێڕەوی ژوورێدا بوو، بەڵان ژوورەکە ژوورێکی خۆش و باش بووکە لە جیرانەتی و روو بە ناوچەی " سۆهۆ" هەڵکەوتبوو.
باپیرە ئامۆژگاریی کردم ئیدی جاری خەبەری ماڵەوەنەدم.
لە پەنجەرەرا ئێمە دەوروبەری سۆهۆمان لێ دیاربوو کە بەشێکی پڕ لە خەڵک و جێی رابواردن و پڕ بیرەخانە، سینەما و توریستگر بوو.
باپیر ئانیشکی دابووە سەر چوارچێوەی پەنجەرە و کەیفخۆش دەیڕوا نیە دەرەوەو هیوادار بوو بەڵکە کەسێکی لە ئاشنایانی قەدیمیی لە کاتی شەڕی ئارچانگیلسک بێتە بەرچاو.
ـ هەڵگرە تەلەیفوونێک بکە بۆ ستادی ئەرتەش و لەوان بپرسە بزانە دەرەجەدار ناسیاو "تۆمیسۆن" هەرماوە یان نا، گوتی
باپیرە لە بەرنامەیدا هەبوو سەردانێکی هەرێمی" وێلز" یش هەر بکات چونکە بە گوێرەی ئاگاداریی باپیرەلەوێ ، دەگونجامامەڵەو تیجارەتێکیشی بۆ بێتە پێش. گاومانگای وێلزی چەرمیان بە تاقەتە و دەکرێ پیاو لێیان بکڕێ دەیگوت.
لە جوابی تەلەیفوونی کراودا بۆ ستادی دەرەجەداران، جواب هاتەوە و کوتیان لە ئارشیوی ئێمەدابیست هەزارتامپنسۆنناو هەیە شناسایی زیاترمان بدەنێ.

باپیر کۆشا تا نێوی چوکی دەرەجەدارەکەی وەبیر بێتەوە هەرچەند ماوەیەکی دوورو درێژیشی بەسەرداچوو بوو.
"داوید"بوو داوید وابزانم ، ئەگەر راست بم.
باپیرە دەیزانی کە داوید چەند ساڵێک لەم بە تەمەنتر بوە کە خۆی لە دایکبووی ساڵی ١٨٠٧ بوو. بەم حیسابە داویدناو دەبێ ئێستاکە هەشتای پڕ کرد بێتەوە.
ـ لە ئارچانگیلسک لەسەرمان هەردەهات و دەچوو. کابرا لە بنەواندا فلووت ژەن بوو و لە هیندوستان لە خزمەتدابۆە،رەنگەلەوێ کارێکی بیلعەتی کرد بێت بۆیە گواستبوویانەوە بۆ خزمەت لە بەشی تۆپخانەدا و ئەویش لە موورمانسک و ئارچانگیکسک، پیاوێکی نازەین باپیرە تەنانەت وەبیری هاتەوە کە ئەم تامپسۆنە کورتی و درێژی **چەندوچۆنبۆە.** من لەسەررا تەلەیفوونم بۆ ستادی دەرجەداران کردەوە ئەمجارەیان بە هێندیان وەرگرت و گوتیان ولامتان لێدەگێڕ ینەوە. باپیرە فکری لەسەر سەفەری وێلز و گاو مانگای ئەم ناوچەیە هەرهەبوو.
ـ ئەمە غەڵەتە کە کوتوویانە چەرمی گاومانگای ناوچەی ساردی وەک قوتب، ئەستوورترە لە مانگای جێ و شوێنی بە هەوایەکی مامامناوە ندیەوە. لەبەشی کاری پێستدا زۆرکەس ئەم سەهوەیان کردووە. بۆیە باشترە لەوێ لە وێلز خەریکی کاری خۆبین. قیمەت لەوێ گونجاوترە. لە زەمانی شەڕەکەشدا حەزم دەکردبەتایبەتی بۆ چەکمەی سەربازان لەوێوە چەرم بێنم بەلان رێگام پێنەدرا، چونکە لە راستیدا ئێمە بە شێوەیەک لە شێوان دەگەڵ بریتانیا لە شەڕ دابووین، بەلێ. ئێمە لەو شەڕدا لایەنگریمان لەئاڵمانیەکان بوو. لەوکاتدا، ئێمە پێداویستی

تایبەتمان بە چەرم هەبووبۆ چەکمەی پولسۆ، کەچی چەرم دەستنەدە کەوت بەڵان دیسانیش من چەکمەم هەر ساز دەکرد ئەمما لە جەگەن و لەدار. بۆیە وڵامم بۆ ژەنەراڵەکان ناردەوە کە ئەگەر چەکمەی داریان دەوێ با پێوەندی بکەن بە کارگەی دروست کردنی پێڵاوی لە دارێ. لەم قسانەدا بووین کە تەلەیفوونێکمان لە ستادی ئەرتەشەوە بۆهات کە دەیگوت ئەگەر ڕێگا بدەن کەسێک لەلایەن ئێمەوە دێتە دیدارتان. ئەم کەسە گشتە بەڵگە نامەیەکتان سەبارەت بە داواکراوی ئێوە، واتە داوید تامپسۆن، لە دایکبووی ساڵی ١٩١٨ خزمەتکار لە دەستەی تۆپ، لە ئارچانگێلسک تان بۆ دێنێ.

ـ زۆر باش، پیی بڵێ با بفەرموێ، باپیرە کوتی.

لەم ماوەیەدا کە چاوەڕوانی نێردراوەکە بووین، باپیرە خەریکی تاوتوێ کردنی ڕێوشوینی سەوداکردن بوودەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، گوتی:

ـ تۆ نازانی ئێمە فینلاندیەکان لە تیجارەتدا چەندە ناتەواوین. ئێمە هەمیشەلە هەستان ودانیشتن دەگەڵ خەڵکی دەرەوەنامۆین، نازانم بۆچی دەبێ وابین. من خۆم دەتوانم چەرم لە ئەستێرەی "ژووپیتر" بێ بکڕم و لە گوێ مانگ بە کەوش بیفرۆشمەوە بەبێ ئەوەی لە هیچ بترسم.بەلان کابرایەکی کشتکاری پەتاتە بێنە و بیکە بەدەسەڵاتدار ێکی ئێکۆنۆمی تا بچێ لە دەرەوەی وڵات ساغی کاتەوە، کەچی ترس وایدا دەگرێ ناوچاوانی ساردە ئارەقەی لێدەنیشێ کە ئەویش ڕەنگە بەهۆی زمان نەزانیەوە بێ کەکابرا لەم بارەیەوە شارەزایی پێویستی لەدەستدانەبێ. من گەلێکجارلەکۆبوونەوەکانی سادرات_ هەناردە_

دا کوتوومە ئەگەر پارە هەبێ  هەر خۆی پارە هەمە زمان حەریفە، پارەهەبێ پێویست بە زانینی دەستوری زمانی ئینگلیزی ناکات.
من چوومە ناو قسەکانیەوە و کوتم لە جیهانی دادوستەدی مۆدێڕنی ئەمڕۆکەدا، مسۆگەرپێویست بێ بۆ حاڵی بوون لە خەڵکی، مرۆ یەکدوو زمانی سەرەکی جیهانی بزانێ.
باپیرە مرقەیەکی کرد، گاڵتەی پێم هاتێ.
ـ شتوومەک قسە ناکات، لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانەدا شتوومەک هەیە، بەرهەمهێنان هەیە، کار هەیە و کڕیار هەیە و زاری برسی هەیە و بارهەڵگر هەیە. هەناردەلە پێوەندی دانیە دەگەڵ دەستووری زمان. لە گشت دونیادا پارە قسەی خۆی هەیە، پارە بە زمانی خۆی دەدوێ و دەنگی خۆی هەیە و هەر ئەمیشە قورسایی خۆی هەیە. ئینگلیزی من ئەمەندە نیە کە بەکار بێ, بەڵان بەڕەی خۆمی پێ لە قوڕاو دەردێنم. بازاڕ دۆزینەوە وەک پەڕوپۆیە بۆباڵندە یەک وایە کەبتەوێ  بێتە بەر دەستت، بۆ ئەمە دەبێ دانی بدەیەی نەک بیفرێنی وگوتی:
ـ گوێت لێبێ ئاکۆستی، ئەگەر هەموو دنیایەک وڵات بایەو ئەم یەک وڵاتەش سیستیمی سوسیالیستی هەبایە، ئەمەدەبووبە شتێکی جیاواز، بەڵان جارێ وا نیە بۆیە من وەک کابرایەک کە لە مێژەمامەڵەی کەوڵ وپێستدەکەم، پێمناکرێ بێم لێرەسەودا و مامەڵەی خۆم بکەمە سیستیمێکی سوسیالیستی.
من وەبیر باپیرەم هێناو کە کرێکاران و جوتیاران لە وڵاتدا بە فەقیری دەژین. کە وابوو وێرنێری کە خۆی مەیلی چەپیشی هەیە چۆن دەکرێ ئەوان بچەوسێنێتەوە؟

ـ كرێکارانی بریتانیایی، هەر نەبێ لە هەڵبژاردنەکانداکە دەبێ ئەم لۆردانە هەڵبژێرن ، پێویستە بەرپرسایەتی خۆیان بۆ خۆیان بزانن. بۆچی دەبێ من مجبوور بم ئەقڵ باوێمە کەللەیانەوە؟ هەرچەند قەتیش فێرنابن.

من مامەڵەی خۆم بەراست و رەوانی دەکەم وهەر ئەوەندەشم لە دە ستدێ. هەر لەم سەفەرەدا ئەمەندە پارەیەی لەقازانج دەستمکەوتوە بەسووتوسەلەم، لە هیچ یەک لە بانگەکانی فینلاند نەدەهاتە دەستمەوە. من غیرەتم وەبەر خۆم ناو گوتم، گومان لەمەدا هەیە.

ـ ئاوها، باوەڕ بە من ناکەی! بزانە یەکەم، من هەمو سیل ماسیەکانی خۆم بە ئیسلاند فرۆشت وپاشان ئەم گشتەقەشە ماسییەی کە لەسەفەری پاپۆڕەماسی گرییەکەی هاڵورسین، وەبەرم براپارە یەکی زۆربوو. دووهەم، پاشان حیسابی فرۆشی دەهەزار جووت چەکمەی سەربازی بکە کەبە نرخێکی زۆرباش بەبەشی بەرگریی نیزامی وڵاتی سویدم فرۆشتووە. پاشان کڕین و فرۆشتنەوەی سێ سەت هەزار کەوڵە دەڵەکم بۆبکە کە دەتوانم بڵێم یەک یەکی ئەم کەوڵانە قازانجی پڕاوپڕیان پێوە بوە... ئەم ئەمگشتەدراوەی کە لە دانمارک را بۆ من نێردراوەتە بڕۆکسێل ئەگەر بێتوو هەمووی لە مەیدانی شاردا هەڵڕێژی، لەوانەیە تاقولاپە پێی خەڵکە داپۆشێ.

ئێستا، کە باپیرە کەوتبۆەسەردەور، پێمخۆشبوو بزانم پیوەندی باپیرە دەگەڵ هالورسین لە کوێڕا و تا کوێیە، بۆیەپرسیم:

ـ پێتوایە هاڵورسێن هەروا بە مەیلی خۆی دەکەوتە سەفەری بەحری گروئیندلاند لەم هەوا ناخۆشەی ئەو کاتاندا؟ جوابەکە نەخێربوو. ئەم پێی خۆشتر بوو هەر لەماڵدا بمینیتەوەو تا بەهار دادێ هەر لە

باوەشی گەرمو نەرمی پیرێژنیدا ڕایبوێرێ. بەڵان من کاری خۆم هەبووکەدەبو به ئەنجام بگات بۆیە مەجبوورم کرد کە خۆ لەسەفەری گۆرین بدا و پێمکوت ئەگەر ئەمە نەکات کە من دەیڵێم منش گشت شیرکەتەکەی دەکڕم، واتەکەشتیەکە، خانووبەرەکە و پاشان پیرێژنیشی.

ـ ماسیگرێکی نۆروێژی هەرگیز مەجبوور دەکرێ هەموو دارایی خۆی بەتۆ بفرۆشێ؟ خۆ کابرا دۆستی تۆشە.

ـ دۆستایەتی وپارە دووشتی لەیەکدی جیاوازن. هالورسێن قەرزدار بوو، بیری لە قیستەکانی دەکردەوە، هەموو داراییەکەی تا دەگاتە هەواکێشی ماڵێشی لە بارمتەدا بوو. پێم کوت یان بەقسەم دەکەی یان دەنا هەموو پشکە ئاکسییەکان دەکڕمەوە. من دەستە چەکم بۆڕا وەشاند، ئەم قبوڵی کرد، ناخۆشیشمان رانەبۆارد، ئێستا ئیدی خاوەنی شتی خۆیەتی، بەڵان با دەرسی خۆی فێر بێ.

لە دەرکێ درا. کابرای لەلایەن ستادی ئەڕتەشەوە گەیشتبوویە.

# 28

کابرا هاتە ژوور یەکێکی سپیلکەڵە، باڵابەرز، بەئەدەب، مامناوەندی لە تەمەنداو خۆی بە "وەیتلێر" ناساند، چ گەرمایەک لە نێوەراستی مانگی سێهەمدا... لە ستادی ئەرتەش راهاتووم بۆم هەیە ئەرکەکەم را بگەیەنم؟

کابرا کیفەدەستییەکەی کردەوە و گشتە کاغەزو وێنەیەکی لەسەرمێز بڵاو کردەوە.

ـ ئێمە سێ دەرەجەدارمان دۆزیوەتەوە بە ناوی تۆمپسۆن کە دەگەڵ نیشانەکانی ئێوە یەک دەگرنەوە... دەکرێ تەماشای ئەمانە بکەن و بیدۆزنەوە لە کامەیان دەپرسن؟ من و باپیرە لە پێشدا تەماشای وێنەکانمان کرد. یەکێک لە مان وێنەی کەسێکی سوورکەڵەی بەڕدێن، کە باپیرە هەرلە جێوە وەلاینا وبەزمانی فینلاندی ولەبن لێوەوەکوتی من ئاشنایەتیم دەگەڵ خەڵکی لەم چەشنەنیە.

من لە ژورێ چوومەدەر، برە وردە پارەیەکم هاویشتە ناو ئاوتۆماتی سەهۆڵەوە کە لە رێرەوی هۆتێل داندرا بوو و برێکم سەهۆڵ هێنازژوورە وە، من کابرای کارگێڕم بە " جین" دەعوەت کرد:

ـ ئاغای وەیتلێور ی لێم بە ئیرادناگرێ ئەگەرپێشنیاربکەم برەبەستە نێکیشمان دەگەڵ بخوا؟

ـ بەڕاوڵەت من ئێستاکە لە کاردام،گوتی. بەڵان لە راستیدا نامەوێ بڵێم نا... من هیچ پەلەیەکم نیە و بێ ژن و منداڵیشم تاچاوەڕوانمبن.

باپیره لە ناو وێنەکاندا وێنەی کابرای دیتەوە، وێنەکە بەوەیتلێر رنواند:

ـ ئەم پیاوە هەوە، ئایا هەر ماوە؟

ـ بەڵێ، ماوە و دەرجەکەشی چۆتە سەر. دیارە خانەنشینیش بۆە... ئێستالە لەندەنەولەم پیرخانەیەدەبێ کە بۆ دەرجەدارانی خانە نشینی قەدیمی سازکراوە، لە نزیک مەیدانی شەقامی خەستەخانەی "رۆیاڵ" لە " چێلسی" . من هەوڵدەدەم سبەی ئێوارێ بتوانن بچن و بیبینن، پێتان خۆشبێ دەکرێ بوتڵە ویسکێکیشی بۆ ببەن.

ئێستا ئیدی کە کارەکان جێبەجێ ببوون، تکامان لە وەیتلێرکرد کە کەمێک لە دەوروبەرەی سۆهۆدا بمانگێڕێ. پێشنیارمان پێکرد نانی نیوەڕۆشمان دەگەڵ بخوات ئەگەر چ گیروگرفتێکی نەبێ.

کارمەندی ئیدارەی ستادی ئەرتەش، بە سپاسەوە دەعوەتەکەی قبووڵ کرد. ئێمە پیادە بەرەو ناوچەی سۆهۆ وەرێکەوتین.

وەیتلێرپێی راگەیاندین کە ئەگەر بمانەوێ شەو بچینە کابارەیەک، وا باشترە هەر لە ئێستاوە مێزێک بگرینەوە، وەیتلێر پێشنیاری کردبچینە کابارەی"کواترلاتین". ئێمە دیدارێکی سەرپێییشمان لەوێ کرد. مێز گرتن پارەیەکی باشی تێچو، هەرکەسە و یازدە پۆند. بەڵان ئێمە چونکە لە پێوەندیدا دەگەڵ کەرتی ستادی ئەرتەشەوە دەچووین و لەلای دیکەشەوە رابردوویەکمان دەگەڵ ناوی ئارچانگیلسک هەبو مێزمان هەروابەبێ دانانی پارە ریزێرو کرد. لە بەرامبەر بە کابارە رەستورانەکە، تووشی باستوویەکی فینلاندی هاتین. دەگوترا بێجگە لەمەلەی لە ناو باستوودا، ماساژ و وردەشتی دیکەش پێشکەش

دەکرێ، دیارە بە قسەی ڕێکلامی بەردەرگای باستووی گۆڕین. باپیرە سرنجی ڕاکشاوگوتی:

ـ کاروباربەخۆشی دەچێتە بەرەوە دەگەڵ باستوویەکی بەراستی. من خۆم لە پاش باستووی دەگەڵ هێرمانی لە " هیمانکا" چ جارێ دیکە نەچوومەتەوە باستوو. بەلان ئەم چەشنە یان، شتێکی جیاوازوتایبەتە کە هەموو کەس ناوێرێ بیچێتێ.

کابرای لە ستادی ئەرتەشەوە زۆر پێی سەیر بوو کە باپیرە بیەوێ بچێتەشوێنی ئەوتۆ. لێمانی پرسی لە مێژە لە ماڵومنداڵی خۆتان دوورن؟ من بۆیم باسکرد کە باپیرم لە هەوەڵی پاییزەوە لە ماڵی خۆی دوور کەوتۆتەوە.

ـ بەڵێ، ئەگەر وابێ پیاو تێدەگات.

ئێمە چووینە ڕەستورانێکی هیندی. باپیرە کەیفی ساز بوو. پەیتاپەیتا چێشتی خۆش و شەرابی جیاواز جیاوازی بۆ بانگ دەکردین. لە ناو قساندا باسی ئیمپەراتۆری بریتانیا هاتە ناوەوە و باپیرە پرسی:

ـ جەنابی وەیتلێر، تۆ کە خۆت لەدایکبووی ئەم وڵاتەی هۆی چیەکە ئیمپەراتوریەکە وا ڕوو لە لێژیە؟

کارداری ستادی ئەرتەش، پاش هەڵگرتنی برەساللادوقومەئاوێکی کە خواردیەوەهاتە قسان وگوتی:

ـ لێرە لە ئینگلیز، ئیمپەراتوریەکەی ئێمە گەلیک ئاڵوگۆڕی جیاواز جیاوزی بەسەردا هاتوە، ئەمەخۆی مێژوویەکی دوورو درێژەوگەلێک سەبەب بۆ ئەم بەرەولێژچوونە دەکرێ لە گۆڕێدابێ کە ئەگەر پێتان خۆش بێ دەتوانم بۆتان باس بکەم. بەم مەرجە کە هەر وەک بۆچوونی خۆم وەریبگرن و لە پێوەندی دا دەگەڵ ستادی ئەرتەش کە

من کارگێری ئەویم، نەیەتە کایەوە. من پێمخۆش نیە سەبارەت بەم بۆچوونەم کێشەم بۆ بێتە پێش.

ـ لە هیچ جێگایەک باسی لێناکەین، گوتمان.

وەیتلێر دم و لێوی خۆی بە دەستەسڕێک سڕیوە، قومێکی لە جینەکەی دا و بڕە ئاوێکیشی بە دوادا نارد جا کوتی:

ـ گشتی ئەمانە لە پێوەندی دایە دەگەڵ چەشنی ئالات و شتوومەکی خواردەمەنی کە ئێمە لە وڵاتانی ژێر دەستمان ڕادەیهێنن. ئەمە باوەڕی خۆمە و لام وایە ئەو خواردەمەنیانە کە لەم ولاتانەوە دێنە ئێرە و لێرە دەخورین بۆ ئێمە بەزەرەر تەواو دەبن. پیاودەبێ بزانێ کە شت لە دەرەوە راهێنان بە قازانج نیە، ئێمە ورچی سپی لە گروئێنلاند ڕا دێنینە ئێرە بۆ باغی وەحەش لە لەندەن و لێرە گۆشت بەرازی دەدەینێ، کە چی وەرچە زۆر زووهەر لەبرسان دەمرێ، رەنگە زیاتریش لە بەرئەمەبێ کە ئەم گۆشتەخواردنی خۆی نیە. گۆشت بەراز خۆراکی ئاسایی نیە بۆ ورچی سپی.

کابرا قومە جینێکی دیکەی لە زاری وەردا و لەسەری رۆیشت:

ـ بەڵان ئێستا ئێمە ورچەسپییەکانمان بەگۆشتی سەگاوی گرۆئێنلاند بەخێو دەکەین باشتر بەخۆرادەگەن و کاتی کە خواردنی ورچەکان تێکەڵ بە قەشەماسی دەکەین بەتەواوی سڵامەتیان باش و لە جێیە. ئێمە ئینگلیزیەکان خۆمان سەتان ساڵە لە شوێنەکانی غەیرە خۆییەوە خۆراکی خۆمان دێنین. هەرکە شوێنێکمان داگیرکردوەو کردوومانەبەکۆلۆنی خۆمان، ئیدیدەستمان کردوەبەهێنانی خۆراک لەوێڕا. ئێمە لەوێڕا میوەو هەمەچەشنە ئالاتێکمان هێناوەو دەستمان کردوەبە خواردنیان تێروتەسەل. هەڵبەت تا ئێمپەراتوریەکە گەورەتر

بۆتەوە، ژیانی دەستکردی ئێمەش پڕەگرتربوەوهاوردەکردنی خواردە مەنیمان چۆتە بەرە سەرتر، هاوکات خواردنی سادە و ساکاری خۆمان لە دەست داوە، دیارەکە لەخواردنە خۆشەکانی هاوەردەمان هەر خواردون وخوومانپێگرتوون وەک نەخۆشیەک بێ زیاتروزیاترمان هێنا وەتەوڵاتە وەو هەرواش دەگەڵ ماددەهۆشبەرەکانمان رەفتارکردوە وناشارەزایانە بەکارمان هێناون کە وا ئێستا تاقڕقڕۆچکەتێوەگلاوین وبوون بە هۆی شکستێکی گەورە. ئێمە توانایی بەرهەڵستیی خۆمان لە دەست داوە ، هەستی چێژە مان لەدەستداوە. ئێمە زیاتر خەریکین دەبین بەهێزی شەڕوشووڕان وئەمەش لە کاتێکداکە تاقەتی شەڕ کردنمان پێنەماوە هەڵبەت ئەم کاتانە کەئیمپە راتوریەکەمان گەنج بوو سەرکەوتنمان هەبوو وەک کردمان، دۆخی ئەمڕۆژگارەی ئێستامان هەمووی لە گرەوی خواردنەکانمان دایە، ئێمە بووین بە خەڵکێکی کە خۆراک خەسارەتی پێگەیاندوین.

باپیرە کوتی:

ـ ئێمە زۆرنین، زۆری پیدەوێ تا خۆراکێکی چەواشە شوێنەوار لەسەر خەڵکێکی کەمترکە بەجێبێڵێ. جا هەرچەند پرۆسەی کاریگەری هێدیش بڕواتە پێش مسۆگەر سەرکەوتوو هەر دەبێ. رێم پێ بدە نموونەیەکت هەر لە بنەماڵەی خۆم بۆ بێنمەوە:

ـباپیرەی من لەشەڕی هیندووستاندانەکوژراوە، کێشەی ناوزگیخۆی مراندویەتی. هەر بەم چەشنە بوە لە مەڕ بابیشم لە وڵاتی مالیزیا کەهەر بە جحێڵی تووشی هەمان کێشەی تەندورستی هاتوە و بە مەرگێکی زوودرەسەوە گرفتار بوەو پێیگلاوە. بەشبەحاڵی خۆم من یەکیکی زراوم لە نەوعی خۆمدا و لە هیچ شەڕێکیشدا بەشدار نەبووم.

ئیدی وای لێهاتووە کە خەڵکی ئێمە تاقەتی هیچ شەڕێکیان نەماوە. هەر من خۆم  کە لەبنەواندا لە بنەماڵەیەکی شەڕوانم ئەوەندەم بەسە کە لە ستادی ئەرتەشدا کارمەندم و تەواو، ئەگەرچی کێشەی تەندروستیی پڕمەترسیشم هەرهەیەکەلاموایە لە پێوەندیدایەدەگەڵ ناسالمخۆریی خۆم. ئێمە لەچەندین  بەرەبابداهەر خراپخۆر بووین. منداڵی منیش ئەگەر هەمبێ، وەک من ررووبەڕووی ئەم کێشەیە دە بێتەوەوەک خۆم . لەبەر ئەمەیە کە من بەدوای هاوسەرگیریدا نەبووم. من حەزناکەم تۆرەمەی من پاش من هەر ئەم بۆچوونە ی من بێتەوەرێیان وبەدەردی گرانی خوێنچەوریی و بێ دەسەلاتیی رەچەلە کی ئینگلیزی خۆیانەوە بتلێنەوە.

باپیرە بۆی سەلماندوگوتێ:

ـ بەراست هەر لە دووڕگەی کۆلاو و لە ئارچانگلیسک و لەو دەوران ڕا دەزانم کە ئێوە ئینگلیزیەکان، کێشەی تەندروستیتان هەیە.

ـ ئەمە بۆ ئێمە ماوەی چەند پشتێکی خایاندوە تا لەم مووشکیلەیە رەها بووین. لەمەدا بەخت یارمان بوە کە دەزگاکانی دارایی وئێدارە کانی ژینگەی کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی ئەوتۆ روو لە خراپین کە ئێمە مەجببور روومان لە کشتکاری خۆمان ناوە. لەم رێگاوە نەتەوەکەمان دەبووژێتەوە، واتە دەکرێ بڵێین ئینگلیز زگی لەژانەزگێکی بەردەوام حەساوەتەوە. مستروەیتلێر دەستیدابەوە خواردن وخواردنەوەی ولە ئاخرداگوتی:

ـ ئیمپراتۆریی کێشەیەکی قورس بوو کە ئێمە خۆمان تووشیخۆمانکرد. ئێمە لەم رێیەوە شوێنەوارێکی خوێناویی سەتان ساڵەمان مۆر کردووە. ئێمە لە گشت قوژبنێکی ئەم جیهانە داقوتبووینەوەولە هەمو

مەنجەڵێکیشداکوڵاوین، بەڵان ئێستا ئیدی گەمەکە تەواوبوەونەتەوە کەمان تە تەنیاهەرئارەق وعەزابەکەی بۆماوەتەوە، ئێمە خەڵکێکین سەدەمە وێکەوتووش، دەگەڵ ئەمەش لام وایە کە بەیانەرۆژێکی روون بەرێوەیە بۆ دوورگەکانی بریتانیا، جابائێستاش لە ژێرگوشاری قورسی ئێکۆنۆمیدا بناڵێن، ئەمە هیوا و هومیدێکی زۆرە بۆمن کەبتوانین پەنابۆ خاکی خۆ مان و کەشاوەرزی ولاتی خۆمان ببەین و هەر ئەمەشە رێگای نەجاتی ئێمە، لەمروانگەیەڕا ئێمە تێکەڵ دەبین بە بازاڕی هاوبەشەوەش دەگەڵ وڵاتانی ئوروپا، دەنا من خۆم رام وابوە کە ئاڵمانییەکان تا ئاخر قەترە خوێنمان، دەمان مژن.

# 29

لە جویٚ بوونەوەدا لە مستر وەیتلێر، کە بەرەو هۆتێلەکەمان دەگەڕاینەوە، باپیرەهەڵیدایەو گوتی ئەم ئیمپەراتوریە هەڵوەشاوەیە بەسەرهاتێکی سەیرو سەمەرەی هەیە.
باپیرە چوو بۆ باستوو منیش چوومە سینەما. بریارماندا کە لە پێش کابارەکە یەکتر بگرینەوە. من راوەستام بووم و لە فکری خۆم رۆچوو بووم کە کابرایەکی هیندی لێم هاتەپێش و کوتی وێدەچی بەدوای خۆ خافلاندنەوە بی. کوتم خەریکم بچم بۆ سینەما. کابرا کوتی ئەگەر وایە پێشنیاریکی باشم بۆت هەیە و داوی پێنج پۆندی کرد هەقی چوونە ژوورەوە. پێم دا. خزمەتێکی باشی سەرمێزم پێکرا بەخواردن و خوارنەوە، جێگای دەست بەگیرفانەوە گرتن نەما.
کابرای هیندی لە پێش و من بەدوایدا پاش رەتبوون لە دەروازەیەکی بە پەنجەر کەوتینە باغچەحەوشێکی چووکەوە و لەوێڕا بۆ ژوورە سینەمایەکی گچکە.
دەرکەوت کە ئەم جییە سینەمایەکی چەپەڵی ژنوژاڵی رووتە. قتۆبیرە یەک بەدەستەوە، فەرموویانکردم کە دانیشم وهاوکات شریت دەستی کرد بەخۆلانەوە.
لە پشۆکەدا دوو کیژ هاتنە بەرەوە و ڕووتوقوت دەستیان کرد بە ماچ ناردن بۆ خەڵکەکە، فەقیرانە لە شەرمان سوورهەڵگەڕابوون، بە

خۆشییەوە زۆر زوو  فیلمەکە لەسەرڕا وەگەڕ کەوتەوە و ئەم نمایشە بێ ناوەرۆکە دەستپێکردەوە.
پاش تەواو بوونی فیلمەی ئابڕووبەر، کەوتمەوە سەرجادە وماوەیەکی کورت خۆم بەتەماشا کردنی دارو دیوار و دوکانانەوە سەرگەرم کرد. سەرئەنجام بۆ ئەمە کە وەدرەنگی نەکەوم بۆ دیدار دەگەڵ باپیرە سواری تاکسیەک بووم بۆ شوێنی دیاریکراو. ئێستا ئیدی منیش شنا سایی باشم هاتبووە دەست لەسەر ناوچەی سۆهۆی لەندەن. من بیرم لەمە دەکردەوە کە چوونی باپیرە بۆ باستووی گۆرین بەم شێوەیەی کەبۆی باسکرا، کاریکی نە گونجاو بوو بۆوی، بەڵان من هەربە نرخی خی پێنج پۆندەکەم، کۆڵێک تەجروبە و ئەزمونی ژیانی خەڵکی هەندەرانم وەدەست هێنا بوو کە هێلسێنکی ناخۆشی ئێمە خەبەری لێی نەبوو.
تاکسی لەبەر دەرگای رەستوران باری کابارە، راوەستاو خەریکبووم هەقە پارەی تاکسیەکەم دەدا کە باپیرەش بە سوورهەڵگەڕاویی نێوبا باستۆوە لەدەرگای هاتەدەرو بەپەلە بەرەو من هات.
ـ کوڕە تۆ نازانی ئەم چۆن جێگایەک بوو، گوتی.
ـ بەلێ، لێت دیارە لە باستوودا بووی ئەویش باستوویەکی زۆر گەرم ئەمەی لەلای خۆشمان هەمانە. بەڵێ وەک گوتت گەرم بوو، بەڵان کاتی چوومە جێی خۆشوردن و خۆم فێنک کردەوە بۆ کابرای ماساژچی کچێکی گەنج لێم وەژوور کەوت وکوتی تا لەسەرمێزتەختەی خۆشووردن درێژبم. کچە بە چەشنە رۆنێکی قاوەیی رەنگ لە سەرتا نووکی پێ چەوری کردم و دەستیکرد بە ماساژدانم و هەربەوەندەش رازی نەبوو بەڵکە باڵسامەکەی لێ شۆردمەوە و دەستی برد

شۆرتەکەی خۆشی فڕێدا و ئیدی هەر بەتەواوی تێوەچوو. لە جوابی پرسیاریشدا، تەنیا هەر بزەیەکی دەهاتێ... کوڕە، باستوو دەبێ ئاوا بێ، ئەمەیە باستوو.

پرسیم ئەمە چ خەرجێکی تێچوو؟ باپیرە دڵفرەوان کوتی هەر بیست پۆند.

ـ وەدەشی هێنا گوتی. لە زەمانی گەنجیش دا لێتیتیائەم خزمەتەی پێنەکردووم کە کچە کردی، ئەویش لەسەر ئەم تەختەدارە.

ئێمە چووینە ژووری کابارەوە. مێزی ئێمە کەتبووە بەردەم سێنەکەوە. ئێمە داواکاریی خۆمان دا. بەرنامەش زۆر زوو دەستی پێکرد. دووکەس ریزی بەزمیان راگەیاند، گشتە کچە جحێڵەیەک بەجلکی تەنگ وتەنکەوە هاتنە دانسەکردنەوە، دانس وهەڵپەڕکێکی یەکجارجوان ورەنگارەنگ. باپیرە وەها کەوتبووەسەر زەوقەوە کەبڵێندبڵێندقسەی دەکرد وپەیتاپەیتا چەپڵەی بۆ لێدەدا.

وەختی پشوودانەکە باپیرە خۆی لەمن نزیک کردەوەو وگوتی:

ـ سەبارەت بە باستوو، نابێ هیچ شتێک دەگەڵ لێتیتیا باس بکەی... بەڵێ زۆر جاری دیکەش لەم چەشنە شوێنە بنبزێوکانە بووم، بەڵان هیچکام لە وان ئاوا گران نەبوون. باپیرە لەسەر فیلمەکە لێمی پرسی کە زۆرکورت وموختەسەر هەر کوتم:

ـ لێگەڕێ، چی وانەبوو فیلمێکی بی مانای ئاسایی بوو. شەوەکە مان بەخواردن وخواردنەوەدەچۆەپێش و بەزم بەردەوام بوو، لەم بەینەدا سرنجی خەڵکە بەرەو ئێمە راکێش ببوو کە ئێمە کێن و خەڵکی کویین باپیر وەجواب هات و بەزمانی ئینگلیزیە سەربازیەکەی زەمانی خۆی کوتی:

ـ ئێمە خەڵکی ئارچانگلسکین! ـکۆسکاناریدرـ مان بۆ لێدەن! ئیدی بوو بە قریوە، هەر شازادە کچە دانسکارەکان لە سێنەکە هاتنە خوار و بە ناومێزی خەڵکەکەدابە هەڵپەرکێ دەسووڕانەوەولەسەرداوی جەما عەت دەچوونەسەرمێزەکانیان وگەرووی خۆیان بە پێکە خوارد نەوەیەک ساف وتەڕ دەکردەوە.

من نەمدەویست هیچکامیان بۆ سەرمێز بانگ بکەم، پێموابوو زۆرگران دەکەوت، بەڵام باپیرە دەستی لە دانس هەڵنەدەگرت، بەنۆرە دەگەڵ یەک یەکی کچەکان هەڵدەبەزی، لیکۆربەپێی فیلان و گاڵتە وگەپ و پێکەنین تابن میچی کابارەکە بەرزوبڵیندواربوو. کابرای سەرپەرستی کابارە بەمۆمی هەڵکراوەوە هاتە سەر مێزەکەمان، وێدەچوو کە ئێمە بەخۆشەویستترین موشتەریی ئەو شەوی کابارە کە بوو بین. من هەوڵمدا باپیرە ئارام بکەمەوە بەڵام ئەم کە گوێی لە ئەقڵ و لە مەنتیق نەمابووگوتی:

ـ رۆڵە، گوێ مەدە پارە! کارگەی چەرمی وێرنێری وێئەیسنین خوازیاری شایی و هەڵپەرکییە و بە مەش ئینگلیز چی بەسەرنایە!

ئەو شەوە نازانم چۆن گەیشتوینەوە هۆتێلەکەمان بەڵام ئەوەندەم لەبیرە باپیرم بیست پۆندی دا بە یەکێک لەخزمەتکارەکان تا لە کۆڵی کاو بە پلەکاندا دەسەری خاتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. کابرای خزمەتکار لە بن قورسایی باپیرەدا نیوقەد ببووە و ئارەقەی دەردابوو جارجار جنێویکیشی دەدا، بەڵان بیست پۆندە کاری خۆی کرد بوو، باپیرەی گەیاند سەر تەختەکەی و دانانی هەمان و خەوی لێکەوتنی هەمان.

بەیانیی رۆژی پاش، بەزەنگی تەلەیفوون، قەڵس و عەبووس وەخەبەر هاتین. من دەنگگیراو، جوابم داوە.

تەلەیفوونەکە لە ستادەوەڕا بوو. وەێتلێرگوتی، تەرتیبی دیدارێکی دەگەڵ دەرەجەداری قەدیمی ئەرتەش تۆمپسۆن بۆ داناوین کە پاش سەعاتە وەختێکی دیکە لەپیرخانەی دەرەجەدارانی ئەڕتەش لە نەخۆشخانەی رۆیاڵ هۆسپیتاڵ چاومان پیی بکەوێ وگوتی:

ـ من پێشنیار دەکەم کە ئێوە بە قەتاری ژێرزەوی بچنە وێستگەی "سلەون" و لەویڕا چەند قەدەمیکە بە پێیان.

وەێتلێر، هاوکات سپاس وپیزانینیخۆشی راگەیاندبۆئەم میواندارییەی کە دۆینێ لێی کرا بوو وگوتی:

ـ جاریکی دیکەش کە هاتنەوە لەندەن دەبێ ئاگادارم بکەن، دەنا بەراست دڵم لێتان عاجز دەبێ.

من بە باپیرەم کوت کێ بوو تەلەیفوونی بۆ کردین.

باپیرە لە جێگادا کەوتبوو و ئارەقەی لەبەر دەچوو. سەر دۆشەگەکەی دەملی خۆی هاڵاند بوو وهەرچی هەوڵیدەدا بۆی لە کۆڵ خۆی نەدەبۆوە. ئێستاکە ئیدی پیرە پیاو، وێرنێری لە پاش فێستی دۆینێ شەوێ کوژا بۆوە، گوتی:

ـ تۆ بچوو دیدارێکی ئەم داویدە بکە من ناتوانم.

من بەباپیرەم گوت بەتەنی ناتوانمبچم چونکە من قەت ئەم داویدەم نەدیتوە، شوناسنین و هیچ ئاگادارێکیشم سەبارەت بەموورمانسک یان ئارچانگلێسکش هەرنیە، هیچ شتێکی پێکەوەشم دەگەڵ داویدتامپسۆن هەرگیزنەبۆە،

هەقی تۆیە، وایە باپیرە بۆڵاندی. کەوایە تەرتیبی حەمامێکی گەرم بدە وابی کە زیندوومان بکاتەوە.

من هەستامە سەر پێ و داوای بابۆڵە نان و چاییم کرد. باپیرە هەستا دانیشتە سەرتەختەکەی خۆی ودەستی گەیشتە کیفەکەی وخەریکبوو پارەکانی دەبژاردن و هەتا زیاتریشی دەبژاردن گنجی ناوچاوانی پتر و قوڵتر دەبوونەوە.

وێدەچێ کە من سێسەت کەتە پۆندم خەرج کردبێ. بە زیادی خێرم نەکرد ئەم پارەیەم بەچی و لە چی هاڵاندوە...

من هەوڵم دا تێی بگەیەنم چۆنی بە ئاو داداوە بەڵان گوێی لێنەگرتم نەیدەویست لێیحاڵیبێ وبزانێ، نێوچاوانی تێکنا و لەسەرڕا پارە مارەمارەی هاویشتەوەناوکیفەپارەکەی. من دڵم پێیدەسووتا، دیاربوو تووشی خوماربوونەوەیەکی قورس هاتبوو بەڵان بەکردەوەنالە بارەکانیشی نەفەسی منی هێنابۆەسەر لێوان. لام وابوو ئیدی بەسە و باشترە بگەڕێمەوە بۆ هێلسێنگی بۆلای نەنکم لێتیتیا، ئەم بەڵکەرێم بداتەوە بچمەوە ماڵ جا با بەبێ باپیرەشم بێ. دەمزانی ئەمە بیرۆکەیەکی باش نیە، بەڵان بەبێ خۆپەسندی بەڕێوەم بردوگوتم:

ـ من بەڵکە بڕۆمەوە بۆ ماڵ ئیدی. تۆ لەبەر خاتری من گەلێک خەرجی نەپێویستت هەیە. ئەم ئیمکانەهەر هەیە کە لێتیتیا لێم ببورێ و رێگای ماڵەوەم بداتەوە.

باپیرە لێبڕاوانە دەگەڵ هەرچەشنە بۆچوونێکی لەم بارەوە موخالیف ودژبوو، گوتی:

ـ هیچ باسێکی ئاوالەگۆڕێدانیە!

ـ ئێستا ئەمە شەش مانگە پێکەوە خەریکی گەڕان ورابواردنین هەروا پێکەوەش لەسەر ئەم کارەمان دەرۆین! لە راستیدا یارمەتیشت داوم و کارت بۆ راپەڕاندووم و زمانی نامۆشت بۆ وەرگێڕاوم و پێشم باشە کە تۆ لە زستانی رابردوودا کە من بەمەستی ملم لە چیاوچۆلی پڕ بەفر ناوە، بەدوامدا هاتووی. خۆ مرۆ شتی وا لە بیرناکا. کاری ئاوا نارەوا لە من ناوەشێتەوە هەروا لە خۆڕا رێگا بدەم بکەوێوە بەر چەنگی لێتیتیا!

کاتێ دەگەڕێنەوە ماڵ هەردووکمان پێکەوە دەگەڕێنەوە. ئاوا ئەگەر دوو کەس بین زیاتر بەری کێشە و موشکیلەش دەگرین.

حەمامەکە چاوەروانمان بوو، ئای کە خۆش بوو کاتی خزاینە ناو ئاوی گەرمەوە، هەمووشەکەتیی لە لەشمان بە بەیەکجاری رەوینەوە.

لەسەر شەقام بوتڵە ویسکێکمان کڕی تادەگەڵ خۆ ببیەین بۆ تامپسۆن باپیرە سەردانێکی بانکیشی کردو بەستەپارەی وەرگیراوی کە وێی داویشتە کیفی پارەیەوە، کوتی:

ـ هەر کات ئەم پارانە تەواو بوون، پارەی دیکە وەدەست دێنم. ئاوایە کە پیاو لە کەرتی کەوڵ و پێست دا کارا بێت.

# 30

له شەقامی رۆیاڵ هاسپیتاڵ خانووبەرەیەکی گەورەی جوان دەبیندرا کەبە دەروازەیەکی چاوەچاوەو گەورەی لە پۆلا، رازاند بوویەوەو لە ناوە وەش حەوشوحەسارێکی لەبەردلان، رازاوە بەگوڵ وچیمەن کە ناوەناوە هەیکەلی چووک و گەورەلێداندرا بوو، سرنجیان ڕادەکێشا.
لە ناوەڕستی حەوشێشدا، کانیاوێک و لە پەنا ویش هەیکەلێکی یەگجار گەورە، بە بۆنەی سەرکەوتن لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا جێ کرابووە کە هەوڵی گشتە سەربازێکی دەنواند  کە لە دەوری گواستنەوە دەسگاتۆپێکی مەیدانی شەڕێ، بە ئالایەکی بەرزەوە کارابوون.
ئێمەکاتێ کانیەئاوو هەیکەی گۆرینمان دەورلێدەداوە چاومان بەچە ندپیرەپیاوی بە قەلافەتیش هەرکەوت کەلەجلکی تایبەتیی خۆیاندا ئارام و بێدەنگ لەسەرکورسی وسەندەڵیان دانیشتبوون، کە بەڕاست عەزەمەت و گەورەیی ئیمپەڕاتۆری کەونی بریتانیایان وەبیر دێناوە.
لە ژووری خانووبەرەدا، رێنوێنی کراین بۆ بەردم پرسەگە کە لەوێ بەڕێزەوە لەسەر کورسی دایاننایین تا دەرجەدار تامپسۆنمان بۆ دەدۆز نەوە.
زۆر پێنەچووبوو کەسێکی کورتە بالای سەروگوێلاک سپیمان لێ دەرکەوت کە بە ئۆنیفۆرمی تایبەتەوە بەرەو ئێمە دەهات. ئێمە بۆ سلاو هەستاینەسەر پێ، بەر لەوەی کابرا بمانگاتێ باپیرە لە گوێی چرپاندم:

ـ ئەمە کابرا قۆشمەکەی ئێمەیە، من لە دوورەوە دەیناسمەوە، پاش چەند چرکەیەک دەرەجەدار تامپسۆن گەیشتە بەردەممان و پاش ئەم هەموو ساڵە دووریە لێکتر، هێندێک پێچوو تا مێشکی یاریدەی ناسینەوەی باپیرەی پێدا و کاتی کارگێڕی بەردەستی خۆی لە زەمانی شەڕدا ناسیەوە لە خۆشیان چەند هەنگاوێک چووە پاشەوە و لێمان دوورکەوتەوە، لەوێ رووبەڕووی ئێمە راوەستا، پانێ پێڵاوی لێکدان و سڵاوی نیزامی بۆ باپیرە گرت و ئەمجار بەرەو ئێمە هات و باپیرەی دە ئامێز گرت.

لە دەستلێکدانەوەدا بۆم دەرکەوت سەرەڕای پیری و بڕە لەرزییەک هەم لە دەست و هەم لە پێیەکانیدا تامپسۆن هێزو تاقەتی قەدیمی خۆی تا رادەیەک هەر پێماوە، ئەم بڕە لەرزینەشی لەبەر پیری بوو نەک لەبەر بێ تاقەتی.

کارگێڕی پرسگە لێمان دوورکەوتەوە و ئێمە هەر سێک لەسەر مۆبلێکی سێ نەفەرە لەوێ دانیشتین. باپیرە کوتی:

ـ ژیان چۆنت مامڵە دەگەڵ دەکا، داوید؟ بەڕواڵەت رایدەکیشی و سڵامەتیت لە جێدایە.

ـ ئێی، پیاو چ بڵێ... شەڕبۆمن، لە شەڕکەوتوە. زیاتر هیچ شتێکی سرنج ڕاکێش، من بەدی ناکەم.

ماوەیەکی تەواو بێدەنگی لە نێواندا بوو.

سەرئەنجام باپیرە بێدەنگی شکاند و لێی پرسی:

تۆ لەشەڕی دووهەمی جیهانیشدا بەشدار بووی؟

تامپسۆن بیرێکی لێکردەوە. وێدەچوو بۆی زەحمەت بوو بێ هەموو شەڕەکانی لە یەکتر جیاواز بکاتەوە.

ـ هەڵبەت منیش دەگەڵ بووم بەڵان شەڕەکەم بەدڵ نەبوو، ئەمجارەیان هەمووشت بەپەلەتر تەواو دەبوو بە بەراورد کردن دەگەڵ ئەوانی پێشوو و گەرمای بێ ئەمانیش. من لە سەحرای سینای وڵاتی میسر بووم. شەڕی ئەمدواییە شەڕێکی زۆر خوێناوی بوو. لەدەورانی شەڕی دووهەمدا من زۆرزیاترلەزەمانی شەڕی یەکەم تووشی نەخۆشی دەهاتم.

لێرەدا من مەجالم هێنا، بوتڵە ویسکییە پێچراوەکەم پێشکەش کرد. بێ ئەندازەی پێخۆش بوو. تامپسۆن دەستی دایە بەستەکە و ئەملاو ئەولایەکی پێکرد، من هەستم کرد فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو. ئەم کەیف خۆششبوونە ی کۆنە سەرباز بە ئێمە، وەهای شوێنەوارێکی لەسەر هەستی ئێمە دانا کە بڕیارماندا بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتی بکەین. پیرە مێرد بەخۆشیەوە قبووڵی کرد و پاش راگەیاندن بە ئیدارەکەیان، پێکەوە بەرەو هەتاوی لەندەن، لەوێ دەرچووین.

لە میانەی خواردنی نانی نیوەڕۆدا، باپیرە و تامپسۆن خرتوپرتی یەکتریان زیاتروەبیرهاتەوە. پاش نیوەڕۆ نانەکە ئێمە تامپسۆنمان گەیاندەوە شوێنی خۆی، لە لێک جیا بووینەوە دا باپیرە و تامپسۆن گەیشتنە بڕیارێک کە بۆ ماوەی دوو سێ رۆژ پێکەوە سەفەرێکی لای ویڵز بکەن. من هەوڵمدا کە باپیرە لەم فکرەیە بگێڕمەوە، لام وابوو کابرا لەمە پیرترە کە کەڵکی سەفەری ئەوتۆی پێوە مابێ، بەڵان باپیرە کەیف خۆش و کە تاڕادەیەکیش سەرخۆش ببوو، کوتی: پیرە مێرد پێویستی بەمە هەیە کە جارجار لەم شوێنەی ئێستای دەرچێ و وڵات ببینێ. کابراوەک من وتۆنیە، ئەم هیچ خزم و کەسێکی نیە بیبا و بیگێڕێ.

ـ چەند کەڕەتت لێتیتیا بردۆتە دەر و بیگێڕی، لەبنلێوەوەبۆڵاندم.
ئێوارەکەی باپیرە نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەی نووسی و بەشێوەی خوارەوە بۆی باسکردبوو کە ئێمە خەریکی چین ونووسیبووی:
ـ دیسانیش ڕۆژباش لێتیتیای خۆشەویست! ئێمە لە ئینگلیزین ئاکۆستی وەک کورێکی خاوەن ڕەفتار و بە ئەدەب هەڵسووکەوت دەکات. هیچ شتێکی تایبەتی ڕووی نەداوە. ئێمە ساغ و سڵامەتین. بەرێزەوە وێرنێری.
باپیرە منی نارد تا لە ناوەندی ویکتۆریانامەکەی پۆست بکەم، چونکە بۆم نەبوو لە ڕێگای سروشتی پۆستی هۆتێلەوە نامەکە پۆست بکەم، ئەگەر وابا لێتیتیا دەیتوانی شوێنمان هەڵگرێ وبزانێ لە کام شوێنومەکانین.
ئێمە چەند ڕۆژێکی دیکەش لە لەندەنماینەوەو خۆماندەحاواندەوە دەچووینەشوێنە دیدەنیەکان، مووزەکان و سەفەری نێو ئاو بە گەمی وخەڵکمان دەدواند. سۆهۆمان تەنیا هەر جارێکی دیکە دیتەوە ئەویش ئەم ئێوارەجارەبووکە چاومان بەژنەڕووتوپەتیارەیەک کەوت کە پاڵیدا بۆوە بە ماڵەسە فەرێێکی لەسەر جادە ڕاگیراو و بەدەست ئامازەی بە ئێمە بوو بۆلای خۆی، ژنە وە یەکێکی جوانیش دەچوو، نەماندەزانی چی لەدڵدایە بەڵان بەقسەمانکردو چووین. ژنە چەند وێنەیەکی لە جانتادەستییەکەی خۆی دەرهێنا و لە پێش ئێمە پانی کردنەوە. وێنە، وێنەی ژنێک بوو کە منداڵێکی پڕ جلکی بە باوەشە بوو کە خەریک بوو لە مەمکی خڕی دایکی شیری دەمژی ژنە، تارادە یەک کەم جلک و رووت بوو بەڵان جووتەپێڵاێکی پاژنەبڵیندی

دەپێکردبوو. باپیرە شتێکی بە ژنە گوت. ژنە لێو خەندەیەکی تەحویلداین و کوتی:

ـ ئەمەی بەبێ منداڵەکەیە دەکاتە دوازدەپۆندخاوەن منداڵەکەش نرخی بیست پۆندی تەواوە.

ئێمە لێمان روون نەبوو ئەم نرخانە بۆچین.

ژنە وێنەکانی لە دەست راپسکاندینەوە و ناقایل کوتی:

ـ ئەحمەقینە! ئێوە یان سویدین یان ئاڵمانین! لاچن، بڕۆنەوە بۆ لای ژنەکانتان!

ئێمە لە ژنە وەلاکەوتین، بەڵان باپیرە پێمی کوت:

ـ تەنیا هەر لەبەر ئەوەندە ئامۆژگاریە، ناچینەوە لای لێتیتیا...

# 31

کاتێ کاری گەڕانمان لە لەندەن تەواو بوو، چووینەوە بۆ پیرخانەی گۆرین تا دەرجەدار داوید تامپسۆن هەڵگرین بەرەو وێلز وەرێکەوین. داوید بەپەلەبوو، نەدەسرەوت تا وەڕێکەوتین. لەدەرچووندا چەند کەسێکی دیکەی پیرخانەش کە دۆستی داوید بوون ڕەگەڵ کەوتن تاویستگەی قەتار، بۆوەی لەوێ دەستێ خاترخوازیمان بۆ هەڵێنن.
ئێمە لە پیرخانەرا بە دوو ماشێنان وەرێکەوتین. لە یەکێکیاندا ئێمە هەر سێکمان و لەوی دیکەدا ئەو چەند پیرە مێردەی کە بۆخاترخوازی ڕەگەڵ کەوتبوون، یەک لەوان کابرایان زۆر بە تەمەن بوو گۆیا، لەشەڕەکانی قەدیمیی نێوان ژاپۆن و روسییە، بەشداریی بووبێ.
بە سەلامی نیزامی و لە باوەشگرتنی تەکتەکی ئێمە هەرسێککەس، تامپسۆن باپیرە و من، خاتری خۆمان لە پیرەمێردان خواست کەبە جلکی جیاواز جیاوازی یەکەکانی قەدیمی خۆیانەوە، تابەردەرگای قەتاری" ۆکسفۆرد" دەگەڵمان هاتبوون تا لەوێ ڕێوڕەسمی خاترخوازی پیرە پیاوان کە هەمووش هەر بە دابونەریتی نیزامییەوەبوو، بەڕێوە بچێ .
سەرئەنجام، قەتاربەپەلە و بێدەنگ وەڕێکەوت و پیادەڕۆی ویستگەی بەجێهێشت. داوید بێ ئارام بوو و وەک منداڵی چووک سەری بە شووشە پەنجەرەی قەتار داگرتبوو و تەماشای دەشت و دەری دەکرد.
لە پاش ئوکسفۆرد قەتارمان گۆڕی و چووین دەقەتارێکی دیکەوە کە ڕێوڕاست دەیبردینە "نیووپۆرت" کە دەبێتە وێستگەی سەرەکیی

قەتاری وێلز. لەوێ، داوید شوێنە سرنجی ڕاکێشەکانی بۆ شی دەکردینەوەو دەیگوت:

ـ من وێلزم زۆر پێخۆشە، هەرێمەکە بەدایم شوێنی تەماح وهێرشی نیزامی لەسەر بوە. ڕۆمەکان لە ساڵەکانی ٧٠ی پاش مەسیح ئێرەیان داگیر کردووە. پاش ئەوان ئینگلیزیەکان لە ساڵەکانی ١٢٠٠ تێی هاتوونێ. وێلزیەکان بەرگرییان لەخۆ کردووە تا ئاخرێکەی لە ساڵەکانی ١٥٠٠دا وڵاتەکەیان وەسەر ئینگلیزی دایک لکاوە. لە پێش یەکەمین سەدەی پێشوودا، نائارامی بۆجارێکی دیکە هاتۆتە کایەوە... باوە پیرەی من لە پێش مردنیدا زۆرێک لەم باسانەی پێ بوو، بەڵان ئێستا ئیدی نەماوە.

لە نیووپۆرتی پیسوپۆخڵ و پڕ لە خەڵک، باپیرە وای بە باش زانی کە خۆمان ماشێنێک بە کرێ بگرین و پێی لە وێلزدا بسووڕیینەوە، بە جێگای ئەمە کە لە نیووپۆرتدا بێین و بچین. هەرچەندهیچکام لە ئێمە کارتی ماشێن ئاژوویشمان پێنەبوو.

باپیرە کێشەکەی ڕەواندەوە، کارتی تەواوخزمەتی من لە وەزیفەی سەربازیی دابە خاوەن ماشێنی بەکرێ. کابرا زۆر بە سرنجەوەکارتەی ئەمدیوئەودیو کرد، بەلان شتێکی لێنەهاتە دەست چونکە بە زمانی فێنلاندی نووسرا بوو، بەڵان کەللەشێری سەرکارتە، کاری خۆی وەک دکۆمێنتێکی خاوەن ڕەواج، بەوێنەی سەرو فۆتراکی من لە جلکی نیزامی دا، کاری خۆی کرد و کابرای ڕازی کردوکلیلی سەیارەی پێدااین. باپیرەداوای ماشێنێکی گەوری کرد تا
ڕۆژی پاشتر بۆمان بێننە بەردەرگای هۆتێلەکەمان.

بەیانیی رۆژی دوایی ماشێن گەیشتە بەر هۆتێل، باپیرم کلیلەکانی لە من وەرگرت و کوتی:

ـ تۆ نابێ سەیارە بازۆی چونکە ئیجازەت نیە. من لەم بارەوە لە هەمووان خاوەن هەقترم، من لە ساڵەکانی قەدیمدا ماشێنی قاچاغی مەشروبم بە دەوروبەری "کیمنەداڵ" دا ئاژوتوە.

ئێمە بەرەو سەیارە لە ژووروەدەرکەوتین. باپیرە لە پست فەرمان دان نیشت، من لە تەنیشتی و داوید لە پشتەوە و کورسیەکانی ئێمەی دەباوەش گرتن و زۆریش بەپەلە بوو بۆ وەرێکەوتن. باپیرە سرنجێکی باشی دا بە ئامرازی لە پێش خۆیدا، مۆتۆڕەکەی هەڵکرد، بە پەنجە دەست چراو چراکانی راست و چەپی ماشێنی ئەزموون کردن.

ـ مۆدێلێکی تارادەیەک نۆیە ئەمەیان. فەرمانەکەی لەلایچەوتەوەیە ساڵەکانی بیست کە من ماشێنم داژۆت، فەرمانەکە بە تەواوی شتێکی دیکە بوو، گوتی

من پێم کوت کە لێرە لە ئینگلیز، ترافیکی دەستی چەپ لە کاردایەلە حاڵێکدا ئێمە لە فینلاند ترافیکی دەستی راستمان هەیە.

ـ ئاوها،.. پێموا بوو ئەمە مۆدێلێکی تازەیە. بەلان گرینگ نیە. کەوابوو ئێستا بەلای چەپدا دەرۆین. تەبیعی هیچ فەرقێک ناکا و خێراییەکە هەر وەک یەک دەبێ.

من نەخشەیەکی رێگاوبانی وێلزم کڕیبووو کارم ئەمە بوو کەنەخشە کەبخوێنمەوە، باپیرە دەی ئاژوت و داویدیش دەبوو لە پشتەوەدانیشێ و تا ئەو جێیەی چاوەکانی بڕدەکەن،خەریکی سەیر و سەیاحەت بێ. داوید هەروا بەشان و باهۆی باپیرەدا دەهات و تاریفی شۆفیریەکەی دەکرد، تەنانەت وەبیر خۆی هێناوە کە ویرنێری جارێکیان قەتاریشی

هەر لێخوڕیوە، ئەویش ئەو کاتەی کە کابرای قەتار ئاژۆ، رای کرد بوو وچووبۆە جەبهەی سپیانەوە لە فینلاند. وابوو ویرنێڕی دەستیهەڵکرد و قەتاری لە"کاندالاکس "ەوە تا دووڕگەی کۆلا لێخوڕی.

ـ بەڵان قەتار هاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێ، باپیرە کوتی. و ئەو قەتاریش مانۆڕ پێدانی هاسانتر بوو. من هەرگیز ناوێرم خۆم تووشی ئاژوتنی ئەم قەتارە مۆدێڕنانە بکەم کە ئێستا لێرە هەن.

هەڕەکەتمان لە هۆتێلەوە، شوێنەواری لەسەر جادە بەجێ هێشتبوو، خەتێکی دوورودرێژ لە سەر ئاسفاتی ری، چونکە باپیرە ناشارەزا و بە گوشارێکی زیادیی، پێداڵی بێنزینی پاڵپێوەناوەو ماشێن دەرپەڕی و وەها بەسەر جادەدا خوشی کەزیڕەی لە تایەکانی هەڵستان. هەرچۆنێکبوو باپیرە فێری مامەڵە کردن بوو دەگەڵ سەیارەکە، بەڵان زۆر خێرا دەرۆیشت. لە چوارێیەکاندا باپیرە خێرایی خۆی بۆ کەم نەدەکراوە، چونکە بۆی زەحمەت بوو جێی گێڕ و دەندەکان بدۆزێتەوە. ئەمەی بۆ هاسانتر بوو لەسەریەک بەدەندەی سووکتر بڕوا. کاتێ مەترسی خۆ پێکدادان زۆر نیزیک دەبۆوە، باپیرە پەنای بۆ سیگناڵ دەبرد، هاوکات بە پەنجەو مستی دەستیش ئاماژەی دەدایە شۆفیری ماشێنان، وادەبوو کە شۆفێری فەقیر گازی دەدایە وبۆی دەردەچوو، رەنگە پێشی وا بو بێ کە خەتای کردوە.

سەرئەنجام ئێمە لە نیووپۆرت دەرچووین و کەوتینە سەرشاڕێیان بە بەبێ سەدەمە. باپیرە نەفەسێکی هاتەوە بەرو کوتی:

ـ کەمێکی پێدەوێ تا پیاو دێتەوە سەر خەت. ئەم سەیارە تازانە زۆر لە وانی قەدیم خێراترن، بەڵان بە هەر حاڵ باش بوو و بەخێرگوزەرا. دائاگۆستی، رادیوکە بکەوە با کەمێک گوێ لە موزیک بگرین.

# 32

باپیرە وردەوردە کۆنترۆڵی ماشێنەکەی دەهاتە دەست. فێری خەتی دەستی خۆی ببوو. راهاتبوو لە دەستی چەپەوە بازۆێ و تەنانەت لە چواررێییەکاندا، خێرایی خۆی کەم بکاتەوە و ئاگادار بی لە هاتووچۆی دەوروبەری. باپیرە حەزی لە توند رۆیشتن بوو و داویدیش هانی دەدا توند بازۆێ و بزانن سیارەی گۆرین چەند کیلۆمێتر لە سەعاتدا پڕ دەکاتەوە.

ئێمە چەند رۆژێکی خۆشمان لەسروشتی جوانی وەێڵزدا بردەسەر. ئێمە پێوەندیمان بەچەند قەسابخانەیەکی ئەوێوەشەوە گرت، باپیر گشتە چەرمەگایەکیشی لێکڕین و ناردیەوە فینلاند بۆ خۆش کردنیان. سەردانی عەمباری چەرمەگامان کرد لە جادەی" مامماس" هەر بە بۆ نکردن باپیرە خۆی لێی حاڵی دەبووکە ئەم چەرمانە چ ماوەیەک لەسەردخانەدا ماونە تەوە، فێڵی لێنەدەکرا. باپیرە خۆی هەڵی دەبژاردن، کام چەرم ئەستوور و گەورە بووبا ئەمانی جۆی دەکردەوە و بەقیمەتی خۆی دەیکڕین. جارێکیان پێمی کوت:

ـ وەشیار بە کوڕە، وەیڵزیەکان وەستان بۆ وەی پاک وپیس پێکەوە بپێچنەوە. بەڵان چوونکە ئێمە بەجوملە دەکڕین و زۆریش دەکڕین بۆیە دەبێ نرخەکە مان بۆدابەزێنن، من نرخی باش دەدەم بە چەرمی باش و قایم. بەڵان چەرمی خراپ خۆی لەخۆیدا هەر ناکڕم. ئەگەر ئەمانە تێگەیشتبان و چاک و خراپیان لێک جۆی کردبانەوە،

کیاهە چەرم گەورەو ئەستوورە قیمەتێکی زیاتریان لەسەر دانابا پتربەقازانج تەواو دەبوو لە مەی کە پاک و پیس پیکەوەبپێچنەوە. بەلاّن کە خۆیان حالّی نەبن... لەمامەڵەکردندا، بەتایبەتی ئەمانەی تازەکارن، نابێ لە هەولّی فێڵ کردن دابن.

شەومان لە میوانخانەیەکی زۆر گەورە و رێکوپێکداکردە رۆژوبەیانە کەشی بەرلەمە کەلەوێ وەلاکەوین، یەکدوو سەعاتێک چووینە قۆرغ و مێرگانی دەورووبەرەوە بۆ پیاسەی سەرە بەهارێکی خۆش. گولّ تازە خەریک بوو دەپشکووتن، مالاّت کەیف خۆش و سەرمەست لە چریکەو خوێندنی مەلان لە مێرگاندا، دەلەوەڕان و هەموو بە گشتی دۆخ و سرشتێکی شادی هێنەر و پڕلە، لەوەڕ یان بۆ بەرهەم هاتبوو.

دەرەجەدار داوید زۆر لە من و باپیرە بەکەیفتربوو، هەر بە تەواوی زیندوو ببۆوە و زەوقی گالّتە و گەپی بزوتبوو و دەیگوت:

ـ من بیرەوەریەکم هەیە ئەگەر بە تەواوی وەبیرم بێتەوە ئەویش ئاوایە کە لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دوو رەقیب گەورە "مۆنتگۆمری" و "رۆمێل" شەوێک بە نهێنی لە سەحرا، یەکتریان چاو پێدەکەوێ تا پێکەوە وتووێژێکیان لەمەڕ پێکهەلّچوونی هێزەکانی ژێر دەسەلاّتی خۆیان، پێکەوە بەراورد و ساغکەنەوە. لەم دانیشتنەدا رۆمێل دەلّێ، لەم شەڕانەدا سەرئەنجام ئێمە ئالّمانیەکان بە سەر ئێوەئینگلیزیەکانداسەر دەکەوین. مۆنتگۆمری بۆی دەسەلمێنێ و دەلّێ وایە. شتی وا چۆن دەبێ کە مۆنتگۆمری واسادەوهاسان شکستی هێزی خۆی بۆ رۆمێل بسەلمێنێ !دەزانن بۆچ سەلماندوویەتی؟

ـ نەخێر! نازانین، پێمان بلّێ، باپیرە کوتی.

ـ با، ژنەڕاڵ مۆنتگۆمری بە رومێڵی کوتوە." ئەروین" جارێ تۆ لێی حاڵی نەبووی کێشەکە چۆنە، بەڵان پاش تەواو بوونی شەڕەکە، ئینگلیز مەجبوور دەکرێ بچێتە ناو " ئی تی سێ" واتە بازاڕی هاوبەشی ئوروپاوە، ئەمە خۆی بۆ ئینگلیز بەمانای شکانە و شەرەکە دۆڕاوە...

ـ ئاوها، ئەمانە بە یەکەوە دانیشتوون و ئەم چەشنە قسانەیان کردون، باپیرە ویشک و برینگ کوتی.

ـ تۆ وێرنێری! رێگام بدە ماوەیەکی کورت بازۆم و خۆم ئەزمون کەمەوە، داوید کوتی. زۆرم ئیشتا لێیە... هەرماوەیەکی کەم، چاویشم ئەوەندە خراپ نین کە نەبینم و رێگام بۆ لێک نەکرێتەوە، چاوەکانم جارێ هەردەبینن.

ـ ئەدی ئەگەر رووت لە جەنگەڵ کرد چی؟ کێ پارەی عەدمکردنی سەیارەیدەدات؟ داوید پێداگربووو خێراخێرائەم داواکاریەی خۆی دووپاتدەکردەوە تاسەرئەنجام باپیرەرازی بوو.

ئێوارەیەک وەدەرکەوتین و رووومان کردە جادەیەکی کەم دارو درەخت سەراست ویەکلایەنەکە لەتەنیشت ریزەخانووبەریەکی قەدیمیی و رەنگاوڕەنگەوەتێدەپەڕی لەوێ پاپیرە سەیارەی راگرت وپشت فەرمان درابەداویدتا، تاسوخی لەمێژینە بشکێنێ.

باپیرە خەریک بوو داویدبە ئامرازی ماشێنەکە ئاشنا بکات. مۆتۆر کاری دەکرد، گیربۆکس چوو دەگیرەوە و داوید کە نائارام لە پشت فەرمانی ماشێن دانیشتبوو هێندەی سەبر نەکردکە لەئامۆژگاریەکان بەتەواوی حاڵی بێ کە پای بە پێداڵی گازەوەنا وماوشێن بەپڕتاو پەڕیەسەررێگا. من سەرم وەمیچی سەیارەکەوت و باپیرەش لەسەر

کورسیە کەی خۆی سوورێکی بەرەو دەرگا خوارد. ماشێن بە هەڵبەزهەڵبەز کەوتە رێ. داوید لە خۆشیان دەست و پێی خۆی نە دەناسیەوە. باپیرە ویستی فەرمانەکەی لە دەست بستێنێ، بەڵان داوید باوەشی تێوەرهێنا و نەیدەدایە. مۆتۆڕکە لە گێڕی دوهەم دا بوو دەگەڵ کەوتنە سەررێ نەڕڕەی دەچۆ ئاسمان. ئێمە لە ترسان رووحمان هاتبووە سەر لێواری کەپۆ. پاش چەند کیلۆمێترێک باپیرە وەهۆش خۆی هاتەوە و مۆتۆڕەکەی کوژاندەوە، سویچی سەیارەی هێنادەر و لە شووشەی دەرکەوە فڕێیدا دەرەوە. ماشێن راوەستا، من نەفەسێکی بەڕاحەتم کێشا، ئارەق لە نێوچاوانم دەتکاوە، داوید خۆی وەک هیچ نەقەومابێ گوتی هێندێکی دیکەشم لێگەڕین.

ـ پیری خەرفاو، باپیرە پیی کوت، ئیدی برۆ لە پشتەوە دانیشە. داوید چۆدەرەوە ولە هەوای ئێوارە تاریکدا هێندێک لە کلیلەکان گەڕابەڵان بێفایدەبوو نەیدیتنەوە.

لە ناو سەیارە دا چرای دەستی نەبوو دەنکە شەمچەش لەبەر با نەدایسا، دەستە کلیلێکی دیکەی زیادیش کە هەردەگەڵ سەیارەکەبوو لەمیوانخانە بەجێمابوو. بێ کلیل لەوێ داماو، پەکمان کەوت.

من وەبیرم هاتەوە کە لە زەمانی چوونە مەکتەبی منالیمدا، منداڵی قۆشمە هەبوون کە بۆ دزینی سەیارە سیم و وایەری جێ سویچی ماشێنیان دەردەکێشادەر، بەدەست لێکیان گرێدەدانەوە و لەم رێیەوە ماشێنیان هەڵدەکرد.

وەک من کوتم

باپیرە وای کرد، دەستی برد بۆ پاڵ جێ سیم و وایەری جێ سویچەوە و بە هەر ئاوایەک بوو لێکی گرێدان و بەم شێوەیە سەیارەکەمان

لەسەررِا هەڵکردەوە. باپیرە هەوڵیدا فەرمانی سەیارە بۆ راستوچەپ بادا بەڵان نەکراوبای نەخوارد.

ـ لەعنەتی! فەرمانەکەشی قفڵ کردووە! ئێمە هەر دەتوانین راستەو راست برۆین! مۆتۆرەکە کاری دەکرد بەڵان نەدە ئاژۆا چونکە لەوکاتە دا کە باپیرە سویچەکەی لێراکێشابوەدەرەوە فەرمانی سەیارەتووشی کێشە هاتبوو، نەدەسوورِا.

من چوومە دەرەوە، لە باخچەی کۆنەماڵان لکە دارێکی گەورەم هێنا، هاوکات داوید گاشە بەردێکی تلاوتل هێنا، جاکە باپیرەدەیئاژووت وهەرکە گەیشتباچواررِێیانێک یان شوێنێکی جیاواز، دەیگەیشتینە سەرو بە داروبەردگۆرین، رووی سەیارەمان بەرەوشوێنی مەبە ست وەردەگێرا.

ئێمە بەم شێوەیە ماوەیەکی دووورودرێژو تەواو شەکەت، کارمان ئەمەبوو کە باپیرە بە سەیارەوە گەیشتبا هەر پێچەرێیەک، من و داوید لە رێگای بەرد و دارەوە کە دەمانخستە مابەینی گیربۆکس و تایەی پێشەوەی سەیارەوە ولمبۆزی سەیارمان بەرەوخەتی راستەو راستی خۆی دەگۆرِی و بە بەرردو داریشەوە، خۆمان داویشتەوەناو سەیارەوە.

سەر لەبەیانی کە خەریک بووی بەم شێوازە، دەگەیشتینەوە بەر میوانخانەکەمان، ببووین بە هۆی سەرسورِمان وسرنجی ئەم خەڵکانە کە بەدوای کاری رۆژانەی خۆیانەوە لەهاتوچۆدابوون. لەسەرمێزی نانوچای بەیانی باپیرم کوتی:

ـ دارو بەردی نێو سەیارەکە فرێدەن، چی دیکە پێویستمان پێیان نیە.

که دەچووینە ژوورەوە داوید جارێکی دیکە داوکاریی خۆی بۆ ئاژوتنێکی دیکەی سەیارە، دووپاتە کردەوەکە باپیرەهەرلەجێوە وڵامی نای پێداوەو گوتی:

ـ بە هیوای هیچ مەبە پیرە مێرد... پێویست ناکا جارێکی دیکە تووشی داروبەردمان بکەیەوە.

# 33

کاروباری مامەڵەی باپیرە لەوێ لە تەواوبووندابوو، کریاری چەرم و پێست هەرچی هەبوو، حەواڵەی فینلاندکرابوونەوە بۆکارگەی باپیرەلەوێ. ئیدی کارمان لەوێ لەتەواوبووندابوو، بۆیە بڕیارماندا پشوودانێکی چەند رۆژە وەربگرین. بۆ ئەم مەبەستە لە میوانخانەیەکی زۆر خۆش بە نێوی "سکوناروتۆپن" جێمانگرت.
لەوێ، رۆژانە،لای پاشنیوەڕۆیان لە میوانخانە دەردەچووین، رووسمان دەکردە سروشتەوە و دەچووینە هەرێمێک کە لەوێ کاناڵێکی بارکێشی، لەنگەرگە وپردێکی لەسەر سازکرابوو لەم بەری ئاویشەوە خانۆچکەیەک لەخشتی سوور کە بە مەبەستی پارێزگاری لە لەنگەر گە بینا کرابوو وەبەرچاو دەهات. زۆرجاران واهەڵدەکەوت کەئیمە دە گەیشتینە سەر لەنگەرگەکە، پردەکە بەرەو هەوا بەرزکراوەدەبوو تاگەمییێکی بارکێشی بەردە قسڵ، بتوانێ لەوێوە تێپەڕبێ. ئەم کورتە ماوەیە ئێمە دەبوو چاوەڕوان بین تاپردەکە دادەدراوە. پردی سەر کاناڵ و لەنگەرگەکە، سرنجی باپیرەی بەخۆیەوە مەشغول کرد بوو، زیاتریش رەنگە هەر لەلە بەرئەمە، کە ژنەجوانکیلەیەک کاری سەر پەرستی کاناڵەکەی بە ئەستۆەبوو، ژنێک لە تەمەنێکی ٣٠ ساڵیدا. باپیرە پێیخۆشبوو بیدوێنێ بۆیە بەچاوو بە بەزمان چەند وشە و رستەیەکی دەگەڵ دەست پێدەکرد. ژنە دەیکوت:
_ هێندێک جار زۆر وەڕەز دەبم. بەتەنێ دەگەڵ سەگێکی هاودەمم و بەبێ تەلەیفوونیش لەم خانۆچکەیەدام. دەگەڵ ئەمەش ئامادە نیم

دەگەڵ ژیانی هیچ کەسێک تەنانەت دەگەڵ ژیانی مەلەکەش بیگۆڕمەوە.
رۆژێکیان، کە لەم دەوروبەران تێدەپەرین دیتمان کە پردەکە دادراوە تەوەوقفلێس نەکراوە کەچی لەنگەرگەکە داخراوە.
ئەمە چیە کوتمان و چۆن وا دەبێ؟
نە ژنەی پردەوان دیاربوو و نەهیچ گەمیەکیش وەبەرچاو دەهات.
بۆچی دەبێ واچۆلوهۆلبێ ؟
خۆمان تێوە گلاند، ویستمان سەر لەم مەتەڵە دەرکەین. هەرچی بانگی ژنەمان دەکرد، جواب نەدهاتەوە. دوورتر لە خوار پردەوە کابرایەک بە پانتۆڵێکی کورتی تا ئەژنۆوە، راوەستا بوو و خەریکی ماسی گرتن بوو. کابرا بانگەبانگی ئێمەی بە هێند نەگرتبوو و هەروا خەریکی راوەماسی خۆی بوو.
ژنە لە خانوچکەکەش دانەبوو چونکە دەرگا کلیل نەدرابوو و کاتی ئێمە دەرکەمان کردەوە سەگەکەی نووزەیەکی لێهات و دەرپەریە دەرێ و بەرەو بارگەکە رایکرد. لەوێ دەستی کرد بەقروچکەقروچک. ئێمە بەپەلە بەرەو ئەوێ رۆیشتین کە گەیشتینێ چاومان بە بەسەرهاتێکی ناخۆش کەوت، ژنە لەبەینی پرد و بەندەرگەدا گیری کردبوو. گوشاری ئاوی کەنداوپرد، ژنەی وەها بەدیواری کەنداوەوە گوشیبوو و سڕی کرد بوو نووزەی لێبڕابوو. سەگە دموچاوی ژنەی دەلستەوە. باپیرە دەستێکی بردە سەر دڵی و گوتی ماوە نەمردووە. ئێمە دەستمان کرد بە رزگار کردنی. من هاوارم کردە کابرای ماسیگر بۆ وەی بێ و یاریدەمان بدا، بەڵان گوێی پێ نەداین و لەسەرڕاوە ماسیی خۆی بەردەوام بوو.

باپیره لە بن لێوەوە جنێوێکی حەواڵەی ئینگلیزییەکان کرد و گوتی، ماسییان پێ لە مرۆ گرینگترە. من پارچە ئاسنێکی درێژم لە پشت کۆخە ماڵەکە دەستدایە و هێنام، نووکی ئاسنەکەم لە چەرخی پردێ جێگیر کرد و بە هێزی خۆم توانیم رووی پردی وەها بگۆڕم کە باپیرە بۆی کراژنە لە گیرگە، راکێشێتەدەرەوە. ژنەمان لەسەر چەو و خیزی قەراغ ئاوەکە درێژ کرد. باپیرە بە چەقوەکەی خۆی جلکەتەڕەکانی بڕی کە بەلەشی ژنەوە نووسا بوون. دیار بوو ژنە چەند پەراسوویەکی شکابوون، ئیسکە پەراسوو لە بن پێستەوە سەریان هەڵدا بوو.

ژنە، بۆ ماوەیەکی کورت وەهۆش خۆی هاتەوە و کوتی هەڵخلیسکاوەو کەوتۆتە مابەین پرد و بەندەرگەکەوە. ژنە ئەزیەتی زۆر پێگەیشتبوو، هەر هاواری ژانی سینگی بوو. داوای ئاوی کرد کەچی بۆجارێکی دیکەش لەسەرخۆ چۆوە.

باپیرە دەستێکی بە ناوچاوانی ژنە داهێنا، هەستایەسەرپێیان، بوێرانەدەست بەکاربوو وگوتی:

ـ ئاگۆستی، بڕۆسەرپردێ، بەیارمەتی ئەم پارچە ئاسن و بیورێک بەڵکە بکرێ سەیارەکە بگەیەنینە ئەم بەرەوە. داوید تۆش هەڵێ بۆلای کۆخەماڵ، گازۆلگازی متەبەقەێ هەڵکە وابێ کە ئاگرێکی بەگڕوبەهێزی لێهەڵکەوێ. قابڵەمەیەکی خاوێن پڕکە لە ئاوو داینێ سەر ئاگری گازەکە، بەڵان قابڵەمەیەکی گەورە، دەبێ پەلەش بکەین!

باپیرە مجری یاریدەسەرەتاییەکانی لە سەیاری دەرکرد، دوودانە سەر دۆشەگی خاوێنی لە کۆخەماڵ راهێنا و دەستی کردبەتیژکردنی چەقۆ کەی. دمە چەقۆی وەک ئەڵماس تیژ کرد. باپیرە دمە چەقۆی

تیژکراوی لە سەرگڕی ئاگر، ڕاگرت تالە باکتری ومیکرۆب خاوێن ببێتەوەودواجار دە ستوپلی خۆی خاوێن شۆرد.

من چووم تەماشایەکی پردەکەم کردو تێگەیشتم کەدەبێ سێ تەنە داری ئەستوور ببڕمەوە تا بتوانم رووی وەرگەڕاوی پردەکە بێنمەوە جێی خۆی وسووڕاندنەوەشی دەبوو بەباری پێچەوانەوەدابێ. من بەپەلە چوومە خوار و لە قەراغەوە تەماشایەکی ئەندازە و شێوەی پێچکەکە یم کرد تابزانم بەرگەی مانۆڕ پێدانێکی ئەوتۆ دەگرێ یان نا.

دۆخەکە وابوو کە لە چاوە یان لە چاڵاوی ئاوەکەدا، دارهەڵووژە یەکی تارادەیەک گەورە شین ببوو کە وەک بەرهەڵستێکی بە جێگەیاندنی پرۆژەکەم دەهاتە بەرچاو بۆیە دەبوو لە پێشدا تەکلیفی دارهەڵووژە روون بکەمەوە.

لە قەراغ پردێ، عارەبەیەکی قورسی لە ئاسنی لێڕاگیرا بوو کە رامکێشا ناو چۆمەکەوە تاپێشی ئاوەکە بگرێ و کاناڵەکە پڕکا کاتەوەلە ئاو.

کابرای ماسیگر کە هەروا سەرگەرمی راوە قولابی خۆی بوو، لێێ دیاربووکەبە شڵپوهۆ ڕی دارو ئاوی منەوە ئیمانی پێنەما بوو، لەمە توورە بوو کە من ماسیم لێڕەواندۆتەوە.

باپیرە و داوید لە ژووری کۆخەماڵ دا بوون. داوید لە مەنجەڵێکی فافۆندا ئاوی تا سەر لێوی کوڵ، گەرم داهێنا. باپیرە چاوەڕوانی ئەنجامی ئەرکەکەی من بوو. وا حاڵی ببووم کە باپیر خەریکی نەشتەرگەرێکی سەر پەراسووی ژنەیەو بۆ ئەمە کە بتوانێ برینەکەی

لە پاش نەشتەرگەریە کەی بدروێتەوە، پیویستی بە دەرزی ودەزوو یەک دەبێ.

ـ ئەم دنیایە پڕە لە بێ عەدالەتی، بەدوای دەرزیەوە باپیرە بۆڵاندی، هەمووجارێ هەر خەڵکی باش تووشی نەهاتی دێن.

من بۆم هات و کوتم کابرای ماسیگر دەبی ئامرازی ئەوتۆی لەلاهەبێ کە بکرێ بۆ درونەوە بکار بێت. من و باپیرم بەپەلە بۆ لای چووین.

کابرای ماسیگر پیاوێک بوو لە ناوەوەچوو، بەسەرو سمێڵێکی بۆزەوە کە پانتۆڵی پێی تا ئەژنۆیان هەڵویزنیبوو، کەڵاوێکی لە حەسیر بەسەرەوە وماسێکی زۆریشی گرتبوون و هەمووشی هەر لە جەلە دابوون و هەڵیاوەسیبوون. وێدەچووکابراکەسێکی خانەنشین وخاوەن جێورێی کۆمەڵایەتیش بێت.

کابرا ئەوتۆ چوو بوو دەمایەی ماسیگرتنەوە کە ئاگای بە تەواوی لە ئێمە ولەبەسە هات بڕابوو. باپیرە بەپەلە هەودا قولاپی کابرای گرت لە ئاوی راکێشادەرەوەو  ئەوەندەی کە پێی پێویست بوو هەڵیبڕی و بەغار گەڕاوە بۆلای ژنە ی لە هۆش چوو.

کابرای خاوەن قولاپەماسی، بە سەیرەوە چاوی دەمن بڕیبوو. وەک بڵێی کابرا بۆی زەحمەت بووبێ باوەڕ بە ئاکارێ لەم چەشنەبکات کە باپیرەکردی. ئیدی بێدەنگ بەڵان مورچومۆن و لە ڕقان سوورهەڵگەراو تەماشای منی دەکرد. دیتم راوەستانم لەوی بێهودەیە، رقی کابرام پێ نانیشێتەوە، منیش بێدەنگ لەلای وەلاکەوتم وکابرام بەرق وبوغزی خۆیە وە لە وێ بەجێ هێشت.

کاتێ خەریکی بڕینەوەی دارهڵوژەکە بووم کابرایەکی وەیڵزی بەسەر دووچرخەیەکەوەگەیشتەسەرم. لە هەوەڵدا بەشکوگومانەوە دەیڕوانیە

من بەلاّن کەهێدی هێدی لە نەبیەت چاکی ئێمە حاڵی ببوو، هاتە یاریدەم وبەسرنجەوە دەگەڵم لە بڕینەوەی دارەکەدا، بەشداریی دەکرد. داوید هەروا خەریکی کولاّندنی ئاوو باپیرەش بە لەت لەتکردنی مەلافەیەکەوە سەرقاڵ بوو تا بیانکاتە برینپێچ.

من کابرای سەردووچەرخەم لەڕووداوی کارەساتەکە تێگەیاند، گوتم:

ـ تۆ کە دووچرخەیەکت پێیە کۆمەکمان بکە، بپەڕەوە بۆ ئەو بەری چۆمەوەوخۆبگەیەنە میوانخانەی" سکونارەنوتۆپن" پێیانبلێ بابەپە لەئامبولاّنسی فریاکەوتن بنێرنە ئێرە. لێرە ژنێک بریندارە وقەفەسە سنگی شکاوی لێدیارە.

لە هەمان چرکەدا دارهەلووژەی گۆرین، شلّپ کەوتە ناو چۆمەوە و بە ئاودا بەرەو کابرای ماسیگررێیداگرت. کابرا جارێکی دیکەش بە ئیشارە و ئیما تێی گەیاندم کە کارشکێنیی دەکەم ولە ماسی ڕەواندنەوەیم، تورەیە.

من پشتم وە شوێن دارە براوەکەوەداو لە دووچرخە سوارەکەم پرسی مەلەی دەزانێ یان نا؟ بەلێ تا رادەیەک، گوتی.

کە واتە دەست پێبکە بپەڕەوە ئەم بەرەوە و دووچرخەکەش دەگەڵ خۆت بپەڕێنەوە! ئێمە ڕێگای سەیارەمان لێبڕاوە.

کاتێک کابرا هیچ هەڕەکەتێکی جیددی نەکرد، دووچرخەکەیم هەڵگرت و بە هەرچی لە هێزم دابوو لەسەر بەندەرگەڕا بەرەو قەراغ هاویشتمە ناوچۆمەوە، ئاو دووچرخەکەی برد و کەمێک لەولاترە لە قەراغ ئاوە گیرساوە. کابرا کە ئەمەی دیت وردەوردە خەریکی خۆ رووتکردنەوە بوو. کە لێبووە پاڵێکم پێوەنا بۆ ناو ئاوی کەنداوەوە. ئەگەرچی ئاوی کەنداو ساردو بۆ مەلە نەدەبوو کابرا شلّپەشلّپ

بەمەلە پەڕیەوە و خۆی گەیاندە دووچرخەکەی و لە قوڕ و ئاوی دەرهێنا، بەم بڕە جلکە تەڕ و تلیسەوە لە تەنیشت دووچەرخەکەی راوەستا بوو، بە ئیما دەیگەیاند:

ـ چۆن دەکرێ بەم دۆخەوە بگەمە میوانخانە... و بەڵان کاتی گوێی لە فەرمان گرتەوە هەر بە شۆرتە سپییەکەیەوە سواری چەرخەکەی بۆوە و دەستی کرد بە پێ لێدان بەرەو میوانخانە و لە پشت تەپکان لەبەرچاوان ون بوو.

من چوومەوە خوار بۆ ژێر پردەکەوە تا بزانم مورەدارەکان لە چ دۆخێکدان. ئەم مورەدارانە پشتیوان بوون بۆ وەکۆبوونی ئاو لە قوڵکەی بن پردێدا و لەم رێگایەوە بزاوتن و گەڕاندنەوەی پردەی گۆرین، هاسانتر مەیسەرەبوو.

من خەریکی جێبەجێ کردنی دوو دانە لە مورەدارەکان بووم کە کابرای ماسیگر گەیشتە ئەوێ، لەلای من. کابرا بە سرنجەوە تەماشای کارکردنی منی دەکرد و لەم ناوەدا خۆراکە ماسیی کەپێیبوو، بۆدانەخۆ رەکردنیان، داویشتەناو ئاوەوە.

باپیرە بانگی منی کرد بۆلای خۆی. من دەستم لە کارەکەی خۆم هەڵگرت تا یاریدەی باپیرەم بدەم لە کاری نەشتەرگەریەکەیدا.

باپیرە لە کارەکەی خۆی تەواو ببوو، ژنە بێهۆش لە بن مەلافەدا درێژ کرابوو، لە ناوەڕاستی زگیەوە، کەلێنێکی گەورە دیاریدەداوئەندامی ناوەوەی لە بن کوتە مەلافانەوە دەبیندران. داوید یاریدەی باپیرەی دەدا و بەردەستی بوو تا چەقۆ، مقەست و یان داوە دەزووی ماسیە قو لاپی پێبگەیەنێ. باپیرەپێی گوتم تا پێیەکانی ژنە توند بگرم مەبادا

لە کاتی دورینەوەی برینەکەیدا، وەخەبەر بێ و خۆی ببزێوێ، خۆشی ئیدی سەرگەرم بوو بە دروینەوەی برینی نەشتەرگەریەکەی.
هەموو جارێ دڵم دادەچڵەکی کە دەمدیت باپیرم تەقەڵ لە چەرمی زگی ژنە دەدات. لە پێشدا گەدەی بە تەقەڵی وردورد و بەپەلە درۆوە، پاشان وەک نەشتەرگەرێکی شارەزاوبەئەزموون پەرژا سەرتەقەڵ لێدان لە چەرمی زگی ژنە ودروویەوە. من دەمزانی ئەم زانستەی باپیرە لەم بارەوە بە کاری دێنی لە بەرهەمی تەجروبەی کوشتنەوە و کەوڵ کردنی ئاژەڵدا بۆی پێکهاتووەو لەوێڕایە کە هەوڵی رزگار کردنی ژنە بێدەرەتانەی، دەست داوەتێ.
کابرای ماسیگر کەمێک دوورتر راوەستا بوو، وەک بڵێی چاوەروانی شتێک بێ.
کاتێک باپیرە لە کارەکەی خۆی بووە و خەریکی وەکۆکردنی ئامرازی نەشتەرگەریەکەی خۆی بوو وەک چەقۆ، مقەست ئاڵکۆڵ و دەرزی و دەزوو، کاکی ماسیگرهاتە بەرەو پرسی:
ـ ئێستاکە ئەگەرهیچکارێکتان بەمن نەبێ وچەقۆشتان پێویست نەبێ، من بە ئەمانەت دەیبەم و ماسییەکانی پێ خاوێن دەکەمەوە.
کابرا رووی کردە پردەکە بۆ خاوێن کردنەوەی ماسییەکانی. من هەڕامکردەوە بن پردەکە تا خەریکی کاری خۆم بم. من لەبەر خاتری نەجاتی ژنە بەتوندی کارم دەکرد،ماندووشەتڵی ئارەقە ببووم کەئاخرجار، مورەو دارم بە زەحمەتێکی زۆر جێگیر کرد، رامکردەدەرە وەبۆسەرئاو، لەچرکەی ئاخریدا پردە دەستیکردبەبزووتن وهێدی هێدی دەگەڵ برە چرکە و تەقەیەکی کەم، کەوتەسوڕان بۆسەرجێوشوێنی خۆی، ئێستا ئیدی رێگاکرایەوەوئاواڵەیە.

باپیرە و داوید ژنەیان گەیاندە ناو سەیارە. پێشەوەی سەیارەکور سیەکانی دەنوشتانەوە. یەکێک لە کورسییەکانیان بە درێژەوە خەواند. داوید لە پشتەوە دانیشت و دەستی بەسەرسەری ژنەدادێنا. باپیرە لە پشت فەرمان دانیشت و منیش لە تەنیشت ئەمەوە خۆم تێخزاند.

ئێمە بە پارێزەوە لەسەر پردەکە تێپەڕین پاشان هەرچی توندتر پێ لەسەربێنزین،خێرابەرەوخەستەخانەپێمانپێوەنا. چەند کیلۆمێترێک رێگامان بڕیبوو کە گەیشتینە کابرای سواری دووچەخە، کە هەر بە شۆرتەوە پێی لێدەدا، باپیرە لە خێرایی سەیارەی کەم کردەوە تا پێی بڵێ:

ـ کاتی دەگەیە میوانخانەی "سکونارەن و توپن" پێیان بڵێ با هەر فریای پردێ بکەون و بەندەرگەکەی پێڕابگەن. ئێمە خانمەکە دەگەیەنینە خەستەخانە!

دەستە خوێناویەکانی باپیرە فەرمانی سەیارەیان گرتبوو. خێرایی سەیارە خۆی لەسەت دەدا. لەمەش زیاتر رێی نەدەکرد کە چی لێشی رازی نەبوو، دەیکوت:

ـ ئەمە چ سەیارە قۆڕێکە، خۆ لەسەت زیاتر ناڕوا... رەنگە پێداڵ و شتی خراب بوو بێ و گاز نەخوا...

کاتێ پێم کوت حیسابی خێرایی سەیارەلێرە بەگوێرەی میلی ئینگلیز دێتە دەژمێردرێ، ئاهێکی هاتەوەبەروگوتی کە وابێ هەرئەم سەتە بەسە و لەسەری وەخت دا دەمانگەیەنێتە خەستەخانە.

# 34

ئێمە ژنەمان گەیاندە خەستەخانە، پارەی هەفتەخەرجێکیشمان پێشوەخت پێدان و ئیدی ئارام ئاراموەک دەگوترێ، سەری بارگینمان وەرگێڕا بەرەو میوانخانەی خۆمان.
ئێمە بە تەواوی ئاسوودە دڵ ببووین چونکە دوکتوری کێشک لە نەخۆشخانە پێیراگەیاندین کە باپیرە نەشتەرگەریەکەی وەستایانە بەئەنجام گەیاندوە و خانمەکە، مەترسی ژیانی لەسەرلاکەوتوە.
ئێمە لەخۆشیان لە رێگای گەڕانەوەدا بۆ میوانخانە، بەدەنگی بڵیند گۆرانیمان دەکوت هاوکات بیروڕاشمان هەر لەسەرئەمە دەخولایەوە کەئێوارەنانەکەمان ببینەکام شوێنوجێگای لەبەردڵان کەچی لە رێگە داپۆلیسی رێوبان پێشیان پێگرتین، ئیجازەنامەی ئاژوتنیان لە باپیرە دەویست، پاپیری فەقیر رەنگی بە دموچاوەوە نەماوهەروا دەستی لە گیرفانەکانی وەردەدا. من پاسە نیزامیەکەی خۆم دەرهێنا، بەڵان کەڵکی نەدا چونکە تەنیا هەر بەڵگە نامەیەکی نیزامی وڵاتی فینلاند بوو،هیچی زیاترنا.
ـ تازە ئیدی تەواو! لەبن لێوەوە باپیرە کوتی. پۆلیس پێیان کوتین کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بە خێرایی سەت میلی ئینگلیزی، لە ناو شاردا رۆیشتون. دەیانویست هۆی ئەم قانوونشکێنیەی ئێمە بزانن. لە جوابداباپیرە کوتی:

ـ ئەمە کێشە گەیاندنی ژنە نەخۆشێک بوو بۆ خەستەخانە. ئێمە مەجبور بووین، ئەوەندەی ئەم سەیارە دەتوانێ بڕوا، بڕۆین. ئێمە ژنە نەخۆشێکمان پێبوو کەمن خۆم نەشتەرگەری بووم وانەبا ژنە دەمرد.
پۆلیس داوای ناوی ژنە نەخۆشەی کرد کە دوکتور نەشتەرگەری بوە.
من دوکتور نیم... من هەر نەشتەرگەریەکەیم کردووە، چونکە هیچ دوکتورێکی لێنەبوو و ناشزانم ناوی ژنە چ بوو، ئەمەم هەرگیز لێ نەپرسیوە.
پۆلیس رێزیکی تایبەتیان بۆ نەنواند، ئەمریان پێکرد لە ماشێن بێتە دەر. باپیر تووڕە ببوو مستی قوچاند بوو و لەبن لێوەوە کفری دەکردن و جنێوی دەدان. باپیرە هەڕەشەی دەکرد کە شکایەتیان لێدەکا کە پیاوێکی وەک ئەم کە خەڵکی بۆ لە مردن رزگار کردون، گەروکێشەی بۆدەنێنەوە.
پۆلیسگەل لە کوورەی دەرچوون، ئێمەیان وەپێش خۆدا بۆ پۆلیسخانەی خۆیان ولە وێ لە ژوورێکی ناخۆشیان کردین کە سێ کەتە شەوی رەبەق دەوێدامایینەوە.
باپیرە هەمووی شەوەکە دەیمشاند و جنێوی دەدا بە کەسایەتیە دەسەڵاتدارەکانیان، لەسەرڕاتاخۆاروگازەندەی دەکردلەبێعەداڵەتییان بەتایبەتی ئەم پۆلیسانەی کە جارجار بۆ سەرکێشی لەلای ئێمە تێدەپەرین و لە دەلاقەی دەرکەوە تەماشای ئێمەشیان دەکرد، زیاتر تورەی دەکرد و هەڕەشەی لێدەکردن کە بە زیندوویی کەوڵیان دەکا، ئاخ ئەگەر وەبەر چنگمدە کەون! دەیگوت.
دەزگای دادوەری وڵاتی وەیلز سەرگەرمی بەجێ گەیاندنی یاساکانی خۆیان، دواتر ئێمەیان کێشا مەحکەمەوە و سەزامان بۆ دیاری کرا. من

وباپیره بە تاوانی بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ساختە وهەروەهازیادە ڕۆیی لە ئاژوتندا، هەریەکەو مانگە حەپسێکمان پێ بڕا. دەرجەدار داویدچونکە لە ژێرچاوەدێریی سەرپەرستدا بوو، حوکم درابەگێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی. ئێمە ئەوانی دیکە دەبوو ببرێین بۆ نیوپۆرت، تا لەوێ ماوەی زیندانیەکەی خۆمان تێپەڕدەکەین. کاتی لێک جیابوونەوە، کە دە براین بۆ حەپسخانە نیوپۆرت، داوید بەدەنگێکی ئارام کوتی:

ـ زۆر سپاست دەکەم وێرنێری خۆشەویست... ئەم چەند ڕۆژ پشوودانە لە راستیدا بۆ سەربازێکی پیری قەدیمی کەیفونەهەبگ بوو،،، وەرەنەوە سەرم بدەن پاش دەرچوونتان لە حەپسخانە.

لە زیندانی نیوپۆرت لە ژووری جیاوازدا بووین. چونکە خەتاکەمان قورس نەبوو. لەبەر ئەوە ئێمە جلکی تایبەتی ژیندانمان دەبەردا نەبوو هیچ، ڕۆژانەش دەرگای ژوورمان ئاواڵە بوو. ئێمە لە جلشۆرخانە، کارمان دەکرد.

ئێمە هەلی ئەوەمان هەبوو کە لە حوکمی دادگا داوای پێداچوونەوە بکەین، بەڵان باپیرە کوتی، داواکاری پێداچوونەوە نین، ئەوندەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پیی دادوەری ئەم حوکمە بکەوێتە فینلاندەوە خاترجەم بزانێ بە زیندوویی کەوڵی دەکەم و هەموو چەرمی لەشی زویڵ زویڵ و ئویتوێ لەسەریەکدادەنێم.

زیندانەکەمان تارادەیەک چووک بوو و زیاتریش هەر ئەوکەسانەی لێبوو کە لەبەر تاوانی سووک سووک لە چەشنی قەرزداری کەوتبوونە وێوە. لە جلشۆرخانەدا دەگەڵ چەند کەسێک ببووینە شوناس کە هەموو هەر تاوانیان سووک بوو و کەسانێک نەبوون سرنج راکێش بن.

ناخۆشمان لێ رادەبرا بەتایبەتی لە باپیری خۆشەویستی من کە زۆر بە زەحمەت دادەنیشت هەر دەهاتودەچوو.

بڕیا ئەوە بوو کە ئێمە سی رۆژی رەبەق لەم شوێنە شێدارەدا ببینەسەر، کەچی جارێ هەر سێ رۆژ بوو لەوێ بووین کە باپیرە وەڕەز و لە بیری هەلاتندا بوو. من هەولم دەدا ئارامی بکەمەوە و دەمکوت بێگومان خۆیان بە حوکمەکەی خۆیاندا دادەچنەوەئەگەر لەهەلومەرجی رووداوەکە ئاگادار ببنەوە. نابێ وابکەین کە کێشەکە بەخراتر بشکێتەوە. بەلان باپیرە گوێی نەدەدایە و دەیکوت ئەوە زیاتر وە نمایشی سیرک دەچێ کە لەبەرخاتری ئیجازەنامەیەکی بێ قیمەت، پێش لە ئازادی خەلک بگرن و لێرەی پەستێون. خۆ ئێمە پاسنامەی نیزامیشمان پێبوو و نیشانیشمان دان، ئەمە دەبوو ئەم پۆلیسە بێ ئەقلانە رازی بکات کە سەوادی خوێندنەوە و نووسینی دوو دێڕ نووسراویشیان نیە، لەبن لێوەوە دەیدرکاند:

ـ کەسێکی خەلکی دەریای قوتبی باکووربێ، بۆی نیە لێرەدا لەلای ئەو ئینسانە بێجێوڕییانەداگۆشتی برژێ...

هەر ئەو رۆژە وا هاتە پێش کە سابوونی جلشۆری تەواوببێ. بەرپرسی جلشۆرخانە تێ نەدەگەیشت بۆچی ئەو سابوون وازووتەواوبۆ، خۆدەبوو بەشی یەکمانگی تەواو بکات، ئەدی کێ بچێ سابوونی زیاتر بێنێ و کێ ئاگاداری زیندانیەکان بێ؟

ـ تۆ هێدی بچوو سابونی خۆت بێنە " توممی" من لەمماوەیەداکەتۆ لێرە نابی ئاگام لە دەوروبەر دەبێ، باپیرە بە کابرای بەرپرسی گوت. کابرا تەماشایەکی باپیرەی کرد، لە تەمەنی رادیت کە باوەڕ بەم

پیرە پیاوە بکا، بۆیەملیداوگوتی دەچم و دێمەوە کە ڕەنگە زیاتر لەدەدەقیەشم پێناجێ.

هەرکە سەرپەرست لەبەرچاوان ون بوو باپیرە رۆبووە دەستی من و بە نێو رێرەودا راکێشی کردم. زیندانیەکانی دیکە سەرسام تەماشایان دەکردین، نەیاندەوێرا وەک ئێمە بکەن یان بەڵکە هەر نەیاندەویست وا بکەن.

لە رێڕەوەدا، لە قوژبنێک واگۆنێکی لێ ڕاگیرابوو کە مالاومال جلکی شۆردراوی لێ بار کرا بوو. باپیرە پێدا هەڵچووە سەری و ئەمری بە من کرد کە واگۆن بەرەودەرکی دەرەوەپاڵدەم. کاتێ پێمگوت ورەخوار دەناباری واگۆنەکە قورستر دەبێ، جوابی داوە ئا وا کەمتر سرنج راکێش دەبێ.

من بە هەموو هێزی خۆمەوە، پاڵم بە واگۆنەوە نا و ورد وردە بزووت و دەستی بەخزین کرد. من بەرەو حەوشە و لەوێڕا بەرەو دەروازتلم پێدا. باپیرە لەسەر بارەوە هاواری دەرکەوانی کرد:

ـ هۆ کابرا، دەرگای گەورە بکەوە، ئاوا هاسانتر بارەکەمان بۆ دەردەچێ!

دەروازە کراوە، دەروازەوان یاریدەی منی دا و دەگەڵ من تا لە حەوشەی دەرکەوتینەدەر پاڵی بەواگۆنەوە نا. من هەم لەبەر ماندوویی و هەمیش لەترسان ئارەقەم رێنیشتبوو. باپیرە لەسەر گۆنیە بارێکەوە بانگی کرد:

ـ کەمێک تینبدەنێ ،وەدرەنگی کەوتووین.

کە لەدەروازەی دەرەوە دەرچووین، باپیرە سەبرێک لە واگۆن هاتە خوار بۆ یاریدەی من. بەغار واگۆنمان بەشەقامدا رفاند لە زیندامان

دوور کردەوە و سەراوژێر واگۆن باڵی گرت، بە چەشنێک کە بەزەحمات بۆمان راگیر دەکرا. بە زۆری تووشێ ماشێنان دە هاتین، خەڵکەکە لە ترسان خۆیان لە واگۆنە لادەدا کەبەتوندی جادەدا دەهاتە خوار.

لە قوژبنێ شەقمێک، دە ستمان لەواگۆنە جلکان بەردا تاواگۆن، خۆی بڕیاری خۆی بدا. خۆمان جادەیەکی دیکەمان گرتەبەر، دڵەڕاوکەمان لەوە بوو خۆ بە ماشێنان دابداچونکە دەمانديت هەم ماشین وهەمیش پیادەخۆیان لەبەری لادەدا. سەرئەنجام واگۆن کە چوار رێیانێکدا دەگەڵ ئوتوبوسێک تیکدئاڵقان و گۆنیە چڵک بەمەلافە  و شڕوشاڵاتی دیکەوە بەوڵات وەربوون. ئێمە ئیدی رانەوەستاین تا ئاخری چیرۆک و بەسەرهات ببینین ئەمەندە بوو دیتمان کە چەند کەسێکی زیندان وان بەرەو شوێنی واگۆن، بە شەقامدا بە هەڵاتن بەڕێوە بوون.

ـ هەڵێن بە دوای واگۆنی خۆتاندا ئێوەی پێ پان، لەبن لێوەوە باپیرە دەیبۆڵاند.

# 35

پێچەوانەی خەڵکی دیکە کە لە حەپسێ رادەکەن خۆدەدزنەوە، ئێمە یەکراست ڕوومان کردە بانکێک، جا چونکە باپیرە هیچ وەرقەو دەفتەرێکی بانکیشی هەر پێ نەبوو ناچار لە کارگێڕانی بانکمان داوا کرد کە تەلەیفوون بۆ بانکی باپیرە بکەن لە هێلسینکی تا بزانن ئەم کۆدە تایبەتیەی باپیرە پێیان دەدا بە ناوی وێرنێری وێئەیسنین خاوەن کارگای پێست، راستە یان نا.

ئێمە چاوەروانی وڵام لە ساڵۆنی بانک دانیشتبووین و دەماندیت کە چۆن سەیارەی پۆلیس بە سووت و ئاژێرلێدانەوە لە شەقامدا دەهاتن و دەچوون. باپیرە بە فینلاندی بە منی گوت:

ـ ئێمە لێرە لە ئەمنیەت داین. و کاتی پارەشمان وەرگرت سلامەتیمان دەکەوێتە دەست پارەکانەوە.

لە " هاندلس بانک" ی فینلاندەوە جواب هاتەوە کە باپیرم پارەی زۆری لەسەر حیسابی خۆی هەیە. پارە پێدانی کێشەی نابێ. باپیرە سێ هەزار پۆندی وەرگرت. کارگێڕانی سەر کیسە چاو بە مۆڵەق و سەرسام خەریکی بژاردنی پارەکە بوون. منیش هەر سەرم سووڕمابوو کە باپیرم ئەم هەموو دراوەی بۆ چیە.

ـ ئەو کەسەی لە زیندان رای کردووە نابێ فەقیر بێ، پێی کوتم.

باپیرە داوای تاکسی کرد، تاکسی گەیشتێ و لەبەر دەرگای بانککە راوەستا و سوار بووین. جلکەکانی دەبەر من، زۆر نوێ و خاوێن نەبوون، باپیرە داوای لە شۆفیر کرد بمانباتە دوکانێکی جلکان.

لەوێ من جلکی جوان و بە کەیفی خۆم کڕی. باپیرە تەنیاهەر پانتۆڵێکی دەلینگ کورتی هەڵگرت. وەک خەڵکێکی نوێ گەڕاینەوە نێو تاکسی چاوەروان. باپیرە بە شۆفیری گوت:
ـ کاکی برا، بێ زەحمەت بمانگەیەنە ئوکسفۆرد بەڵان دەبێ لە پێشدا کارتێک بۆ لێتیتیا بنێرم.
کابرای شۆفیر بۆ سەفەرێکی ئەوتۆ دوورودرێژ دوو دڵ بوو، بەڵان پەنجا پۆندی کە باپیرە نایەدەستیەوە کاری خۆی کرد، شۆفێر تاکسی وەزەوقهێنا، چوو کارتێکی کڕی و هێنای و باپیرە دەستی بە نووسین کرد بۆلێتیتیای هاوسەری:
دیسان سڵاو لێتیتیای خۆشەویست. خاکی ئینگلیز لەبەر پێماندا بۆتە ئاگر. پرۆژەی گەڕانەوەی ماڵمان هەیە. مامەڵەکانمان باش چوونە پێش. بە سڵاوی دووبارەوە، وێرنێری و ئاگۆستی. کارتەکەی دا بە منیش خوێندمەوە، لام وابوو زۆر جوانی نووسیبوە، هێلسێنکی دوورە دەست لەملاوە خەریک بوو لێماندەبوو بە باشترین شوێن لەم جیهانەدا. ئێمە پێک گەیشتین کە لە گەیشتینەوەدا پشتیوانی یەکتر بین لە بەرامبەر لێتیتیادا.
تاکسی ئێمەی گەیاندە ئوکسفۆرد. لەوێ شۆفیری تاکسییەکەمان تاکسێکی دیکەی بۆ پەیدا کردین تابمانباتە "ساوت هامپتۆن" شۆفیری تاکسی کەمێک بەشەرمەوە "نۆتای" حیسابەکەی داینێ، پێیوابو زۆری تێچووە. بەلان باپیرە بەستە دراوێکی ئەستووری پۆندی دەرهێناو دڵفرەوان بە زیادەوە پارەی شۆفیرەیدا و سپاسی لێکرد بۆ گەیاندنمان و ئیدی چووین دەتاکسییەکی دیکەوە کەلەوی لەسەرمان مەحتەل بوو.

ئێمە تەواوی شەوهاتین و سەرلەبەیانی رۆژێ، گەیشتینە ساوت هامپتۆن. شۆفیر هەقی خۆی وەرگرت و لە رۆیشتندا کوتی:
ـ قەت ئاژوتنی ئاوا دوورودرێژم دەست نەکەوتووە. نە لە داخڵ و نە لەدەرەوەشدا.
هەوا رووناک ببوو کە گەیشتنە ساوت هامپتۆن. لێرە ئیدی ئازاد بووین بۆ هاتووچۆ. کەس لە پای سەرمانەوە نەبوو تا لێی بترسێن. ئێمە خۆمان گەیاندە بەندەرگەی پاپۆڕان لەسەرکانالّی ئاو، چونکە باپیرە بەرنامەی وابوو کە سووکە گەمیەک بەکرێ بگری تا پێی لە کانالّەکە بپەڕینەوەئەوبەری ئاو، ئەمە خۆی، بەرنامەیەکی حیساب کراوبوو لە باپیرەڕا، دەنا ئێمە بەبێ پاسپۆرت هەرگیز بۆمان نەدەکرا ولّاتی ئینگلیز بەجێ بێلّێن.
تا ئێرە تەواو، ئەدی لە ولّاتی فەڕانسەڕا ئەگەر گەیشتباینێ، بەبێ پاسپۆرت، چۆن لەوێوە دەرباز دەبووین؟
ـ بەلّێ، بەلّان لە پاریس پاسپۆرتی ساختە دەست دەکەوێ، زۆریش گران تەواو نابێ، باپیرە گوتی.
لە یەکێک لە دەروازەکان تووشی کابرایەکی رێنوێن هاتین کە زۆر زیرەک و وشیار بوو. لە نێو گەمیەکی بە ئیجارەدا جێی بۆ گرتین. بەندەرگە، شوێنێکی بە چڕە دووکەڵ و بەهەراو هوریا بوو، رێنوێن ئێوارەکات بە درەنگەوە تەسلیم بە گەمیەوانی کردین، کابرایەکی بەخۆوە و بە قەلّافەت کە لامپە کارەبایەکی کەم نووری لە تەنیشت دایسا. گەمی خۆی گەمیەکی ساکار و تا رادەیەک چووک، کە چل پەنجا کەسێکی پەنابەری هیندی لە خۆدا جێ کردبۆوە کە دەبوو لە چەند دووڕگەیەکی ئینگلیزدا دایانبەزێنێ. خاوەن گەمی دەگەڵ

بژاردنی پارە " دراکما" ی سەرنشینان وەرێکەوت. دراوی وەرگیڕاوی خستە ناو قوتویەکەوە کە هاوکات دەمانچەیەکیشی هەر تێدا بوو. دیار بوو کێشەی کەم و زۆری پارەی وەرگیراو نەدەبڕاوە بۆیە باپیرە چوو دەنێوانەوە تا بەشێوەیەک بیبڕێتەوە. باپیرە سەت پۆندی دا بە پەنابەرەکان و ئیدی لەو بارەوە کێشە برایەوە. هێندیەکان یەک لە دوای یەک لە دوورگەکانی ئینگلیزدا پیادە بوون.

ـ ئێستا تۆ پیرە پیاو، باپیرە کوتی دەتوانی ئێمە بگەیەنیە فەڕانسە؟

کابرای گەمیەوان کە لە پاش دابەزینی هیندیەکان خەریک بوو دەمانچەکەی دەبەرگەکەی داویشتەوە، سەرێکی بۆ لەقاند.

ئێمە لەسەر دراو پێک گەیشتین. من و باپیرە لە گەمیدا ماینەوە، کابرای گەمیەوان چو دوای سوتەمەنی زیاتر کەوت تا بەشی سەفەرمان بکات.

یەک دوو سەعات دواتر کابرا گەڕاوە. ئیمەی دەگەڵ خۆی برد بۆ ناو گەمیەکی دیکەکە لەوێ لەنگەریگرتبوو، گەمێکی گەورەتر و ساغ و سلامەت و تارادەیەک مۆدێڕن و زۆریش پاک و خاوێن و جێدار بوو. گەمیەوان ئێمەی بەدەورو بەردا گێڕا و گەمیەکەی بە تەواوی نیشانداین وگوتی:

ـ پاش دابەزینی ئەو هیندیانە شوێنەکانیانم هەموو خاوێن کردوونەو رەنگەئێوەش دەگەڵ من بن ودەزانن کە ئەم جوورە بەشەرانە چەند پیسکێرن. من هەرگیز رازی نەدەبووم ئەو نەفەرانە بێنم و ببەم، بەلان بازارکەسادیە و لەوەتا پۆند نرخی چۆتە خوار، کاریش قازانجی تێدانەماوە. بەلان کەدەیدیت ئێستا ئیدی کە باپیرە ئاوا دەستی بە ماڵی خۆیەوە ناوە، تەنانەت ئاشپەزێکی تایبەتی

هەربۆخۆمانی بۆدیاری کردین کە کابرا یەکی باریکەڵەی هیندی بوو، کابرا، رەنگە لەوانە بوو بێ کە وەختێک لە وەختان لە بیری پەنابەریدا بوو بێ و وا لە ناو ئەم گەمیە داگیرساوەتەوە و لە ساوت هامپسۆن ماوەتەوە. کابرایەکی بە ئەدەب و بەخزمەت بوو.

کاپیتانی گەمی پێیڕاگەیاندین کە ئێمە شەوێ سەفەری خۆمان دەست پیدەکەین. سەفەر بە گەمی بەشەو سلامەتترە. تەواوی رۆژ بێکار لە گەمیدا بردمانە سەرو هەر بیرمان لەوە دەکردەوە بڵێی لێتیتیا بڵێ چی کاتێ کارتی ئێمەی پێدەگا کە لە نیوپۆرت را بۆمان نارد بوو. پێشتربۆمان نوسیبو کە لە پایزدا دەگەڕێنەوە ماڵ کەچی ئێستا ئەوە دەکەوێتە بەهارەوە!

باپیرە پێدەکەنی، بەلان کاتێ من قسەم هاویشتەناوەوەوگوتم دەگەڵ پیرێژن هەر وا هاسان و بێ مەترسی بۆمان ناچێتەسەر باپیرەدۆخە کەی گۆڕاوگوتی:

ـ بەڵێ مسۆگەر وایە. لێتیتیا هیچکات پێشوازێکی مولایمی دەگەڵ من نەکردووە. ئەمجارەش هەروادەبێ وبێ گومان و گیروگرفتیکمان دێتە رێ.

ئێوارە شەو کاپیتان مۆتۆڕی دیزێلی گەمیەی وەکارخست، کابرای ئاشپەزیش لەنگەری گەمی کردەوە و بە ئاوی دادا، ئیدی بەرەو دەریا هێدی هێدی وەرێیەکەوتین. دەریا ئارام و بێ با بوو ئەستێرە خەریک بوون یەکیەک وەدیار دەکەوتن.

کاتی لەبەندەرگە دەرچووین دەگەڵ باپیرە چوینە سەر پانتای گەمی و لەسەر پشت ڕوو بە ئەستێران راکشاین. یمەئ جارێ کاتێکی زۆرمان بە دەستەوەبوو، سبەی سەرلەبەیانی کە دەگەیشتینە کوێرە دێیەکی

فەرانسە، پێویست دەبوو لەوێ لە هەوڵدابین و خۆ بگەیەنینە شارێک، جێگایەک کە قەتاری لێدەستکەوێ تابمانبات بۆ پاریس ولەوەێش شوێن دۆزینەوەی پاسپۆرتێکی ساختە فینلاندی بکەین کە نێوەکە هەمان نێوی خۆمان بێت.
لێرەلەسەر پانتای گەمیی ولەم فکرانەداچاومان بڕیبۆ عاسمانی سەر ئاوی کانالّی ئینگلیزەوە...
باپیرە دەستی کرد بە باس و شی کردنەوە لە مەڕ عاسمانی قوتپی باکوور، دەیگوت عاسمان لەوێ بە تەواوی دەگەڵ عاسمانی شوێنە کانی دیکە جیاوازە، جارجار یەکجار ناحەز، جارجار بێ ئەندازە جوان. بە پێچەوانەی ئەستێرەکانی، عاسمانی ئێرە، ئەستێرەی باکوور نەخش لە هەوای سارد وەدەگرن، گەلێک جاران لە پەنای مژە بەفردا خۆ وەپەنا دەدەن کە پاشتر لە ناکاو دەدروشێنەوە...
باپیرە هەستاوەو لە جێی خۆی دانیشت و گوتی:
ـ تۆ بڵێی ئەمە من بم کابرایەکی خۆانەناس، کە لە پیرخانەیەکدا کاتی سەرەمەرگ، کە مردن خۆیم لێ نزیک دەکاتەوە، دەرفەت و رێگام بدا، باسی ئەم وردە کێشانەمی بۆ بکەم کەلەسەردەستم ناتەواو ماونەتەوەوزۆریشم پێخۆشە تەواویان بکەم ؟ یان ئەمە لێتیتیا دەبێ کە لە پێش مندا دا دەروا؟ گەلێک خۆش دەبوو کە بمزانیبا، بەڵان خۆدیارەکە لێتیتیا هێندەی من سەرقاڵ نیە.
دەنگی مۆتۆڕ کپ بوو. کاپیتان هاتە سەر پانتا و تکای لێکردین بچینە خوار بۆ ناو سالۆنی گەمی. چرای گەمیەکەی کوژاندەوە. ئێمە کەوتبووینە ئاوێکی مەترسیدارەوە.

بەڵان هیچ شتێکی تازە رووی نەدا. سەعاتێک دواتر هەوا کەم کەم رووناک دەبووە و بەزوویی لەنگەرمان داویشت. ویشکایمان لێ دیار کەوت. گەمیەکەمان بەئامازەدان لە ڕێگای بە چرایەوە، نزیک بوونەوەی خۆی ڕاگەیاند. نیوسەعاتێک دواتر، سەوڵە بەلەمێکی بێدەنگ گەیشتێ و پاڵی بە گەمیەکەی ئێمەوەدا، باپیرە پارەی گەمیەوانی دا و ئیدی سواری بەلەمی گۆرین بووین.
کابرای سەوڵچی کە فەرانسەویەکی بێدەنگە بوو ئێمەی لە ئاو دەرکرد. سەرلەبەیانی بووکەمن و باپیرە بەقەراغ ئاوی دەریاوە دەستمان کرد بە رۆیشتن تاگەیشتینە دیوارێکی شەپۆل شکێن، لەم دیوی شەپۆل شکێنەوە چاومان بە چوکە دێیەکی ماسیگران کەوت لە نیزیک بەحرێوە. ئێمەلە سەر شەپۆل شکێن سەرو جگارەمان داگیرساند و لەوێ دانیشتین.
وێدەچێ ئەمرۆ هەوای وڵاتی فەڕانسەویەکان زۆر خۆش و بە هەتاو بێ، باپیرە کوتی.

# 36

ئێمە بەقەتار بەرەو پاریس وەرێکەوتین و لە ناوندی شار لە هۆتێلێکی گران قیمەت ژوورمان گرت. من دڵم بەگیرفانی باپیرم دەسووتا هەرچەند پێویستیش نەبوو چونکە باپیرم دەیکوت:

ـ گران نیە. تۆ چونکە پارەی خۆت نیە گران دێتە بەرچاوت.

ئێمە لە پاریس دەوروبەری هەفتەیەک ماینەوە. وەگیرخستنی پاسپۆرتی ساختە وەختگر بوو. دەرکەوت کە حکومەتی فینلاند سیستیمی پاسپۆرتیی ئاڵوگۆڕ پێکرد بوو، بە چەشنێک کە ساختە کردنی فۆرمی تازەی پاسپۆرتەکان ببووبە کارێکی دژوارونە گونجاوببوو.

باپیرە چەند جێگایەکی رابۆاردنی تاقی کردبۆە، بەلان ئەو کەڵک و تامەی لێ نەهاتبوو کە لە باستۆ لە لەندەن پێیگەیشتبوو، پیرە مێرلە خۆی حالی بوو کە کەلکێکی زۆری پێوەنەماوە.

سەر ئەنجام، ساختەکاران توانیان پاسپۆرتی ئێمە تەرتیب بدەن و بەو پاسپۆرتانەوە توانیمان لە فرۆکەخانەی " ئۆرلی" یەوە بە فرۆکەی " فین ئێر"  لە رێگای ستۆکهۆلمەوە، بەرەو هێلسێنکی وەڕێکەوین.

لەسەر نانی نیوەڕۆجەم لە فرۆکەدا باپیرە کوتی:

ـ ئێستا دەبێ لێتیتیا کارت پۆستەکەی پێگەیشتبێ کەلە نیوپۆرت را بۆمان ناردوە.

لە خۆشی گەڕانەوەبۆ ماڵ، خۆمان بە کۆنیاک خنکاند، ئەویش لە کونیاکی وڵاتی کونیاک واتە فینلاند. ئێمە کەیفمان گەلێک خۆش ولەجێ بوو. پاش کورت راوەستانێک لە ستۆکهوڵم ئیدی بەرەو هیلسێنکی.

ئێمە پشوومان تەواو سوار ببوو کاتی گەیشتینە "واندا" لە وێ چووین دەتاکسییەکەوە بەرەو ماڵ هەرچی نزیکتر دەبووینەوە وشەکانمان زیاتر تێکەڵپێکەڵ دەردەوچوون بۆیە بێدەنگ ماین تا گەیشتینەوە شار. بێ یەک وشە قسە گەیشتینە " سکات ئودن" و تاکسی لەبەر دەروازە ی ماڵ راوەستا.

باپیرە دراوی  هەقە تاکسی دا، بەڵان وا دیار بوو پێی خۆش نەبوو تاکسیەکە بڕوا. هەرچۆنێک بوو لە تاکسی دابەزین، چوینە حەوشی ماڵەوە و، بە سرتە پێکترمان کوت خۆشی هەر لە ماڵە خۆت دا هەیەوبەس.

ـ تەنیا هەر ئەوە ماوە بچینە ژوورەوە، باپیرە بە کەیفێکەوە بۆڵاندی وەک بڵێی لاقی چوونە ژوورەوەمان رەق بوو بێ. ئێمە تەماشایەکی پەنجەرەی ژوورەکانمان کردن. لە نهۆمی سیهەم، پەردەی پەنجەرەکان، نە دەجووڵانەوە، ئاپارتمانەکە وە چۆل دەچوو.

ـ لەوانەیە کەس لە ماڵەوە نەبێ. واباشە کوتم، بچم لە چاوەدێری خانووبەرەکە بپرسم، هەرچەند هیچ پەلەپڕووزەیەکیشمان بۆچوونە ژوورە هەر نەبوو.

کابرای چاوەدێر دەگەڵم هات ولە وێ بۆی گێڕاینەوە کە دووهەفەیەک بەر لەئێستا، لێتیتیا بەخاوخێزانەوە، گواستوویەتەوە و چوونە دێ. کابرا، بەخێرهاتنی باپیرەی دەکرد و دەستی دەگەڵ لێکدەداوە کوتی:

ـ وە هەروەها خاوەن مالیش لە میژە بۆتیجارەت چۆتە دەرەوە.
ـ بەڵێ، من لە دەرەوە بووم و کەمێکم لە لاقانەوە وەرهێنا بوو.
کابرای چاوەدێر کوتی، جێگری بەرپرسی باڵاخانەکە شتێکی وایشی کوت کە ئەگەرکەسایێک لەئێوە هاتنەوەماڵ، دەکرێ لەنهۆمی سەرەوە لەلای پیاوە خزمەکەی خۆتان کەچەندرۆژێک دەبێ لێتان میوانە بمێننەوە تاخاوخێزانتان دەگەڕێنەوەماڵ. چەندرۆژیک، لەوییە، پیاوە خزمێک؟
ئێمە هیچ خزمێکی پیاومان نیە. بڵێی کەسێکی ساختەچی لە نەبوونی ئێمەدا بەم ناوە هاتبێ و جیی خۆی کردبێتەوە؟
ئێمە نەردیوانمان بە دیوارەوە نا، تەپ و تەق پێیدا وەسەرکەوتینە سەرێ.
ـ هەر کەسێک بێ ئەو کەسە، هەر لەجێوە دەبێ وەدەرکەوێ. خزمی چی و شتی چی؟ ئێمە بە ئانقەست بە دەنگ وتەپەتەپ وەسەردکەوتین تا کابرا بە هەلومەرجی خۆی بزانێ و چاوەروانی بەسەرهات بی. ئێمە تەماشای ژووری میوانان و متبەقمان کرد بەڵان کەسی لێ نەبوو بەڵان کەچووینە ژووری منەوەو، لەوێ لەسەر تەک نەفەرە کورسیلەکەی من، پیاوێکی میانساڵەی خۆش سەروسیما، پاڵی دابووە.
ئێمە لە یەکەم دیداردا ناسیمانەوە.
ـ ژولیوس، کوڕی خۆم! باپیرە دەنگی لێ بڵیند بوو.
من هاوارم کرد:
ـ بابە گیان!

ئێمە یەکترمان دەباوەش گرت. ئەمە یەکەم دیداری من بوو دەگەڵ باوکم ژولیوس. ئەم پیاوێکی باڵا بڵیند بوو بە سمێڵەوە و زۆریش وەمن دەچوو. ئەم بە سرنجەوە لە منی دەڕوانی و بزەی دەهاتێ. من هەستم کرد ئەمە پیاوێکە کە من بەهاسانی دەتوانم دەگەڵی بم.

باپیرم کە زۆریش وە کوڕەکەی خۆی دەچوو، دەستو پێی خۆی لێونببوو لە راستیدا، هەرسێکمان هەر وامان بەسەرهاتبوو کەباپیرم کوتی:

ـ بەڵێ شوکور کوڕە ساغ و سلامەت وەدیهاتۆتەوە و گەیشتۆتەوە، و گوتی، پاش چونت بۆ بەرەکانی شەڕ، بووی بە پیاوێکی کامیل. بابم پرسی ئێمە لە کوێ بووین؟ چونکەدەیزانی ئێمە لە پایزەوە لە ماڵەوەنەماوین. کارگێڕی بالاخانە، بۆی باسکرد بوو.

ـ هەروا، ئێمە کەمێک لە دەرەوەبووین. لێرولەوێ... ئەم ئاخریانە لە پاریس. بەلان، ژولیوس دەبێ بۆمان باس بکەی تۆ چی و چۆن بووی؟

ـ ئەمە بەپەلە ناکرێ، بابم جوابی داوە. و پرسی ئەدی ژن و ژاڵی ماڵ دایکم و خێزانم لە کوێن؟

ـ ئا، وەک دەکوترێ کچەکانیشت ئەگەر پیاو بڵێ... بەڵێ بەقسەی کارگێڕ چوونەتە دێ. و دەگەنەوە، ئەمە کێشە یەک نیە...

ئێمە چووینە ژووری کاری باپیرەوە. وێرنێری بوتڵە کونیاکێکی هێنا بەرەوە و جگەرەی پێدابن، لەبەر مێزی جگەرەی دانیشتین.

ـ ئێستا ژولیوس، بۆمان باس بکە ئەم هەموو ساڵە چت کردووە و لە کوێ بووی، باپیرە کوتی.

ـ ئێمە کۆنیاکەمان دەتاماند، بابم دەستی بەگێڕانەوە کرد.

ـ بەڵێ... وەک لەبیرتانە من لە شەڕی "والکئیاساری" یەوە کە دەبێە هاوینی ساڵی ١٩٤٤ ون بووم لەم ماوەیەدا کەم کەمە لە هەموو جێیەک بووم وچ کەم و کەسرێکیشم نەبۆە....

ISBN:978-91-639-7130-3